هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵەکان

40

سالّی/ 2007 – بەرگی چل

چاپی یەکەم/ سالّی 2007

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/17 ل5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/18 ل77

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/24 ل127

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/25 ل181

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/7 ل241

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/5/9 ل319

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/14 ل361

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/5/15 ل405

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/5/27 ل457

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/28 ل519

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/5/29 ل585

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)

دوو شەممە رێکەوتی 28\5\2007

خولی دووەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)

دوو شەممە رێکەوتی 2007/5/28

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2007/5/28 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (19)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای باجی داهات ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی باجی خانووبەرە ژمارە (162)ی ساڵی (1959)ی هەموارکراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای زەوی بەتاڵ ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموارکراو.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای دەستەی خۆپاراستن لەتیشك.

5-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای وەزارتی رۆشنبیری لەهەرێمی کوردستان.

6-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2007/5/28دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای باجی داهات ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی باجی خانووبەرە ژمارە (162)ی ساڵی (1959)ی هەموارکراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای زەوی بەتاڵ ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموارکراو.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەستەی خۆپاراستن لەتیشک.

5-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارتی رۆشنبیری لەهەرێمی کوردستان.

6-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی برای بەڕێز کاك فەلەکە دین کاکەیی وەزیری رۆشەنبیری, بڕای بەڕێز کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان, برای بەڕێز کاك مسعود کە لەگەڵ جەنابی وەزیر هاتووە بەخێرهاتنیان دەکەین بەگەرمی, زۆر بەخێر بێن. داوا لە لێپرسراوی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشەنبیری دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دانیشن, سەرەتا من تێبینیەکم هەیە, ئەگەر چی ئێمە هەمووجار ناوی غائیبەکان ناخوێنینەوە, بەڵام تۆمار دەکرێ, بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشاین, هەندێ ئەندام لەجیاتی ئەوان ئیمزایان کردووە, بەڵام داوا دەکەم کەوا ئاخیرجار بێت, کردەوەیەکی خراپە چ عوزری هەبێ, چ عوزری نەبێ, ناوەکان ناخوێنمەوە, بەڵام ئومێد دەکەم ئەوە ئاخیرجار بێت, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم خاڵی یەکەم یاسای باجی داهات ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو بەکوردی بخوێنێتەوە, فەرموو.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پشت بەو دەسەلاتەی بەپێی بڕگەی (3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997 پێمان دراوە بەپێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق, لەدانیشتنی رۆژی / / 2000 داینراوە بڕیارمان دا ئەم یاسایەی خوارەوە دەربکەین:

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2006

یاسای هەموارکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو ڕادەگیرێ.

1-کارکردن بەبڕگە (10/ج) لەماددەی (1)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 دا هاتووە, رادەگیرێ.

3-ئەم بڕگەی خوارەوە بۆ ماددە (1)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو زیاد دەکرێ ئەم بڕگە (10/ج) (ئەو هاوولاتیانەی لە رۆژهەکانی هەرێمی کوردستان کە لەدەرەوەی عێراق نیشتەجێن, مەبەستەکانی یاسای باجی دەرامەت دەیانگرێتەوە.

ماددەی دووەم:

1- کارکردن بەبڕگە (4)ی ماددە (2) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو رادەگیرێ.

2- کارکردن بەبڕگە (2) لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987 ی رادەگیرێ.

3-کارکردن بە بڕگە (20)ی ماددە (7)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو رادەگیرێ.

4-بڕیاری ژمارە (73)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.

5-ماددەی (2) لەبڕیاری ژمارە (86)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.
6-ماددەی (3) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.
7-ماددەی (4) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.
8-ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرنەوە
بڕگەی (4) لەماددەی (2)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113) ساڵی 1982 بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
1-باجێك بەرێژەیەكی بەرزبوونەوە لەبەهای خانووبەرەكە دەبڕدرێتەوە, یان مافی دەستكاری كردنی خەملێندرابێت, بەپێی حوكمەكانی یاسای خەملاندنی بەهای خانووبەرەو قازانجەكانی ژمارە (85)ی ساڵی 1978, یان نرخەكەی و هەر كامەیان بەسەر خاوەن مولك پتر دەوەستێ, یان خاوەنی مافی دەستكاری كردنی تیایدا لەكاتی گواستنەوەی مولكداریەكە, یان بەدەست هێنانی مافی دەستكاری كردن, یان گواستنەوە وەكو (فرۆشتن, گۆڕینەوە, سوڵح كردن, لێخۆش بوون, بەخشین, لابردنی كۆبەشی, پاكۆكردنی وەقف و بانەوانی) و, مامەڵە لەگەڵ كرێچی وەكو خاوەن مولك دەكرێ كاتێ خانووبەرەیەك بەكرێ دەگرێ, دەكەوێتە ژێر دەستی بەگرێبەستی بانەوانی (مساطحة) و بەم شێوەیە حیسابی بۆ دەكرێ:
1-20,000000 بیست ملیۆن دیناری یەكەم لەبەهای خانووبەرە یان نرخەكەی لەباج دەبووردرێت و ئەم بڕە پارەیە لەسەر هاوبەشەكانی بەپێی بەشەكانیان دابەش دەكرێ ئەگەر خانووبەرەكە كۆبەش بێت.
2-ئەوەی لەبڕی پارەی لێبووردراوەكەی لەدەقی بڕگە (1/أ)ی ئەم بەندە زیاتر بێت باج بەم ڕێژەی خوارەوە دەیگرێتەوە:
أ-3٪ تا دەكاتە 30,000000 سی ملیۆن دینار.
ب-4٪ ئەوەی زیاتر بێت لە 30,000000 سی ملیۆن دینار تا دەگاتە 60,000000 شەست ملیۆن دینار.
ت-5٪ئەوەی زیاتر بێت لە 60,000000 شەست ملیۆن دینار تا دەگاتە 90,000000 نەوەد ملیۆن دینار.
پ-6٪ ئەوەی زیاتر لە 90,000000 نەوەد ملیۆن دینار.
ب-ئەگەر گواستنەوەی ملكداری خانووبەرەكە لەسەر چەند پشكێك لەخانووبەرەكە بوو, باجەكە بەپێی حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەسەر هەموو خانووبەرەكە بەگشتی حیساب دەكرێ و بەگوێرەی پشكەكانی گوازراونەتەوە بۆ هەموو خانووبەرەكە بەگشتی وەردەگیرێ.
ج-نابێ مۆڵەتی ئەو مامەلانەی دەكەونە بەر حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەسەر ڕێكارەكانی پشكنین و گەڕان لەسەر پێچەكانی باجی بەر لەجێبەجێ كردن ئەم بڕیارە هەڵبپەسێردرێ.
د-حوكمەكانی ئەم بڕیارە پیادە دەكرێ بەر لەو لێخۆشبوونانەی كە لەدەقی بڕگە (1/أ) هاتووە, دەرهەق بەو مامەلانەی گواستنەوەی مولكداری خانووبەرە یان مافی دەستكاری كردنی, پێش ئەم بڕیارە تەواو بووە و باجەكانیان نەدراوە.

هـ-حوکمەکانی ئەم بڕیارە پیادە ناکرێت لەسەر لێخۆشبوونەکانی باج کە بەپێی هەردوو بڕگە (23, 25)ی ماددەی حەوتەم لەیاسای باجی دەرامەت یان بڕیاری تایبەت.

ماددەی سێیەم:

1-ماددەی (1) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

2- ماددەی (1) لەبڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە:

تاکی نیشتەجێ ئەم لێبووردنانەی خوارەوە لەخەملاندنی هەر ساڵێکدا دەیگرێتەوە لەسەر بنچینەی حاڵەتی لەساڵی ئەشێرەیی دەرامەتدا.

أ-(2500000) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ باجدەر خۆی (ئەگەر ژن بێت شووی نەکردبێت), (بێوەژن و تەلاقدراو نەبێت یان داهاتەکەی لەگەڵ داهاتی هاوسەرەکەی تێکەلاو نەکرابێ).

ب- (2000000) دوو ملیۆن دینار عێراقی بۆ ژنەکەی یان ژنەکانی ئەگەر ژنی ماڵێ بێت و داهاتی نەبێت یان ئەگەر داهاتەکەی لەگەڵ داهاتی هاوسەرەکەی تێکەلاو کرابێ یان لێکدرابێ.

ج-(200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ هەریەك لە منداڵەکانیان بە چاوپۆشین لەژمارەیان.

د-(3200000) سێ ملیۆن و دووسەد هەزار دیناری عێراقی بۆ بێوەژن یان تەلاقدراو خۆی و (200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر منداڵێك بەشێوەیەکی یاسایی لەژێر چاودێری ئەو دابن و بە چاوپۆشین لە ژمارەیان.

هـ-باجدەر لێبووردنێکی زیادەی پێئەدرێ بە بڕی (300000) سێ سەد هەزار دینار عێراقی, ئەگەر لە تەمەنی شەست و سێ ساڵی تێپەڕ بووبێت, جگە لەو لێبووردنانەی دیکە کە بڕیاری لەسەر دراوە لە بەشەکانی دیکەی ئەم ماددەیەدا.

و-باجدەر لێبووردنی دەربارەی ئەو منداڵانەی کە هەژدە ساڵیان تەواو کردووە, داهاتێکی سەربەخۆیان هەیە لە (200000) دووسەد هەزار دیناری عێراقی سالانە زیاترە, هەتا ئەگەر لەسەر خوێندن بەردەوامیش بن, پێ نادرێ.

ماددەی چوارەم:

1- کارکردن بەبڕگە (2) لەماددەی (13)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو, ڕادەگیرێ.

2-ماددەی (2) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

3-ماددەی (3) لەبڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

4-بڕگە (6, 7) لەبڕیاری ژمارە (294)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

ئەوەی خوارەوە شوێنی بڕگەی (2) لەماددەی (13) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113) ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو دەگرێتەوە:

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلەکان

43

سالّی/ 2007 – بەرگی چل و سێ

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/11 ل5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/12 ل75

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/9/17 ل129

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/18 ل189

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/19 ل225

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/25 ل293

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/9/26 ل343

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/2 ل371

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/3 ل429

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/9 ل483

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/17 ل531

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/10/18 ل579

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)

پێنج شەممە رێکەوتی 18\10\2007

خولی دووەمی هەڵبژاردن

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)

پێنج شەممە رێکەوتی 2007/10/18

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2007/10/18 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2007/10/18دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز سەرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئابووری، بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاك جەلال کۆێخا عوبید راوێژکاری باج لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین, بەخێر بێن سەرچاو، دوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم پرۆژەکە کە هاتووە لە حکومەتەوە خاڵ بە خاڵ بخوێننەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی، دوایێ رەئی لیژنەی یاسایی و دارایی بخوێندرێتەوە، ئینجا باسی لەسەر دەکەین، فەرموو.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێستا دەقی پرۆژەکە کاك دلێر بە زمانی کوردی دەیخوێنێتەوە، پاشان کاك محەمەد صالح بە عەرەبی دەیخوێنێتەوە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2006

یاسای هەموار کردنی باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو

ماددەی یەکەم:

1- کارکردن بە بڕگە (10/ج) لە ماددەی (1)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێ.

2- دەستەواژەی (لە غەیری ولاتە عەرەبیەکان) لە بڕگە (10/د) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982دا هاتووە، هەڵدەگیرێ.

3- ئەم بڕگەی خوارەوە بۆ ماددە (1)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو زیاد دەکرێ، ئەم بڕگەیە (10/ج)ی دەبێ:

بڕگە (10/ج) (ئەو هاووڵاتیانەی لە رۆڵەکانی هەرێمی کوردستان کە لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن، مەبەستەکانی پیادە کردنی یاسای باجی دەرامەت دەیانگرێتەوە.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

قانون رقم ( ) لسنة 2006

قانون تعدیل قانون ضریبة الدخل رقم (113) لسنة 1982 المعدل

المادة الاولی:

1- یوقف العمل بالفقرة (10/ج) من المادة (1) من قانون ضریبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

2- تحذف عبارة (من غیر الاقطار العربیة) من الفقرة (10/د) من قانون ضریبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

3- تضاف الفقرة الاتية الى المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتكون الفقرة (10/ج) لها:

الفقرة (10/ج) (اعتبار المواطنين من ابناء اقليم كوردستان الساكنين خارج العراق كمقيمين لاغراض تطبيق قانون ضريبة الدخل).

بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ لێژنەی یاسایی لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری كۆبوونەوەو دوای ئەوەی گفتوگۆیەكی زۆرمان لەسەری كرد، یەك دوو پێشنیارمان هەیە:

1- سەرەتا لێژنەكەمان پشتگیری لە پرۆژەكە دەكاو پێشنیازیش دەكات دیباجەیەكی بۆ دابڕێژرێت و زنجیرەی ژمارەكانیش بە نووسراوەیی بێ، هەر وەك چۆن پێشتر یاساو بڕیارەكانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان لەسەری ڕۆیشتوون.

2- لێژنەكەمان پێشنیاز دەكا بە ناوزەد كردنی یاساكە بە(یاسای هەموارکردنی پیادەكاری یاسای باجی داهات ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق)دا، چونكە بەنیسبەت ئێمە دەستووری عێراق ماوەی بە ئێمە داوە، كە لەو دەسەلاتانەی كەوا حەسری نینە، ئێمە تەتبیقی تەعدیلی بكەین و بەپێی دەسەلاتی خۆمان.

3- (فيما يتعلق بالمادة الاولى من المشروع تؤيدها اللجنة وتقترح إضافة جملة (في اقليم كوردستان – العراق) الى نهاية الفقرات الثلاث منها) يەعنى ماددەی یەكەم لە فەقەرەی (1- يوقف العمل بالفقرة (10/ج) من المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان) هەروەها فەقەرەی دووەمیش هەمان شت (تحذف عبارة (من غير الاقطار العربية) من الفقرة (10/د) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان)، (3- تضاف الفقرة الاتية الى المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتكون الفقرة (10/ج) لها في اقليم كوردستان، لأن القانون الاتحادي يعتبر رعاية الاقطار العربيه كالعراقيين في التعامل الضريبي وبما انهم ليسوا بعراقيين لذلك يستوجب معاملتهم معاملة غير المقيم في كوردستان كما وان المواطنين العراقيين الساكنين خارج العراق بدون موافقة جهة رسمية أو عذر مشروع كانوا يعتبرون غير مقيمين ولا يتمتعون بالسماحات القانونية ويخضعون لنسب الضريبة كغير المقيم وبموجب المادة الاولى من المشروع يعتبر المواطنون من ابناء اقليم كوردستان الساكنون خارج العراق كمقيمين لغرض تتمعتهم بالسماحات القانونية).

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:

كاك دكتۆر دلێر فەرموو.

بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقى شاويس:

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.

لیژنەی دارایی و ئابووری لە (6)ی حوزیرانی 2007دا کۆبوونەوەی خۆی ساز دا، سەبارەت بە باجی داهات، ئێمە بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین و بە شتێکی چاکی دەزانین و پشتگیری لەو تێبینیانەو سەرنجانە دەکەین کە لیژنەی یاسایی هەیەتی و زۆر زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەنیسبەت ماددەی یەکەوە مامۆستا کاکە، یەعنی ئەو ئیزافەیە (من اقليم كوردستان) تەحصیل حاصلە خۆ مەعروفە لە ئیقلیمی کوردستان لێرە دەردەکەوێت حدودیش ئەوەیە، ئەگەر لە یەکەمیش موبەریر هەبێت لە دووەم و سێیەم ئەوەی دەکات، ماناکەی تێك دەداتن، لە یەکەم ئەگەر دەڵێی (1- يوقف العمل بالفقرة (10/ج) من المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان) ئەگەر لەوەشدا بنووسرێت قەیدی ناکات، بەڵام (تحذف عبارة (من غير الاقطار العربية)) دوور دەکەوێتەوە کە بنووسرێت (فی اقلیم کوردستان) لەوێ زیادە، چونکە دوور دەکەوێتەوە لە مەوزوعەکە، لەبەر ئەوە لە یەکەمەکە تەبیعییە، هەرچەندە ئەگەر نەنووسرێت قانونەکە هەر تۆ ئیقلیم شوێنی تر ناگرێتەوە.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لێرە مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو عیبارەتە حەزف دەکەین، مەبەست لە ئیقلیمی کوردستانە، نەك شوێنەکانی تر، بە ئیعتیبار ئێمە سەلاحیاتمان بەس لە ئیقلیمی کوردستانە، بۆیە ئەوەمان دانا، رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من پێم وایە بەس لە ماددەی یەکەم فەقەرەی یەك جێی دەبێتەوە، بەس لە ئەوانی تردا مەفهومەکە دوور دەکەوێتەوە، وەکو بڵێی زەریبەی دەخلەکەیە سالّی 1982ی هەموار کرا لە ئیقلیمی کوردستان، دوور دەکەوێت لە مەفهومەکە، لە یەکەم تەبیعیە بێتن، ئەگەر نەهێتن هەر مەفهومە، چونکە تۆ قانونەکەت پەرلەمانی کوردستان هەر حدودی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەگەر هەر لە یەکەمەکە بنووسرێتن پێم وایە کافیە، ماددەی یەکەم وەکو لیژنەی یاسایی باسی کرد و لیژنەی دارایش پشتگیری لە موقتەرەحەکە کرد، تەسەلسولەکە دەگۆڕێت وەکو هەموو قەوانینەکانی تر، ئەگەر پێتان باشە ئەو ئیقلیمی کوردستانە تەنیا لە یەك بمێنێت، لە دوو و سێ نەبێت، ئەگەرنا موناقەشەی بکەین، مامۆستا کاکە چی دەڵی لەسەر ئەوە.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یەعنی ئەگەر هەتا نەبێت، مادام لە یەکەم گوتومانە دەکات بۆ هەمووانە، مانیعمان نییە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە تەنیا لە ئەوەلەن ئیزافە دەکرێت (فی اقلیم کوردستان)، ئەگەر کەسێك رەئیەکی تر نییە، فەرموو کاك عبدالرحمن.

بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەگەر بکرێت لەسەر ئەو بڕگەو ماددانە هەڵدەوەشێنەوە، لێژنەی یاسایی تەوزیحاتێکیان لەبەر دەستدا هەبێت, شتێکی باشەو تەوزیحاتیشە بۆ ماددەکانی تر بۆ موناقەشە، ئەوە ئاسانکارییەکە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەو تەعدیلەی ئێوە تێ نەگەیشتم، چونکە تێبینی من لەسەر فەقەرە (10/ج) (اعتبار المواطنین من ابناء اقلیم کوردستان)، ئەگەر ماوە تاکو تێبینیەکەی خۆم بڵێم، جارێ ئەوەلەن صیغەکەی تەواو نییە، یەعنی لە ناحیەی لوغەوی (اعتبار المواطنین من ابناء اقلیم کوردستان الساکنین خارج العراق کمقیمین)، یەعنی کابرا کە موقیم نییە بەهیچ نەوعێك نابێت ئیعتیبار بکرێك کەموقیمین، دەبێت صیاغەکەی بگۆڕدرێت، من دوو صیغە پێشنیار دەکەم، یەکەم/ (شمول المواطنین من ابناء اقلیم کوردستان الساکنین خارج العراق باحکام هذا القانون)، یاخود (ینفذ احکام هذا القانون علی المواطنین من ابناء اقلیم کوردستان الساکنین خارج العراق ایضاً)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو سۆزان خان.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش هەمان تێبینیەکە کاك سەردارم هەبوو، چونکە لێرەدا لە راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی زۆر بە ئاشکرا هاتووە (الساکنین خارج العراق کمقیمین لغرض تمتعهم بالسماحات القانونیة) بەڵام لێرە کە دەڵێت (المقیمین لاغراض تطبیق قانون ضریبة الدخل)، هەموو کەسێك کە لە دەرەوەی ولاّت دەژی، لەو ولاّتەی دەژی لەسەر بتڵێك ئاوەوە زەریبە دەدات، هەتا گەورەترین شت، لێرەدا تۆ جارێکی تر، یان مەفروزە تۆ لێرە کەلیمەی (السماحات) ئیزافە بکەیت، یاخود بەو شێوەیە بێت کە کاك سەردار باسی کرد، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڵێ مامۆستا کاکە فەرموو.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لێرە باسی موقیم دەکەین، تەعریفی موقیم کراوە، موقیم بەنیسبەت ئێمە ئیمتیازاتی هەیە، ئیمتیازاتەکەش ئەوەیە ئیعفائاتی هەیە، بەڵام ئەگەر بێتو غەیری موقیم بێت، ئیعفائاتی نییە، لێرە لە حکومەتی مەرکەزی پێشان وایان دانابوو ئەوانەی جەماعەتی ئەقتاری عەرەبی هەموو ئیعتیبار دەکرێن بە موقیم، لەبەر ئەوەی کەوا ئەو ئیعفائاتانەی بدەنێ، بەڵام ئەوانەی کوردو عەرەب و هەر کەسێکی دیکە، کە

چووبێتە دەرەوە بەبێ ئیجازە، بەبێ پاسپۆرت و بەبێ فیزە ئیعتیباریان دەکرێت بەبێ موقیم، بۆ ئەوەی کەوا نەتوانن، ئێمە بۆ لێرە ئەو ماددەیەمان داناوە، ئەوانەی کە کوردن و لە دەرەوەنە ئیعتیباریان دەکەین بە موقیم لە کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو ئیعفائاتانە وەربگرن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

مەقصەدت ئەوەیە هەموو هاوولاتیانی کوردستان کە لە دەرەوەن بە تورکمان و ئاشوورییەوە، ئەو موقتەرەحەی کاك سەردار عەینی شت دەکاتن، مەفهومەکەی عەینی شتە، بەڵام لەبەر ئەوەی قانونەکە دەڵێت موعامەلەی موقیمین ئەو زەریبەیە شمولیان دەکات، ئەو کەلیمەیە بێتن، بۆ ئەوەی هیچ تەفسیلێکی تێدا نەبێتن، بەنیسبەت مولاحەزەکەی کاك عەبدولڕەحمان کەمێك شەرحی کرد، بەڵام من بە موناسەبەی دەزانم، کە باس بکەم ئەندام پەرلەمان ئەوەی کە مەبەستیەتی موناقەشە بکاتن، تەبیعی دەبێت بچێتە سەر ئەسڵی مەشروعەکە, قانونی زەریبەی دەخل ئەو فەقەرەیە ببینێتەوە، کە باسی دەکاتن ئیشارەتی پێ دراوە، ئەو موقتەرەحەی پڕۆژە تازەیەی کە داوای تەعدیل دەکاتن، ئەگەر ئەو داوای شەرحە، یەعنی ئێستاکە بۆ خەڵك خراپ نییە، بەڵام بۆ ئەندام پەرلەمان مەفروزە خۆی خوێندبیتەوەو رەئی خۆی حازر کرد بێت لەسەر رەئی هەردووکیان، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا کاکە تۆزێك ئاماژەی پێ کرد، شەرحی کردو ئەسبابەکەشی، کەواتە ماددەی یەك بەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی تەعدیلاتەکانی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی یەك وەرگیرا، ماددەی دوو تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی دووەم:

1- کارکردن بە بڕگە (4)ی ماددە (2) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێ.

2- کارکردن بە بڕگە (2)لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987ی رادەگیرێ.

3- کارکردن بە بڕگە (20)ی ماددە (7)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێ.

4- بڕیاری ژمارە (73)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.

5- ماددەی (2) لە بڕیاری ژمارە (86)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.

6- ماددەی (3)ی لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

7- ماددەی (4)ی لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

8- ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە

بڕگەی (4) لە ماددە (2)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

أ- باجێك بە رێژەیەکی بەرزبوونەوە لە بەهای خانووبەرەکە دەبڕدرێتەوە، یان مافی دەستکاری کردنی خەملێندرا بێت، بەپێی حوکمەکانی یاسای خەملاندنی بەهای خانووبەرەو قازانجەکانی ژمارە (85)ی ساڵی 1978 ، یان نرخەکەی و هەر کامەیان بەسەر خاوەن مولك پتر دەوەستێ، یان خاوەنی مافی دەستکاری کردنی تیایدا لە کاتی گواستنەوەی مولکداریەکە، یان مافی دەستکاریەکە بەهەر هۆیەك لە هۆیەکانی

گواستنەوەی مولکداریەکە، یان بەدەست هێنانی مافی دەستکاری کردن، یان گواستنەوە (وەکو فرۆشتن و گۆڕینەوەو سوڵح کردن و لێخۆش بوون و بەخشین و لابردنی کۆبەشی و پاکۆکردنی وەقف و بانەوانی)و مامەڵە لەگەڵ کرێچی وەکو خاوەن مولک دەکرێ، کاتێ خانووبەرەیەك بەکرێ دەگرێ، دەکەوێتە ژێر دەستی بەگرێبەستی بانەوانی (مساطحة)و بەم شێوەیە حیسابی بۆ دەکرێ:

1- (20000000) بیست ملیۆن دیناری یەکەم لە بەهای خانووبەرە، یان نرخەکەی لە باج دەبووردرێت و ئەم بڕە پارەیە لەسەر هاوبەشەکانی بەپێی بەشەکانیان دابەش دەکرێ، ئەگەر خانووبەرەکە کۆبەش بێت.

2- ئەوەی لە بڕە پارەی لێبووردراوەکەی لە دەقی بڕگە (1/أ)ی ئەم بەندە زیاتر بێت، باج بەم ڕێژانەی خوارەوە دەیگرێتەوە.

أ- 3٪ تا دەکاتە 30000000 سی ملیۆن دینار.

ب- 4٪ ئەوەی زیاتر بێت لە 30000000 سی ملیۆن دینار تا دەگاتە 60000000 شەست ملیۆن دینار.

ت- 5٪ ئەوەی زیاتر بێت لە 60000000 شەست ملیۆن دینار تا دەگاتە 90000000 نۆوەد ملیۆن دینار.

پ- 6٪ ئەوەی زیاتر بێت لە 90000000 نۆوەد ملیۆن دینار.

ب- ئەگەر گواستنەوەی ملکداری خانووبەرەکە لەسەر چەند پشکێك لە خانووبەرەکە بوو، باجەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم بڕیارە لەسەر خانووبەرەکە بەگشتی حیساب دەکرێ و بەگوێرەی پشکەکانی گوازراونەتەوە بۆ هەموو خانووبەرەکە بەگشتی وەردەگیرێ.

ج- نابێ مۆڵەتی ئەو مامەلانەی دەکەونە بەر حوکمەکانی ئەم بڕیارە لەسەر ڕێکارەکانی پشکنین و گەڕان لەسەر پێچەکانی باجی بەر لە جێ بەجێ کردن ئەم بڕیارە هەڵبپەسێنرێ.

د- حوکمەکانی ئەم بڕیارە پیادە دەکرێ بەر لەو لێخۆشبوونانەی کە لە دەقی بڕگە (1/أ) هاتووە دەرهەق بەو مامەلانەی گواستنەوەی مولکداری خانووبەرە، یان مافی دەستکاری کردنی، کە پێش ئەم بڕیارە تەواو بووەو باجەکانیان نەدراوە.

هـ- حوکمەکانی ئەم بڕیارە پیادە ناکرێت لەسەر لێخۆشبوونەکانی باج کە بەپێی هەردوو بڕگە (23، 25)ی ماددەی حەوتەم لە یاسای باجی دەرامەت، یان یاسا، یان بڕیاری تایبەت.

بەڕێز محمد صالح اسماعيل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الثانية:

1- يوقف العمل بالفقرة (4) من المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

2- يوقف العمل بالفقرة (2) من قرار رقم (520) لسنة 1987.

3- يوقف العمل بالفقرة (20) من المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

4- يلغى قرار رقم (73) لسنة 2000.

5- يلغى المادة (2) من قرار رقم (86) لسنة 2000.

6- يلغى المادة (3) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

7- يلغى المادة (4) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

8- يحل محلها مايأتي:

الفقرة (4) من المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 تقرأ كالاتي:

أ- تفرض ضريبة مقطوعة بنسب تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه المرقم 85 لسنة 1978 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقل الملكية او حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله (كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل والهبة وازالة الشيوع وتصفية الوقف او المساطحة) ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجاره العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة، وتحستب وفق مايلي:

1- يعفى من الضريبة اول (20000000) عشرين مليون دينار من قيمة العقار المقدرة او بدله، ويوزع هذا المبلغ على الشركاء وفق حصصهم اذا كان العقار مملوكا، على وجه الشيوع.

2- يخضع الى الضريبة مازاد على مبلغ الاعفاء المنصوص عليه في الفقرة (1/أ) من هذا البند وفق النسب التالية:

أ- 3٪ لغاية 30000000 ثلاثين مليون دينار.

ب- 4٪ مازاد على 30000000 ثلاثين مليون دينار لغاية 60000000 ستين مليون دينار.

ت- 5٪ مازاد على 60000000 ستين مليون دينار لغاية 90000000 تسعين مليون دينار.

ث- 6٪ مازاد على 90000000 تسعين مليون دينار.

ب- اذا كان نقل ملكية العقار منصبا على سهام من العقار فتحسب الضريبة وفق احكام هذا القرار على عموم العقار وتستوفي بنسبة السهام المنقولة الى عموم العقار.

ج- لايجوز تعليق اجازة المعاملات المشمولة بأحكام هذا القرار على اجراءات التحري عن مخالفات الضريبة المرتكبة قبل نفاذه.

د- تسري احكام هذا القرار باستثناء الاعفاء المنصوص عليه بموجب الفقرة (1/أ) على معاملات نقل ملكية العقار او حق التصرف فيه التي تمت قبل هذا القرار ولم تسدد الضريبة عنها او عن فروق التقدير المترتبة عليها.

هـ- لاتسري احكام هذا القرار على اعفاءات الضريبة المقررة بموجب الفقرتين (23، 25) من المادة السابعة من قانون ضريبة الدخل او قانون او قرار خاص.

بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی تەئیدی ماددەکە بە تەواوەتی دەکەین تەنها دوو ئیقتیراحمان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە (لە هەرێمی کوردستان – عێراق) بەدوای کۆتایەکەی (بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە) لە بڕگەی (8)ی زێدە بکرێت. دوای ڕێکەوتنی لیژنەکەمان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی ڕێپێدراوەکانی باج کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە, چونکە ئامانج لێی سووکردنی باری باج سەندنەکەیە, ئەمیش بە پێدانی مافی لێبوردن بە باجدەر لەو قازانجانەی بەدەستی دێنێ لە ئاکامی ئەو مامەلانەی کە لەسەر خانووبەرەی نیشتەجێبوو و بازرگانی و کشتوکاڵیەکان ئەنجام دەدرێن، لەکاتێکدا ڕێپێدراوەکانی باج تەنها خانووبەرەکانی نیشتەجێبوون دەگرنەوە, ڕێژەی ڕێپێدراوەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بەرزدەکرێنەوە:

أولاً/

1- 50000000 خمسون مليون ديناراً بدلاً من 20 عشرين مليون ديناراً.

2-:

أ / 3٪ لغاية 50000000 خمسين مليون دينار.
ب/ 4٪ مازاد على 50000000 خمسين مليون دينار لغاية100000000 مائة مليون دينار.
ت/ 5٪ مازاد على 100000000 مائة مليون دينار لغاية150000000 مائة وخمسون مليون دينار
ث/ 6٪ مازاد على 150000000 مائة وخمسون مليون دينار.
ثانياً/ جعل كلمة (القرار) في ب، ج، د، هـ منها بـ(القانون).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك دکتۆر دلێر فەرموو.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لیژنەی دارایی و ئابووری پشتگیری لە ماددە دووی پرۆژەکە دەکات و, هەموو سەرنج و تێبینیەکانی لیژنەی یاسایشی پێ چاکە، پشتگیری لێ دەکەم, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر شەرحێکت هەیە بۆ ئەو پرۆژەیە، بۆ ئەوەی پێداویستی هینەکە.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە رێککەوتووین پێشتر لەسەر زیاد کردنەوە، بۆ ئەوەیە رەئی لیژنەی یاسایی یەعنی ئیعتیبار بە رەئی ئێمەش دەکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ئارام فەرموو.

بەڕێز ئارام رسول مامند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەرەتا من بە تەواوەتی پشتگیری پرۆژەکە دەکەم بۆ ئەو گۆڕانکاریەی کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی، بۆ زیاد کردنی ئەو بڕە پارانەی کە بانك شمولی دەکات، بەڕاستیش هیوادارم کە ئەم کەم کردنەوەیەی قورسایی لەسەر هاوولاتیانی خەڵکی کوردستان خۆی لە خۆیدا ببێتە تەشجیع کردنێك، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەست بە مەسئوولیەت بکەن و ئیلتیزاماتی خۆیان لە بەخشینی باج بەشێوەیەکی باشتر ئەنجام بدەن و, لە هەمان کاتیشدا هیوادارم وەزارەتی دارایی بتوانێت میکانیزمی پێویست بۆ وەرگرتنی ئەو باجە کاراتر بکەن، من تەنها یەك مولاحەزەم لەسەر بڕگەی چوار لە ماددەی دووەم هەیە، دوێنێش هەر لە قسەکانمدا ئیشارەتم پێیدا، ئەویش حوکمەکانی یاسای خەملاندنی بەهای خانووبەرەیە، ئەوەی واقیعە بەهای خانووبەرەی زەوی و زار لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، هەندێك جاریش کار بە خەملاندنێك دەکرێت، کە چەند ساڵێکە چارەسەر کراوە، بۆیە من داوا دەکەم لەو میکانیزمەی وەزارەتی دارایی بۆ ئەو باجەی کە وەریدەگرێت، داوا دەکەم کە خەملاندنەکە بۆ هەر کڕین و فرۆشتن و گۆڕانێك

جارێکی تر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی عەدالەتێکی تیا بێت بەنیسبەت ئەسعاری خانووبەرەو ئەو گۆڕانانەش کە لە بازارەوە دەکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك جەعفەر فەرموو.

بەڕێز جعفر مصطفی معروف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی دوو بڕگەی هەشت خاڵی پێنجەم دەڵێت (مامەڵە لەگەڵ کرێچی وەکو خاوەن موڵك دەکرێت ئەوەی کە بە موساتەحە وەردەگرێت)، من لێرە دوو تێبینیم هەیە، لێرە مەبەستەکە دیاری بکرێت، ئایا موساتەحەکە مەبەستی خانووبەرەی حکومەتە، یان خانووبەرەی مەدەنییە، یاخود هەردووکیانە، ئەمە یەك.

دووەم/ ماوەکە دیاری بکرێت بۆ ئەرزێك، یان خانووبەرەیەك، کە موساتەحە وەردەگرێت بۆ ساڵێکە، یان دوو ساڵە، یان زیاترە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەر تەوزیحێکم هەیە، ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن، رەنگە وشەی ئیقاف هاتووەو وشەی ئیلغاش هاتووە لە ماددە دوو، بەنیسبەت ئیقافەکە تەبعەن ئەو یاسایە کە کاتی خۆی لە بەغدا دەرچووە ئیقافمان ئیستیعمال کردووە، بەنیسبەت ئیلغایەکەش ئەو بڕیارانەیە کە لە هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی دەرچووە، ئەگەر مەجالم بدەنێ موختەسەرێك دەدەم لەسەر ئەو بڕیارانە، بەنیسبەت فەقەرە چوار کە لە فەقەرە یەکی ماددە دووەوە هاتووە، فەقەرە چوار ماددە دوو لە قانونی زەریبەی دەخل ژمارە (113)ی ساڵی 1982، کە تایبەتە بەو قازانجەی کە لە نەقلی مولکیەوە دێتن، بەنیسبەت موڵك سرف، یان بەنیسبەت حەقی تەسەروف بە هەر رێگایەك بێت نەقل بوونی مولکیەتە، بە رێگای کڕین و فرۆشتن بێت، یان بە رێگای تەنازول بێت، یان بە رێگای هیبە بێت، یان بە رێگای تەصفیەو وەقف بێت، بە هەر رێگایەك بێت، ئەم قازانجەی کە هاتووە، ئەمانە دەگرێتەوە بەڕاستی، یەعنی مەسەلەن نەقلی موڵکیە، ئەوەی کە لە فەقەرە یەك ئیشارەتی پێ درا بوو.

بەنیسبەت فەقەرە دوو، بە قەراری (520) لە ساڵی 1987، ئەوە تایبەتە بە عەفو کردنی خانوویەکی نیشتەجێ، شوقەیەکی نیشتەجێ، ئەگەر بە رێگای هیبەوە هاتبێت بۆ ئەو هاوولاتیە، بەنیسبەت فەقەرە بیست ماددەی حەوت لە قانونی زەریبەی تایبەت بە ئیعفا کردنی یەك خانوو، یان یەك شوقەی نیشتەجێ لە زەریبەی دەخل، کە بەشێوازێکی تر لەم پرۆژەیە موعامەلەی لەگەڵ کراوە، بەنیسبەت بڕیاری (73) ئەمە بڕیارێکە لە ئیدارەی سلێمانی پێشوو دەرچووە، تایبەتە بە دەستکاری کردنی رێژەکانی داهات لە رێگای نەقلی مولکیە، کە لە ئیدارەی هەولێرەوە بەشێوەیەکی تر تەعامولی لەگەڵ کراوە، ئێستا لەو پرۆژەیە بەشێوەیەکی تایبەت موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت، بەنیسبەت ماددە سێ لە قانونی زەریبەی دەخل

ژمارە (5) ساڵی 1999 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەم بڕگەیە تایبەتە بە چۆنیەتی تەقدیر کردنی ئەم خانووبەرەیە، کە لە ڕێگای ئیستیملاکەوە بۆ هاوواڵتیان هاتووە، بەنیسبەت ماددەی چوار لە قانونی زەریبەی دەخل دیسان ژمارە (5) ساڵی 1999 تایبەتە بەچۆنیەتی ئیعفا کردن لە خانووی سەکەن، یان شوقەیەکی سەکەنی، چونکە یەك خانوو مەعفیە لە زەریبەی دەخل، ئەگەر هاتوو موکەلەف خۆی و خێزانەکەی خانووی تری نەبوو، حەزم کرد بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان وازیح بێت لە لایان، ئەو بڕیارانەی ئیلغا کراوە، یان ئیقاف کراوە چیەو، چ نییە، زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم، یاخود لە بەڕێز وەزیر کە ئەم خاڵەم بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڕاستی من هیچ تێ ناگەم، فەقەرە دوو خاڵی (ج) نابێت مۆڵەتی ئەو مامەلانەی کە دەکەونە بەر حکومەکانی ئەم بڕیارە لەسەر ڕێکارەکانی پشکنین و گەڕان لەسەر پێچەکانی باج، باجی بەر لە جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە هەڵبپەساردرێ، هیچی لێ تێ ناگەم، جا لەبەر ئەوە داوا لە هەردوو لا دەکەم ڕوون کردنەوەیەکم پێشکەش بکەن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لە لایەکەوە دەڵێین ئەم ڕێکخستنی یاسای باجە بۆ ئەوەیە، کە ئێمە داهاتێکمان هەبێت، لە لایەکی تریشەوە ئیعفا دەکەین، ئیعفایەکەش لە بەرژەوەندی خەڵکدایە، زۆر باشە، بەاڵم شێوازی ئیعفا کردن، بەڕاستی زۆر عەشوائییە، یەعنی تۆ ئەگەر بێنی حیسابی بکەیت لە حەسەبی ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە، نەك موقتەرەحی لیژنەی یاسایی ، ئەوە کە هاتووە، ئەوەی لە قیمەتی خانووەکەی سی ملیۆنە زۆرتر زەریبە دەدات لەوە خانووەکەی قیمەتەکەی نۆ سەد ملیۆنە، وەرە حیسابی بکە، لەوێ لە 6٪ دەدات، بزانە بۆ هەموو ملیۆنێك، یاخود بۆ هەموو سەدێك چەند دەدات، ئەوەی کە سی ملیۆنە بزانێ بۆ هەموو سەدێك چەندی دەدات، ئەوەی کە سی ملیۆنە لە 1٪ی بەردەکەوێت، ئەوەی کە نۆ سەد ملیۆنە هەر هیچی بەر ناکەوێت، لە 3٪ بۆ سی ملیۆن، یەعنی لە 1٪ دەدات بۆ هەموو سەدێك یەکێك دەدات، بەاڵم ئەگەر هاتوو لە 6٪ بێت بۆ نۆەد ملیۆن بزانە هەمان ڕێژە دەدات، یەعنی نیسبەتەکان بەشێوەیەکی عیشوائی دانراوە، ئەوەی کە قیمەتی خانووەکەی سی ملیۆنە زیاتر زەریبەی بەر دەکەوێت، من موسیرم لەسەر قسەکەم سەحبی ناکەمەوە، با یەکێکی ئیقتیسادی حیسابی بکات بزانێت وا نییە، بەڵێ تەصاعودیە، بەاڵم مونصیفانە نییە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەوەی پێشەوە لە سی ملیۆنەکە لە 1٪ بێت، ئینجا وردە وردە زیاد بکات، ئەوە زۆر زۆر قازانجترە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تۆ باشت نەخوێندۆتەوە، بزانە فەقەرەی هین دەڵێ عەفو دەکرێت لە زەریبە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی ئەوەی لە پەنجا ملیۆن بێت، پەنجا ملیۆنەکە عەفوە، هیچی لێ وەرناگیرێت، لە پەنجا ملیۆن زیاتر بوو لە 3٪ زەریبەی لێ وەردەگیرێت، کە گەیشتە سەد ملیۆن، سەد ملیۆنەکە فەما فوق، یەعنی بەینی پەنجایەکە تا سەدەکە لە 3٪یەکەیە، ئەگەر سەد ملیۆنەکە زیاتری کرد، ئەوجا لە 4٪ەکە وەردەگیرێت، کاك سەعدەدین فەرموو.

بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە نیسبە تەصاعودیەکە (یعفی من الضریبة) بیستە، یەعنی لە 3٪یەکە دە ملیۆن زیادی کردووە، پاشان بیست بیست زیاد دەکات، لەبەر هەندێ ئەو چوار و پێنج و شەشەیە، لە لای من لە فەقەرەی (ب) لە دووەم پرسیارێکم لە لیژنەی قانونی هەیە (اذا کان نقل ملکیة العقار منصبا، علی سهام من العقار فتحسب الضریبة وفق احکام هذا القرار علی عموم العقار) ئەوە شقێکی ئەو فەقەرەیە، لە پاشان (وتستوفي بنسبة السهام المنقولة الی عموم العقار)، یەعنی چۆن لە بیدایەتی (منصبا علی عموم العقار) دوایێ چۆن (علی السهام)، چونکە (علی عموم العقار) شتێکە، (علی السهام) شتێك دەبێتن، یەعنی فەرق دەکاتن، لەگەڵ ڕێزم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

برادەرانی لیژنەی قانونی شتێك ئینتیباهتان نەکردووە، لە هەموو شوێنەکان هاتووە قەرارەکە بکەنە قانون، ئەوە غەڵەتە، کاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە ماددەی دوو لە یەکەم لە (ث) هەشتەم هاتووە، من دەبینم تێکەڵێکی گەلێك زۆر هەیە، یەك/ لێرە (7- وقف العمل والغائها) لەسەر چەند قانون هەیە، قانونی (113) سالّی 1982، ڕەقم (520) سالّی 1987، سالّی 2000 (99)، بەڵام لە خالّی هەشتەم دەبینین (یحل محلهم مایأتی) یەعنی ئەوەی یەکەم جار بیخوێنتەوە وا دەزانێت ئەو موقتەرەحە هاتووە بۆ هەموانە لەسەرەوە، دوایێ تەوزیحێك دەدات دەڵێ (الفقرە (4) من المادە (2)) یەعنی تێکەڵیەك هەیە، پێشنیاری من ئەوەیە فەقەرە یەك و فەقەر سێ تەوحید بکرێت بە ڕەقمی (6)، چونکە کە تەوحید دەکرێت فەقەرەیەك کەم دەکرێتەوە، دەبێتە ڕەقم شەش ئاخیر فەقەرە بەو صیاغەیە بێت (یوقف العمل بالفقرة (4) من المادة (2) والفقرة (20) من المادة (7) من قانون ضریبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل ویحل محله ما یأتي)، ئینجا باقیەکەی بێتە خوارێ و لەگەڵ ڕێزمدا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو مولاحەزەیەی کاك فەرسەتیش دای، (یحل محلهم) شتێکی تۆزێك هین نییە، دوایێ بیرێکی لێ بکەنەوەو, ئەوەی کاك سەرداریش گوتی، کاك غەفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من سەرەتا بەنیسبەت ماددەی دوو دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم، کە لیژنەی داراییش تەئیدی کرد، بۆ ئەوەی کە نیسبەکان زیاد کراون لە سی ملیۆنەکە کراوەتە پەنجاو بەو شێوەیە پارەکان زیاد کراون، بەڵام تێبینیم لەسەر ئەو رێژانە هەیە کە دانراوە، مەسەلەن بۆ نموونە لە 3٪ بۆ پەنجا ملیۆن دینار، لە 4٪ بۆ پەنجا تا سەد ملیۆن، لە 5٪ بۆ سەد ملیۆن تا سەدو پەنجا ملیۆن، لە 6٪یش بۆ سەدو پەنجا ملیۆن بۆ سەرەوە، بەڕاستی ئێمە وەك کوردستان ولاتێکی دەوڵەمەندین، ولاتێکی هەژار نین ئیعتیمادی کولیمان لەسەر زەرائیب بێتن، لەبەر ئەوەی ئێمە ولاتێکی نەوتین، دەبێت ئێمە لە رووی زەریبەوە هەندێك دەستمان سووك بکەین، بۆ ئەوەی هاوکاری زیاتری خەڵکی کوردستان بکەین، بۆ ئەم مەبەستە من لەگەڵ ئەوەدام کە رێژەکان کەم بکرێتەوە، لە 3٪ بکرێتە لە 2٪، لە 4٪ بکرێتە لە 3٪، لە 5٪یش بکرێتە لە 4٪، لە 6٪یش بکرێتە لە 5٪، یەعنی رێژەی ئەو باجانەی لە 5٪ تێ نەپەرێت، بەو شێوەیە خەڵکی و، حکومەتیش سوودمەند دەبێت، ئەو داوا کاریەکەش شتێکی ئەوتۆ نییە، کە داوای دەکەین کەمتر بکرێتەوە، یەعنی لە 2٪ەوە دەست پێ بکاتن تا لە 5٪، لە 5٪ بوەستێتن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پرۆژە یاسایەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر باشە، بەس بۆ ئەم قۆناغەی ئێمەی کوردستان، تێبینی من ئەوەیە کە راهێنانی خەڵك بۆ مەسەلەی باج، دەرامەت، خەڵك وەکو بڵێی سارەدە، لە هەندیك حاڵەت سڵی لێ دەکاتەوە، ئەم پرۆژە یاسایە کار ئاسانی بۆ دەکات، بەس بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە هەندێك تەعلیماتی دەوێت، بۆ حاڵی بوون خەڵك، هەندێك ئاسانکاری دەوێت، بۆ نموونە ئێستا هەندێك ئاسانکاری کراوە بە بەزاندنی باج لە (7/1)ەوە مەسەلەن ئەم یاسایە تەنفیزی دەکەن، وەکو گواستنەوەی مولکداریەتی، ئەمانەش زۆر ئاسانکارییە بۆ خەڵك، حکومەتیش زیاتر شەفافیانە، مەسەلەن رۆتین لە دەوائیرەکان کەم بکاتەوە، ئەمانە زیاتر دەبێتە جێگەی دڵخۆشی، هەروەها ئەم باجەش خۆشحاڵانە تا ئێستاش نەچۆتەوە حکومەتی، مەرکەزی دارایی لە هەندێك حاڵەتی تایبەتی بەکار بهێنرێت بەتایبەتی لە کەوارسدا، بۆ ئەوەی خەڵك تەشجیع بێت و دڵخۆش بێت، هەروەها ئێمەش تەئکیدی ماددەی دوو بڕگەی یەك دەکەینەوە، کە ئەو نیسبەتە کەمە بیست بۆ سی خانوویەکی موتەوەزیعانە، بۆ نموونە پێی دەکرێتەوە، بکرێتە ئەو بڕگەیەی لیژنەی قانونی زۆر باشەو, زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك تەڵعەت فەرموو.

بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە کاتی خۆی نووسراوێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە بە ژمارە 4365 لە 2003/11/18 لە بڕگەی حەوتی دەڵێ (کار نەکردن بە ماددەی (4)ی یاسای ژمارە (5)ی سالی 1999ی باجی دەرامەت و وەرگرتنی رسوماتی خانووبەرە لەکاتی هەر گۆڕانکارییەکی مولکایەتی، جگە لە گواستنەوەی میرات و، خۆی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرە, فرۆشریار دەکرێت بەڕێژەی نیو لە سەدا، وەکو باج دەبێتە

داهات بۆ فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرە بەبێ ئەوەی مامەڵەی رەوانەی فەرمانگەی باجی دەرامەت بکرێت، من پێشنیار دەکەم ئەوە بڕگەیە شوێنی بڕگەی هەشت بگرێتەوە، چونکە بەڕاستی رۆتین کەم دەکاتەوە، ئەو مامەلانەی کە دەکرێت زوو تەواو دەبێت و حکومەتیش نیسبەتەکەی خۆی وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی نیسبەی حکومەت بڕوات، ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسایی زیاتر تەوزیحی بکەن، سوپاسیان دەکەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك دیلمان فەرموو.

بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تەبعەن پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڵام لەنیسبەکان لیژنەکە تووشی خەڵەڵێك بووە، لە ئەسڵی ماددەکەدا هاتووە دەڵێ (یعفی من ضریبة اول عشرین ملیون) لیژنەی یاسایی هاتووە گوتوویەتی (یعفی من ضریبة اول خمسین ملیون)، لە بڕگەی دووەم هاتووە (یخضع الی الضریبة مازاد علی مبالغ الاعفاء)، لە لیژنەی قانونی هاتووە ئەو مەبلەغەی ئیعفایە بێ ئیعفایە زەریبەی لەسەر داناوە، یەعنی بۆ نموونە دەبوایە تا پەنجا ملیۆنەکە، بەپێی پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی مەعفو بێت لە زەریبەکە، لە پێشنیارێك هاتووە (لغایە خمسین ملیون) کریە 3٪، یەعنی لە دە ملیۆن تا پەنجا ملیۆن دەبێت زەریبە بدات, (3٪)ەکە بدات، لە ئەسڵی ماددەکە ئەم مەبلەغە مەعفیە، لە لیژنەی یاسایی لە بیست ملیۆنەکە کریە پەنجا ملیۆن، پەنجا ملیۆنەکە مەعفی بێتن لە پەنجا ملیۆنەکە زیاتر بێتن، ئەوجا زەریبە وەربگرێتن، بە مانای (أ)ەکە 3٪ەکە دەبێتە بۆ بڕگەی (ب)، ئەوە تەسەلسولەکە سەربکەوێت، خەڵەڵێکی وا دروست دەبێتن، 6٪ەکە حەزف دەبێتن، ئیتر لە (مازاد علی 3٪) لە سەدەکە ببێتە چوار، ئەوەی سەدو پێنجا ببێتە پێنج، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو مولاحەزەیە زۆر راستە، غەڵەتێکی تێدایە دەمویست قسەکان تەواو بێت ئینجا بڵێم، چونکە فەقەرەی یەك دەڵێ عەفو بکرێت، دوایێ دەڵێت (لغایة) پەنجا ملیۆن 3٪ەکە، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

بەڕێز محمد حکیم جبار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من یەك پێشنیارم هەیە، ئەویش ئەوەیە لە موحاوەلەی هیبەیە، یەعنی ئیعفای تێدا بێت، مەسەلەن باوکێك خانوویەکی هەیە هیبەی دەکات بۆ کورێکی، یان خێزانەکەی، یەعنی بۆ زەریبە بدات، ئێمە لە کاتێکدا قەراری (520)و ئەوانە فەقەرە یەك کە لە (7/20) ئیعفای داوەتە مولکیەتی هیبەی خانوو، یەعنی باوکێك کە خانووەکەی دەدات بە کورەکەی هیبەکەی دەکات بۆ کوڕی، یان بە کچی، یان بە خێزانی، ئیعفا دەکرێت، لە لایەن هەر زەریبە دەدرێت، من پرسیار دەکەم کە ئەوە هەم برایانی لیژنەی یاسایی تەوزیحێکمان بۆ بدەن، هەم ئەو وەقفەی کە کراوە بۆ ئەو قەرارە لاببرێت و ئیشی پێ بکرێت، ئەوەی قەراری (520) واتا ئیعفا دەکرێت لە زەریبە، نەك زەریبەی لەسەر بێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو مامۆستا کاکە.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وابزانم خوشك و برایان لەو نیسبەیە بە تەواوەتی تێ نەگەیشتوونە مەبەستیان چیە، ئەو نیسبەتانەی کە دانراوە، ئەو رێژانە هەر یەکە بۆ مولکێك نییە، ئەوە بۆ یەك مولکیش دەبێت، بۆ دەیانیش دەبێت، بۆ سەدانیش دەبێت، بۆ نموونە مولکێك بە پێنج سەد ملیۆن دینار دەفرۆشرێت، لێرە جاری یەکەم پەنجا ملیۆن عەفوە، دوای ئەوەی کە پەنجا ملیۆنەکە عەفو دەبێت، لە پەنجا ملیۆنی دووەم لە 3٪ی لێ خۆش دەبێت، لە پەنجا ملیۆنەکەی دەڕوات هەتا سەد ملیۆنی دیکە 4٪ی لێ خۆش دەبێت، لە سەد ملیۆنەکە تێپەری ئەو جارە هەتا سەدو پەنجا ملیۆنی دیکە، ئەوا 5٪ی لێ خۆش دەبێت، ئەو جارە هەر چەندێکی تر بێت لە سەدو پەنجا ملیۆنەکە تێپەڕی لە 6٪ی لێ خۆش دەبێت، مانای وایە لە یەك مولك ئەو هەموو نیسبەتە بەکار دێت، نەك بڵێی ئەوە بۆ یەکێکە مەغدورە، ئەویتر مەغدور نییە، نەخێر ئەوە نییە، ئەگەر بەس پەنجا ملیۆن بێت، ئەگەر مولکەکەی بە پەنجا ملیۆن دا، مانای وایە هەر هیچی نایەتە سەری، چونکە بۆ عەفوە، ئەگەر بە سەد ملیۆنیدا، پەنجای عەفوە، پەنجایەکەی تر لە 3٪ی لێ وەردەگیرێت، بەو حاڵەتە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دوو مولاحەزەم هەیە لە سیاقی ئەو موناقەشەی کە کرا، یەکەمیان/ ئێمە تەنها ئەرقام هاتینە خوارێ لە راپۆرتی خۆمان، بەڵکو لە مەتنی فەقەرەکە نەهاتینە خوارێ، ئەگەر مەتنی فەقەرەکە رەبت بکەین لەگەڵ ئەرقامەکان، ئەوە ماددەکە لە ئەسڵ هەمووی دەگۆڕێت، یەعنی ئەوەیە خەلەلەکە، تەنها ئەرقام هاتینە گۆڕێ، ئەوە یەك.

دوو/ ئەوەی کاك تەلعەت ئیشارەتی پێدا ئەو سەدا نیوەیە، ئێستا حاڵی حازر زەریبەی دەخل لە سەدا نیو وەردەگیرێت، لە کێ وەردەگیرێت؟ لەو قیمەیەی کە تەقدیر کراوە لە دائیرەی تاپۆ پارەکەش لە دائیرەی تاپۆ دەدرێت، واتا هاوولاتی ناچێتە زەریبەی دەخل بە قەراری قەتعی, روسوماتەکە لەو دائیرەیە دەدرێت، لە کاتی کۆبوونەوەکەمان زۆر موناقەشەمان کرد، ئەو سەدا نیوە کە ئێستا دەدرێت لە صاڵحی مواتن نییە، چونکە ئەو قیمەی کە تەقدیر دەکرێت، ئەو سەدا نیوەی ئەگەر حیساب بکەیت مەردودە مالیەکە بەنیسبەت مواتن زۆرە، بەینەما ئەو ئیعفائاتەی کە هاتووە زۆر لایەنگیری هاوولاتیەکە دەگرێت لە حاڵاتی مەعامەلاتی کڕین و فرۆشتن، بۆیە ئێمە لەگەڵ لە سەدا نیوەکە نینە، راستە برادەران دەڵێن ئەوە رۆتین کەم دەکاتەوەو دائیرەی تاپۆ یەکسەر روسوماتەکە وەردەگرێت، دەبێتە مایەی ئەوەی کە هاوولاتی نەچێتە زەریبە، بەڵام حەق وایە هاوولاتیش پابەند بوونی خۆی بە خەڵك و ولاتەکەی بزانێت، چونکە دائیرەیەکی زەریبە هەیە، بزانێ ئەو رۆتینە ئیمکان هەیە موعالەجەی بکات، دائیرەی زەریبە میکانیزمێکی باشتر دابنێت، بۆ وەرگرتنی زەریبەکان، نەك لە هاوولاتیەکە بچێت سەدا نیوەکەی بدات, زەریبەیەکی زۆر بدات لە پێناوی ئەوەی ئەوە کەم کردنەوەی رۆتینە، بەڵکو ئیعفائاتێکی زۆری بدەینێ، سیماحاتێکی زۆری بدەینێ، وا بکەین موراجەعەتی زەریبە بکات و روسوماتی خۆشی بدات، هەست بە مواتەنە بکات وەکو هەر

مواتنێك، وەكو ئەوەی لە دائیرەی زەریبەیەو لە حاڵەتی كڕین و فرۆشتن ئەو دائیرەیە موڕاجەعەتی پێ بكرێت، ئەو روسوماتەی كە هەیە بدرێت، زۆر سوپاستان دەكەم.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كاك فرسەت قسەی هەیە فەرموو.

بەڕێز فرست احمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بە رەئی من ئەو مەسەلەیە ئەوەی كاك شێروان بۆی چوو، یەعنی ئیستیفا كردنی زەریبەی دەخل لە مودیریەی تەسجیل عەقاریش شتێكی غەڵەتە، یەك/ تەداخولی سەلاحیات و ئیختیصاصاتە، ئیختیصاصی تەسجیل عەقاری، شتێكە زەریبەی دەخل شتێكی ترە.

دوو/ دائیرەی تەسجیل عەقاری وەكو دێت زەریبەی دەخل دەگرێت لەسەر كڕین و فرۆشتنی یەك مووڵك، مەواریدی ئەو شەخصە هی پێشتر بە نەزەری ئیعتیبار وەرناگیرێت، ئەو دێت وا ئیعتیبار دەكات، وەكو بڵێی مووڵكێك بە پەنجا ملیۆنی فرۆشتبێت، حەددی ئەدنای لێ وەردەگرێت، بۆ زانیاری كابرا دوور نییە دوو ملیاری هەبێت مەواریدی خازیعی ئەوە بێت 6٪ لێی وەربگیرێت، بۆ زانیاری دائیرەی تەسجیلی عەقاری حەددی ئەدنای وەردەگرێت، ئەوی 3٪ە، زەرەرێكی گەورە بە خەزینە دەكەوێت، موخالەفەی قانونە، بە رەئی من دائیرەی حكومی مەفروزە پێش هەموو هاووڵاتیەك ئیلتیزام بە قانون بكات، نەكو موخالەفەی قانون بكات.

سێ/ دوو دەسەڵاتی لێك جیاوازن، دوو دائیرەی لێك جیاوازن، ئەگەر وا بێت خۆ دائیرەی زەریبەی دەخل و تەسجیل عەقاری بكەینە یەك دائیرە، بۆ دوو دائیرە بێت، ئیختیصاص و سەلاحیات بە قانون تەحدید كرا بێت، موەزەفێك بێتن ئیختیصاصی دائیرەیەك وەربگرێت، وەكو خۆی ئیزافە بكات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كاك رەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

وەرگرتنی زەریبە لە تاپۆ وابزانم خیلافی قانون نییە، لە هەموو دەوڵەتان ئەوە هەیە، جەدوەلێكی خاص هەیە، حیسابێكی تایبەتی بۆ زەریبە لەوێ دەكرێتەوە، ئەو پارەیەی كە بۆ ئەوان تەحویل دەكرێت، لا رۆتینەكە زۆر روون دەبێتەوە، چونكە كە دەچێت موڕاجەعەتی زەریبە دەكات، دە شەریكە، یان موشاعە پەنجا، شەست كەس تەرەفە لە مەوزوع، جاری وا هەیە بە یەك سالّ تەسویە ناكرێت، سەلامەتترین شت ئەوەیە لە تاپۆ وەرگیرێت, تەحویل دەكرێتن بۆ زەریبە, زۆر ئیعتیادییە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

مامۆستا كاكە فەرموو.

بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئەوەی کاك رەشاد دەفەرموویت، بۆ هەندێکیان زۆر نا عەدالەتی تێدا دەبینرێت، چونکە هەمووی نیسبەتێکی مەقتوعی لێ دەگیرێتەوە سەدا نیوە، پیاو هەیە ئەگەر بێتو بە نیسبە بێت ئەسڵەن هەر یەك فلسی لێ وەرناگیرێت، هیچی لێ وەرناگیرێت، چونکە گەیشتە پەنجا ملیۆنی ئەوە عەفوە، بەڵام ئێستا کە دەچێتەوە ئەوێ, ئەگەر سی ملیۆنیشی دابێت، دەبێت سەدا نیوەکەی خۆی هەر بدات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت ئەو خاڵەی کە باس کرا، ، من ئەو پرسیارانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردیان، هەوڵ دەدەم وەڵام بدەمەوە، ئێمە هەموو سااڵێك ئیعادەی تەقدیری خانووبەرە دەکەین لە زەریبە، یەعنی یەکێك بێت بیەوێت زەریبە بدات، دەچێت لە زەریبە تەقدیری سعری خانووبەرەکە دەکرێت، یەعنی سااڵنەیە، نەك بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەوەی موساتەحە کە باس کرا، موساتەحەکە هەم خانووبەرەی حکومی و هەم ئەهلی دەگرێتەوە، چونکە موساتەحە لە ئەسڵدا هی حکومەتە، موساتح خاوەن مولکەکەیە هەتاکو ئەو موساتەحەیە لە دەستیەتی، کە لێی دەردەچێت دیسان دەبێتەوە هی حکومەت، بەنیسبەت فەقەرە (ج) لە خاڵی دووەم کە پرسیار کرا، لە فەرمانگەی باج هەر کاتێك گومانێك، یەعنی ناتوانی فەرمانگەی باج بێت ئەگەر یەکێك گومانی لێ بوو، کە باجی نەداوە یەکسەر موعامەلەکەی رابگرێت، دەبێت فەرمانگەی باج موعامەلەکە لەسەر گومان رانەگرێت، دەبێت موعامەلەکە بەڕێ بکات، ئیلا لە حاڵەتێك دەتوانێت رابگرێت، کە موتەئەکید بێت، یەقینی هەبێت کە باجدەر باجی نەداوەو قەرداوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە ئەگەر یەکێك بیەوێت، فەرمانبەرێك لە دائیرەی باجی دەرامەت بیەوێت تەالعوبێك بکات، ئەو مەجالەی نەمێنێت، دەبێت موستەمسەکی هەبێت بۆ ئەو مەعامەلەیە ناڕوێنێ؟ بەنیسبەت ئیعفایەکە بەڕاستی باس کرا، کە ئێمە پەنجا ملیۆنی یەکەم دەریدەکەین و پاشان دێین نیسبەکە حیساب دەکەین و بەوەش نیسبەی باج کەم بۆتەوە، بەحەقیقەتیش دەبێت هەوڵ بدەین هەندێك شتی ئێمە نزیکی یاسایی عێراقی بێت، راستە خصوصیاتی خۆمان دەپارێزین، بەس دەبێت موڕاعاتی ئەو خاڵەی خۆشمان بکەین، بۆیە بەنیسبەت ئەو ئیعفایەی کە لە یاسایەکەدا هاتووە تەسهیالتێکی باش کراوە بۆ باجدەر لە باجدانی زەریبە، ئەوەی تر کە باس کرا بەنیسبەت چەند شەریکێك لە زەوییەك بن، یان لە خانووەیەك بن، زەوییەك، یان خانوویەك شەرکێك، یان زیاتری هەبێت، عادەتەن ئێمە پەنجا ملیۆن دینارەکە دەدەینە تەواوی موڵکەکە، پاشان دێین رێژەی باجەکە حیساب دەکەین، بۆ ئەوەی بچێتە سەری، باجەکە چەندی دەرچوو، بەگوێرەی شەریکەکان دابەشی دەکەین، مەسەلەن بۆ نموونە لە سەیداوە خانوو هەیە چوار سەد مەترە، چوار خانووی لەسەر دروست کراوە، رەنگە بەس یەکێکیان دەفرۆشرێت، خەڵکەکە هەر چواری نافرۆشێت، ئێمە دێین پەنجا ملیۆنی یەکەم حیساب دەکەین بۆ هەر چوار خانووەکە، پاشان ئەو کابرایەی کە سەد مەترەکەی خۆی دەفرۆشێت، دێین حیصەکەی لەسەر ئەو تەتبیق دەکەین، نەك وەکو پێشتر، کە یەکێك بیەوێت بیفرۆشێت، دەبوایە هی هەموو حیصەی دەبا، پاشان خۆی موشکیلەی لەگەڵ شەریکەکانی خۆی حەل کرد بوایە، رەنگە هەموو دەزانن خاوەن خانووەکانی کێنە، کەی خانوویان دروست کردووە لەسەر هەمان موڵك، تەبیعی ئێمە کە یاسا دەرچوو, تەعلیمات دەردەکەین، یەکێك لە ئیجابیاتی ئەو یاسایە ئەوەیە کە زۆر شەفافە، یەعنی لە حاڵاتی تەعقیدات نەماوە، هەر کەسێك باجدەر، یەعنی پێش ئەوەی بێتە باج، دەتوانێت خۆی بۆ خۆی

حیساب بکات، کە چەند قەرارە، زۆر ئاسانتر بووە، ئەو حالاّتی تەعقیداتە نەماوە، بەو تەعدیلاتانەی کە ئێستا دەکرێت. بەنیسبەت بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران و 9٪ی تاپۆ، کە ئەم یاسایە دەرچوو، ئیعتیادی هەڵدەوەشێتەوەو نامێنێتەوە، بەنیسبەت موعامەلەی هیبە بەڕێزێك پرسیاری کرد، هیبە لە ژیان تەنیا دە ساڵ جارێك دەدرا، بەڵاّم ئێستا بەو یاسایە کە تەعدیل کرا، ئەو دەتوانی لە هەر مولکێك پەنجا ملیۆن تەسهیلاتی بۆ دەکرێت، یەعنی ئەوەش ئاسانکارییە، بەنیسبەت ئەوە، وابزانم پرسیارەکان ئەوەندە بوو، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، دەمێنێتەوە ئەو ئیشکالە چارەسەر بکەن لەسەر رەقمەکان, مەفهوم نییە ماموّستا کاکە، پەنجا ملیۆن عەفو دەکرێت (3٪ لغاية) پەنجا ملیۆن، یەعنی چی، (ما زاد) دەبێت بنووسرێت (3٪ مازاد عن) پەنجا ملیۆن بۆ سەد ملیۆن، دەبێت وای لێ بکەین، بەڵێ باشە.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

(الفقرة (4) من المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 تقرأ كالاتي:

1- تفرض ضريبة مقطوعة بنسب تصاعدية من قيمة العقار)، ئێمە لێرە مولاحەزەم لەوەش هەیە، ئەگەر زەریبە تەصاعودی بێت، پێی نالێن مەقتوع، موقتوعەکەی لابببەین باشترە (تفرض ضريبة بنسب تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه المرقم 85 لسنة 1978 او بدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقل الملكية او حق التصرف بأي وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله (كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل والهبة وتصفية الوقف او المساطحة ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجاره العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة وتحتسب وفق مايلي:

اولاً/ يعفى من الضريبة اول خمسين مليون دينار من قيمة العقار مقدراً بدله ويوزع هذا المبلغ على الشركاء وفق حصصهم، اذا كان العقار مملوكاً على وجه الشيوع.

ثانياً/ يخضع الى الضريبة مازاد على مبلغ الاعفاء المنصوص عليه في الفقرة(ا- أ) من هذا البند وفق النسب التالية:

3٪ لغاية خمسين مليون دينار.

مازاد على خمسين مليون دينار 4٪ الى مائة مليون دينار.

5٪ مازاد على مائة مليون دينار لغاية مائة وخمسين مليون دينار.

6٪ مازاد على مائة وخمسين مليون دينار)، ئەوەای لێ دێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر چاکە، ئێستا وەکو ماموّستا کاکە ئیشارەتی پێ کرد، نەصەکە بەو شکلە بێتە خوارێ مەفهومە، پرسیار کرا لەسەر خاڵی پێنجەم، داوای تەفسیر کرا، وابزانم کاك سەردار بوو، تۆزێك غموزی تێدایە، (لاتسري احكام هذا القرار) ئەوەلەن قانونە، هەموو قەرارەکان بکەنە قانون.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

له تەقریرەکەی خۆمان، تەقریری لیژنەی قانونی له دووەم گوتمان (جعل كلمة القرار في (ب، ج، د، هـ) منها بكلمة القانون).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەقەرەی پێنج غموزی تێدایە، کاك سەردار داوای کرد، نازانم کێ بوو، کاك سەردار تۆ بووی قسەت کرد لەسەر فەقەرەی پێنج، دکتۆرە شوکریە بوو وابزانم، گوتی غموزێکی تیایە فەقەرەی پێنج، کاك رەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من وام پێ باشە، هیچ قەرارێکی خاص له قەزایەی زەریبی نەمێنێت، چونکە قەراری خاص لە قەزایەی زەریبی نەمێنێت، قانون تەحدید دەکات نیسەبەکان، دوایێ بە یەکسانی وەرگیرێتن، هەر قەرارێکی خاص ببێتن مەغدوریيەکی زۆرگەورە دەبێت زۆر ئەو حاڵەتانەش بووە تا ئێستا با دووبارە نەبێتەوە، یەعنی خەڵکانێك عەفو دەکرێت بەبێ هیچ موبەریرێك، جا داوا دەکەین ئەو قەراری خاص و قەوانینی خاصە نەمێنێتن و یەکسانی بێتن بەشێوەیەکی موتەکاملی دەربچێت و زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە دەمانەوێت بۆمان شەرح بکەن، بۆچی (لاتسري احكام هذا القانون على الاعفاءات الضريبية)، جەنابی وەزیر.

بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

فەقەرەی بیست و سێ ئەگەر وەرسەی شەهید تەنازول بکەن لە مواڵك، بۆ یەکتری لە داخیلی قەسام شەرعی و بیفرۆشن، ئەوە باجی لەسەر نییە، دەمانەوێت ئەو ئیعفایە هەر بمێنێتەوە، بۆیە لێرە هاتووە، بەنیسبەت فەقەرەی بیست و پێنج نەزعی مولکیەیە، حکومەت مواڵکێك بۆ بەرژەوەندی گشتی شارەوانی، یان شوێنێکی تر وەردەگرێت و پارە بە صاحێب موڵك دەدات، تا ئێستا ئەوە عەفو دەکرا لە زەریبە، لە باج واتا پارەکە، ئەویش دەمانەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە قانون و قەرارەکە شەتب بکرێت، بۆ ئەوەی غموزەکە لابچێتن، ئاخیر جومله (قانون او قرار خاص) ئەو دوو کەلیمەیە شەتب بکرێت، بۆ ئەوەی غموزەکە نەمێنێت، بیست و سێیەکە هی مەسەلەی وەرەسەی شەهیدە، بیست و پێنجەکەش هی ئەوەیە، کە ئەگەر حکومەت تەرەفێك بێت تێدا، کاك رەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

با ئەو ماددانە بە وازیحی لێرە بێتن، باشترە لە قانونەکەی، تەحدید بکرێتن، ئەوەی ئیزالەی شیوع دەکرێت، ئیستیغلال دەکرێت، کە ئیعفا دەکرێت، لێرە بە ماددەیەکی خاص بێتن و دیار بکرێتن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تۆ ئیشارەتت پێ کرد بە فەقەرەو ماددە، ئەوە مەعروفە، ئەوەی موختەسە دەزانی ئەوە چیە، کاك دیلمان فەرموو.

بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بە تەسەوری من ئەو ئیشکالاتەی لێرە حەل نەبوو، لە ئەسڵی ماددەکە بیست عەفوە، 3٪ەکە تا سی هەیە، یەعنی دە زیاد کریە، بە مانای لەو دە ملیۆنە 3٪ەکە وەردەگرن، کە دەڵێت (لغایة خمسین)، کە ئەسڵەن عەفوە، هەر وەردەگرێتن، ئەگەر بکەینە (لغایە ستین) لە دە ملیۆنەکە فەمافوقی پەنجا 3٪ەکەیە، وەکو ئەسڵیەکە هاتووە، ئەگەر موقارەنەی لەگەڵ ئەسڵی قانونەکە بکەین، بۆ لێرە کریە سی، کە بیستەکە عەفوە، ئیتر لە سییەکە 3٪ە، بۆ لە پەنجا ملیۆنەکە نەبێتە شەست، هەتا لە دەیەکە وەربگرێتن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

نەخێر وا نییە، غەڵەت تێگەیشتووی، پەنجا ملیۆنەکەی یەکەم عەفوو کراوە، پاشان پەنجا ملیۆنەکەی دووەم لە 3٪یە تا دواتر لە پەنجا ملیۆنەکەی دووەم تا سەد ملیۆنەکە 4٪ە، لە سەد ملیۆنەکەی سێیەم تا دوایی، بەڵێ جەنابی وەزیر.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەگەر خانوویەك سعری پەنجا ملیۆن و خوارتر بوو، ئەوە هەر باجی لەسەر نامێنێت، یەعنی ئەگەر خانوویەك سعری سەد ملیۆنە، پەنجا ملیۆن هەر عیلاقەیان پێوە نییە، دێن زەریبە لەسەر پەنجایەکەی تر، یان سییەکەی تر، یان شەستەکەی تر وەردەگرن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من پێم وایە ئەو ماددەیە باش صیاغە کراوە، هەم قازانجی هاوولاتیە، کاك فرسەت مولاحەزەیەکی هەیە، ئەویش مولاحەزەی یەعنی ئەوە لە رووی صیاغەو قانونیەوە راستە، فەقەرە پێنج هەر دەڵێ زیادە، لەبەر ئەوەی فەقەرەی بیست و سێ و بیست و پێنج لە قانونی ئیعفای زەریبی ئیلغا نەکراوە، لەبەر ئەوە ئیشارەتیشی پێ نەدەیت کاری پێ دەکرێتن، پێویست ناکات ئەو فەقەرەیە هەر هەبێت، نە تەعدیلمان کردووە، نە ئیلغامان کردووە، کەواتە ئەوە ئۆتۆماتیکیەن جێ بەجێ دەکرێت، من قسەکەم ئەوەیە کە دەڵێم ئەو فەقەرەیە باش صیاغە کراوە، هەم لە بەرژەوەندی هاوولاتییە، بەڵام زگیشتان بە حکومەت نەسووتێ، لەبەر ئەوەی ئەوە لە قازانجی حکومەتە، ئەگەرنا جەنابی وەزیر بەو ئاسانییە موافەقەتی نەدەکرد، ئەوە بە تەجروبە ئیعفائاتی ئەوا حەرەکەی کرین و فرۆشتن زیاد دەکات، کە حەرەکەی کرین و فرۆشتن زیادی کرد، لەبەر ئەوەی ئیعفائات هەیە خەڵك تەشجیع دەبێتن بۆ ئەوەی مولك بکرێت و

بفرۆشێت، کەواتە بە زیاد بوونی حەرەکەی کڕین و فرۆشتن داهاتەکە زیاتریش دەبێت، لەبەر ئەوەی دوو هەدەف تەحقیق دەکات، هەم داهاتێك بۆ حکومەت، هەمیش کار ئاسانییەك بۆ هاوولاتی، ئەگەر لەسەر ئەو هینە فەقەرەیە لابچێتن، جەنابی وەزیرو لیژنەی قانونی، باشە ئەو فەقەرەیە هەر لاچوو، ئەو مەقتوعەش شەتب کرا، من فەقەرەی پێنج کە لادرا بە موافەقەتی لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی پێنج لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، فەقەرەی پێنجیش ئیلغا کرا، یەعنی شەتب کرا لە پرۆژەکە، فەرموو کاك سەردار.

بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە پێشنیارێکمان کرد کاك فرسەتیش پشتگیری لێ کرد، کە فەقەرەی یەك و سێ تەوحید بکرێت، چونکە فەقەرەی هەشت تەنها مەعنیە بەو دوو فەقەرەیە، نەك هەمووی بکرێتە رەقم شەش پاشی ئیلغای پێنج دەبێتە پێنج، هەشتیش تەوحید بکرێت لەگەڵی، ئەگەر پێتان باش بێت جارێکی تر بۆتان دەخوێنمەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە صیاغەیە، لیژنەی قانونی مانعیان نییە، پێمان گوتن، کاك زانا فەرموو.

بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەر لەبەر پرۆتۆکۆلەکەی ئەوەی ئیلغامان کرد (ھ) بوو، پێنج نەبوو.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

(ھ)یە وەکو پێنج نووسراوە، راست دەکەیت، سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە، ئەو قسەی کاك سەردار عیلاقەی بە صیاغەوە هەیە، کە لە هینەوە نووسراوە (یحل محلها ما یاتي) جەوهەرەکە ناگوترێت، دوایێ بەجێی دەهێڵین، ئیعادەی صیاغەکە بۆ لیژنەی قانونی، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هیچ تەوزیحێکم وەرنەگرت لە وەزیرەوە، یان لە بەڕێزتانەوە، ئایا ئەمە لە بەرژەوەندی هاوولاتیە، یان نا، فەقەرەی پێنجەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئیلغامان کرد، کام فەقەرە دەڵێی، جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشتر شەرحم کرد لەسەر فەقەرەی (ج) گوتم هەدەف لەوە دانانی ئەوەیە، باسی فەرمانگەی باج دەکات، ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی لە دائیرەی باج دانیشتووە، ئەگەر موتەئەکید نەبێت، کە باجدەر قەرزاری باجە

حەقی نییە لەسەر ئەوەی موعامەلەکەی شکی هەیە، کە مراجیع قەرداری باجە رایبگرێت، دەبێت موعامەلەکەی تەمشیە بکرێت، بەس لە حاڵەتێك فەرمانبەر حەقی هەیە موعامەلەکە رابگرێت کە موتەئەکید بێت صاحێب موعامەلەکە قەرداری باجە، ئەوە تەسیهلاتە بۆ هاوولاتی و مەجالیش نادات بۆ فەرمانبەر بتوانێت بە کەیفی خۆی تەسەرف بکات، پێشتریش شەرحم کرد، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، ئەوەش شەرحەکە وافی بوو، ئەوە لە قازانجی هاوولاتیانە، ماددەکە بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە لیژنەی داراییش قەبولی کرد، بەو گۆڕانکارییانەی کرا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی سێیەم:

1- ماددەی (1) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

2- ماددەی (1) لە بڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە:

تاکی نیشتەجێ ئەم لێبووردنانەی خوارەوە لە خەملاندنی هەر ساڵێکدا دەیگرێتەوە لەسەر بنچینەی حاڵەتی لە ساڵی ئەستێرەیی دەرامەتدا.

أ- (2500000) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ باجدەر خۆی (ئەگەر ژن بێت شووی نەکرد بێت (بێوەژن و تەلاقدراو نەبێت، یان داهاتەکەی لەگەڵ داهاتی هاوسەرەکەی تێکەلاو نەکرا بێ).

ب- (2000000) دوو ملیۆن دیناری عێراقی بۆ ژنەکەی، یان ژنەکانی، ئەگەر ژنی مالّ بێت و داهاتی نەبێت، یان ئەگەر داهاتەکەی لەگەڵ داهاتی ئەو تێکەلاو کرا بێ، یان لێکدرا بێ.

ج- (200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر یەك لە منداڵەکانیان بە چاوپۆشین لە ژمارەیان.

د- (3200000) سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر منداڵێك بەشێوەیەکی یاسایی لە ژێر چاودێری ئەو دابن بە چاوپۆشین لە ژمارەیان.

هـ- باجدەر لێبووردنێکی زیادەی پێدەدرێ بە بڕی (300000) سێ سەد هەزار دیناری عێراقی، ئەگەر لە تەمەنی شەست و سێ ساڵی تێپەڕ بوو بێت، جگە لەو لێبووردنانەی دیکە کە بڕیاری لەسەر دراوە لە بەشەکانی دیکەی ئەم ماددەیەدا.

و- باجدەر لێبووردنی دەربارەی ئەو منداڵانەی کە هەژدە ساڵیان تەواو کردووە، داهاتێکی سەبەرخۆیان هەیە لە (200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی سالانە زیاترە، هەتا ئەگەر لەسەر خوێندن بەردەوامیش بن، پێ نادرێ.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الثالثة:

1- تلغى المادة (1) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

2- تلغى المادة (1) من قرار رقم (219) لسنة 2001

ويحل محلهما ما يأتي:

يمنح الفرد المقيم السماحات التالية عن كل سنة تقديرية على اساس حالته في سنة نجوم الدخل.

أ- (2500000) مليونان و خمس مائة الف دينار عراقي للمكلف ذاته (او ذاتها، اذا كانت غير متزوجة (غير الارملة والمطلقة او اذا لم يدمج دخلها مع دخل زوجها).

ب- (200000) مليونان دينار عراقي لزوجته، او زوجاته، اذا كانت ربة بيت وليس لها دخل، او اذا كان دخلها مدمجا مع دخله.

ج- (200000) مائتا الف دينار عراقي عن كل ولد من اولاده بغض النظر عن عددهم.

د- (3200000) ثلاثة ملايين ومائتي الف دينار عراقي للارملة او المطلقة ذاتها و (200000) مائتي الف دينار عراقي عن كل ولد يكون في رعايتها بصورة قانونية بغض النظر عن عددهم.

هـ- يمنح المكلف سماحا اضافيا قدره (300000) ثلاثة مائة الف دينار عراقي اذا تجاوز سن الثالثة والستين من العمر، بالاضافة الى السماحات المقررة له في اجزاء اخرى من هذه المادة.

و- لايمنح المكلف سماحا عن الاولاد الذين اتمو سن الثامنة عشرة من العمر ولهم دخل مستقل يزيد على (200000) مائتي الف دينارا سنوياً، ولو استمروا على الدراسة.

بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.

لێژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەی سێیەمی پرۆژەکە دەکات, هیچ تێبینی لەسەر نییە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقى شاويس:

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.

لێژنەی دارایی کۆمەڵە تێبینیەکی هەیە سەبارەت بەم ماددەیە، ئەگەر بەڕێزتان رێگەم بدەن، پێم خۆشە هەندێك روون كردنەوە بدەم، بەڵام تکام وایە سنگتان فراوان بێت، وەکو موحازەرەیەکی زۆری وەرگەرن، دیارە ئەم فەقەرەیە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە ژیانی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بە هاوواڵتیانەوە هەیە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری هاوواڵتیان ئەم باجە دەیانگرێتەوە، ژیانی هاوواڵتیانی کوردستان ئەمڕۆ ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ سێ ساڵ لەمەو پێشدا، چوار ساڵ لەمەو پێشدا، کاتێك کە دراوی عێراقی ئەو دراوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ دراوی سویسریدا گۆڕا بۆ ئەو دراوەی کە ئێستا پێی دەگوترێت دراوی بریمەرو کە لە جەداولدا هەیە، هەموو دینارێکی سویسری بە (150) دیناری دیناری عێراقی خەملێنرا، ئەگەر ئێمە بیر بکەینەوە بەداخەوە پێ دەچێت زۆربەمان ئاگامان لە بازاڕ نەبێت، من تا ئەمڕۆش پێداویستیەکانی ژیانی خۆم و خێزانەکەم من خۆم لە بازاڕ دەکڕم و موعامەلە دەکەم، چوار ساڵ لەمەوپێش بەو دینارەی کە بەرامبەر (150) دیناری ئێستا بوو چوار کیلۆ تەماتە دەکڕا، یەعنی کیلۆی تەماتە بە (250) فلس بوو، ئێستا بە (150) دیناری ئێستا هیچ کەسێك ناتوانێت روبعە کیلۆ تەماتەیەك بکڕێت، مەبەستم روون کردنەوەی چیە، رێژەی هەوڵئاوسانی ئابووری، رێژەی بەرزبوونەوەی نرخ، دەیان جار، لە هەندێ جاردا سەدان جار بەرز بۆتەوە، بەرامبەر بەوە ئەو رێژەیەی کە مووچەی فەرمانبەران و، یاخود مووچەی داهاتی تاکە کەسی لە هاوواڵتیانی ئەم وڵاتەی پێ

زیاد بووە، ئەگەر جارو نیوێك، یان دوو جار زیادی کرد بێت، لەوە زیاتر تەجاوزی نەکردووە، بەشێوەیەکی گشتی، لەبەر ئەوە ئەو باجانەی کە ئێستا دەدرێت و رێژەی دانراوە لە پرۆژەکە دەبێت پێداچوونەوەیەکی پێ بکرێت، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی تێبینیەکمان هەیە، سەبارەت بە بڕگەی (أ) دەڵێت (أ- (2500000) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ باجدەر خۆی (ئەگەر ژن بێت شووی نەکرد بێت (بێوەژن و تەلاقدراو نەبێت، یان داهاتەکەی لەگەڵ داهاتی هاوسەرەکەی تێکەڵاو نەکرا بێ)، ئێمە بەڕاستی پێمان چاکە ئەوەی لەناو کەوانەکە دایە لابېرێت، بکرێت بە هەر چ کەسێك (2500000) بۆ هەریەکە لە ژن و پیاو ئیعفا دەکرێت لەم زەریبەیە، ئەمە لە لایەکەوە ئافرەت هاوشان دەکەین لەگەڵ پیاودا، لە لایەکی تریشەوە، ئێمە بواری ئەوە دەدەین کە لە یەك خێزاندا، ئێمە ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەم ژمارانەی کە دانراوە بۆ سالێکە، یەعنی (2500000) دینار بۆ سالێکە, داهاتی سالێك ژمارەیەکی زۆر نییە، کە هاوولاتی لێی ئیعفا بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان چاکە ئەوەی لەناو کەوانەکە لابېرێت و هەر یەکە لە پیاو و ژن ئیعفا بکرێن بە مەبلەغی دوو ملیۆن و نیو، ئەمە سەبارەت بە بڕگەی (أ).

سەبارەت بە بڕگەی (ج) (لێخۆشبوون بۆ هەر منداڵێك لە بڕی دوو سەد هەزار دینار)، دوو سەد هەزاری دیناری ئێستا بەڕاستی بۆ منداڵێك لە ماوەی یەك ساڵدا تۆ لێی خۆش ببێت، زەریبەی لێ نەدەیت و باجی لێ نەدەیت، هیچ نییە، هەر چ کەسێك لە ئێمە ئەگەر بیەوێت لە جەژندا دڵی منداڵەکەی خۆش بکات و پۆشتەی بکاتەوە زیاتر لە دوو سەد هەزار دینار شتی بۆ دەکڕێت، جلوبەرگی بۆ دەکڕێت، لە سالێکدا ئێمە دوو سەد هەزار دینار بۆ منداڵێك لێی خۆش بین بۆ باج، بەڕاستی مەبلەغێکە هیچ نییە، بۆیە ئێمە پێشنیاز دەکەین ئەو مەبلەغی دوو سەد هەزار دینارە ببێت بە یەك ملیۆن، هەموو منداڵێك لە ماوەی سالێکدا یەك ملیۆن دینار لێی ببوورێت، لێبووردن بۆ هەر منداڵێك لە دوو سەد هەزار دینارەوە ببێت بە یەك ملیۆن دینار.

تێبینیەکی ترمان هەیە، لێخۆشبوون لە منداڵی لای بێوەژن، یان تەلاقدراو، ئەویش بە هەمان شێوە لە دوو سەد هەزار دینارەوە ببێت بە یەك ملیۆن دینار، بەڕاستی ئافرەتێك جیا بۆتەوە، یان مێردەکەی وەفاتی کردووە، بەڕاستی باریکی گرانتری بەسەر داکەوتووە، ئێمە مەعقول نییە جارێك دوو سەد هەزار دینار مەبلەغێك نییە، کە هیچ ئینسانێکی پێ بژیت، ئینجا جگە لەوە پێویستە رەچاوی ئەو بارە تایبەتەیە کۆمەلایەتیە بکرێت بەنیسبەت ئەو ئافرەتانەوە.

تێبینیەکی ترمان هەیە، سەبارەت بە بڕگەیەکی تری لە پرۆژەی یاسایەکە، ئەو کەسەی کە تەمەنی لە (63) ساڵ تەجاوز دەکات، سێ سەد هەزار دینار لێخۆش بوون هەیە سەبارەت بە باج، ئێمە پێمان وایە وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری، ئەو کەسەی تەمەنی لە (63) ساڵ تەجاوز دەکات، یەکەم/ نەخۆشی و دەردەکانی زیاتر دەبن ریعایەی زیاتری دەوێت بەڕاستی، دەبێت موڕاعاتی زیاتر بکرێت و پێداویستیەکانیشی زیاتر دەبێت، بۆ سەربەخۆیی زیاترو، بۆ پارێزگاری کردنی کرامەتی مرۆڤ و بەتایبەتی ئەو کەسانەی بە ساڵدا دەچن و خزمەتی ئەم ولاتەو ئەم میللەتەو ئەو خەڵکەیان کردووە، دەبێت لێخۆش بوونەکە لە سێ سەد هەزار دینار بکرێت بە یەك ملیۆن دینار، چونکە بەڕاستی ئەم سێ سەد هەزارە مەبلەغێکی زۆر نییە باس بکرێت، بڕگەی (و)، ئەمە پێمان چاکە هەر لابېرێت لە پرۆژەکە، بە زیادی دەزانین، بڕگەی (و) دەڵێ (و- باجدەر لێبووردنی دەربارەی ئەو منداڵانەی کە هەژدە ساڵیان تەواو کردووە، داهاتێکی سەبەرخۆیان هەیە لە (200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی سالانە زیاترە، هەتا ئەگەر لەسەر خوێندن بەردەوامیش بن، پێ نادرێ)، ئێمە پێمان چاکە ئەم بڕگەیە نەمێنێت لە پرۆژەی یاسایەکە، ئێمە لە پێشنیازەکانماندا بەڕاستی یەکسانی ژن و پیاومان رەچاو کردووە، یەك/ هەڵئاوسانی

ئابووری و باری ئابووری حاڵەتی ئاستی ژیانی ئابووری خەڵکەکەمان ڕەچاو کردووە، قیمەتی ئەو پارەیەمان ڕەچاو کردووە، بۆیە تکا دەکەین پشتگیری لەو پێشنیارە بکرێت و زۆر زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك دلێر ئێستا شەرحەکەت باش بوو، بەڵام ئەرقامەکانمان لێ تێکچووە، پێمان بڵێی موقابیلی ئەو ڕەقمانەی پرۆژەکەو لیژنەی یاسایی ڕەقمەکانت چیە، مەسەلەن (یەك و دوو و سێ) تەسەلسول بنووسین و خەڵك بیزانێت.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشنیازەکانی ئێمە ئەوەیە هەر خێزانێك ژن و پیاو، نەك تەنها یەکێکیان دوو ملیۆن و نیو دینار لێبووردنی لێ بکرێت، واتا ژنیش لێبووردنی لێ بکرێت لەگەڵ پیاودا لە خێزانێکدا، بەڵێ هەریەکەیان، یەعنی ئافرەت بە شەخصیەتێکی موستەقیل حیساب بکرێت، نەك تابعی پیاو بێت، ئەوەی دووەم/ هەر منداڵێك ئەو بڕە پارەی کە لە پرۆژە یاسایەکە دوو سەد هەزار دیناری سالانە ئیعفا کراوە لە زەریبە، ئێمە پێمان چاکە ئەو دوو سەد هەزار دیناڕە بکرێتە یەك ملیۆن دینار، فەقەرەیەکی تر، لێخۆش بوون بۆ ئەو منداڵانەی کە لەلای بێوەژن، یاخود ئەو کەسانەی، ئەو ئافرەتانەی جیا بوونەتەوە لە مێردەکانیان منداڵەکانیان لە لایە دوو سەد هەزار دینار ئیعفا کراون، تەبعەن ئەمە بار گرانیەکە بەسەر ئەو ئافرەتانەوە بەڕاستی، لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە هیچ کاتێك منداڵێك بە دوو سەد هەزار دینار سالانە بەخێو ناکرێت، بۆیە ئێمە پێمان چاکە ئەم دوو سەد هەزار دیناڕە بکرێتە یەك ملیۆن دینار.

فەقەرەیەکی تری تیایە، هـ- سەبارەت بەوانەی کە تەمەنیان لە 63 سالێ زیاترە لە سێ سەد هەزار لە داهاتەکەیان ئیعفا کراوە، ئێمە پێمان چاکە لە یەك ملیۆن دینار ئیعفا بکرێت، چونکە مرۆڤی بە تەمەن پێداویستیەکانی زیاترە، دەبێت ئیستیقلالیەتی زیاتر بۆ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەڵێت ئەوە بار بە سەر منداڵەکانی و حاڵەتێکی ئیجتیماعی نالەباری بۆ دروست بکرێت، ئەمە جگە لەوەی بەڕاستی ئینسان تا بە تەمەندا بچێت باری تەندروستیشی بەرەو خراپتر دەچێت و زیاتر پێویستی بە موڕاعات هەیە، ئەگەر ئێمە ڕەچاوی ئەوەش بکەین لایەنی کۆمەلایەتی بەڕاستی ئەو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەی، ئەو ئیلتیزامەی کە جاران لە کۆمەڵگای ئێمە هەبوو، بەداخەوە وردە وردە بەرەو لاواز بوون و بێ هێزی دەڕوات، بۆیە کەسانی بە تەمەن زیاتر موڕاعات بکرێن، ئەمە بریتی بوو لەو پێشنیازانەی ئێمە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئەوەی فەقەرەی (و) لیژنەی دارایی داوا دەکات ئیلغا بکرێتن، پێم وایە شتێکی تەبیعییە، بەڵام یەك شت هەیە مەسەلەن کە دەڵێت ئەوەی تەمەنی (63) سالێ تەجاوزی کردووە، خۆ ئەوە دوو ملیۆنەکە ئیعفا دەیگرێتەوە، ئیعفایەکانی تریش دەیگرێتەوە، ئەوە ئیزافیە، وەنەبێتن بڵێی ئەوە سێ سەد هەزارە لە جیاتی دوو ملیۆنەکە، لەگەڵ ئەوەشدا جەنابی وەزیر لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی ئەگەر ڕەئیت هەیە فەرموو.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە یەکسانی هەبێت لە بەینی ئافرەت و پیاو، بەس ئەو یاسایەی کە دانراوە مەبەستیان ئەوە بووە، کە پیاو عادەتەن خێزانەکە بەڕێوە دەبات، بۆیە رێژەکە بەنیسبەت پیاو زیاترە، سەماحەکەی لەوەی کە بۆ ژن دانراوە لە قانونی زەریبە بەپێچەوانەی یاسایی زەریبەی عەقار، ئەگەر پیاوێك سێ، چوار ژنی هەبێت، بەس یەك شمول دەکات، ژنەکانی دیکە سەماحی قانونیان پێ نادرێت.

بەنیسبەت تەمەنی (63) ساڵ جەنابت کە باست کرد، ئەو مەبلەغە تەنیا سێ سەد هەزار دینارەکە سەماحی تەمەنە، سەماحەکەی تر شمولی دەکات، ئێمە دەبێت بێین سەیری بکەین هەتا ئێستا وەزعەکە چۆن بووەو چۆن وەرمان دەگرت، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان وازیحتر بێت لە لایان لە سلێمانی و هەولێر لە هەردوو شوێن، ئێمە هەتا ئێستا سەماحی قانونی کە دەماندا بۆ باجدەر سێ سەد هەزار دینار تا چوار سەد هەزار دینار بوون، ژن و پیاویش وەك یەك یاسای لێبووردنیان هەبووە، بێوەژنیش هەمان شێوە حیساب دەکرا، منداڵیش سی هەزار دینار سەماحی هەبوو، سەماحی عومریش سی هەزار دیناری هەبوو، ئێستا ئێمە سێ هەزارو چوار سەدو پەنجا هەزار دینار یەکسەر دێین سەر دەکەوین بۆ دوو ملیۆن و نیو بۆ پیاو و دوو ملیۆن بۆ خێزانەکەی، یەعنی لە سێ سەد هەزار بێین زیادی دەکەین بۆ دوو ملیۆن و نیو، ئەوە یەك ئەو گۆڕانکاریەی کە کراوەو ئێستا وا تەتبیقی دەکەین، هەر منداڵێك وەکو باسم کرد هەر منداڵێك لە سی هەزار دینار زیادمان کرد بۆ دوو سەد هەزار دینار، لێرە بێوەژن سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار دیناری بۆ دانراوە، بۆ هەر منداڵێکیشی دوو سەد هەزار دینار دانراوە، یەعنی گۆڕانکارییەکی زۆرمان کردووە، ئێمە لە تەسهیلات کردن، چەندین بەرابەر کردن زیاد بووە، ئەویتر ئەگەر بێین باس بکەین موقارنە بکەین لەگەڵ دیناری سویسری و دیناری چاپی کە ناسراوە بە بریمەرو ئەوانە، دەبێت ئەوەش حیساب بکەین کە ئەوانە ئەو وەخت بەرامبەر بە دۆلار سعریان چەند بوو (1500) بوو، بەلاّم بە عەکسەوە دینار بەقوەتتر بوو، دابەزی بۆ هەزارو دوو سەدو شەست، ئێستا دابەزیوە بۆ هەزارو دوو سەد، بۆ ساڵی داهاتوو بۆ هەزارو دوو سەد، رەنگە بەرنامەش هەبێت کە دابەزێت بۆ هەزار، یەعنی ئەو موعادەلەیەش هەیە، کە نرخی دراوی ئێمە بەقوەت بوو موقابیلی دۆلار ئیعتیادی تەئسیر لە بازاڕیش دەکات، ئینجا دەمێنێتەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە ئیقتیراحی ئێمە بووە، چۆن بە مەسلّەحەت دەزانن وا بڕیار بدرێت، ئێمە پاش ئەوە زەوابت دەردەکەین، بەس دەبێت حیسابی ئەوەش بکەین، وەکو باسم کرد، ئێمە ناوچەکانی تریشمان هەیە لە عێراق کە زۆر جیا نەبینەوە لەوان، ئەگەر هەر هەرێمی کوردستان حیساب بکەین، کە ناوچەیەکی نەوتییە، خۆ هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، خۆ وەسەت و جنوب زیاتر نەوتیان هەیە لە ئێستا لە ئێمەو، ئەگەر وەزعی مووچە بێت، مەعیشەت بێت، هەموومان لە چوارچێوەی عێراق دەژین، هەر چەند لێرە ئاستی ژیان بەرزترە، بەلاّم ئەوە بەردەوام نابێت، وەزعی ئەمنی ئەگەر لە عێراق باش بوو, موتەئکید بن بەو ئیمکانیەتەی کە وەسەت و جنوب هەیەتی لە خیلالی دوو ساڵ، سێ ساڵ، ئەو پازدە ساڵەی ئێمە کە پێشکەوتنمان هەیە، پێش ئێمە دەکەون، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، دکتۆرە هالە فەرموو.

بەڕێز د.هالە سهیل وادی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت فەقەرەی (و) ئەگەر هاتوو موقتەرەحەکەی لیژنەی دارایی قەبول نەکرا، پێشنیار دەکەم فەقەرەی ئەخیر ئیلغا بکرێت، کە دەڵێت (ولو استمروا علی الدراسة) با ئێمە تەشجیعی خوێندن بکەین، با تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاتر بێت، با وەزیفەی هەبێت و داهاتی خۆی هەبێت، با تەشجیعی بکەین بخوێنێت و با باوکەکە ئیعفا بێت لە زەریبە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دوو روون کردنەوەم هەیە، یەکەم/ ئێستا لە 80٪ی ژنان ئەگەر زیاتریش نەبێت هاوشانی پیاوان ئەرکی مەسەرەف و هی ماڵیان لەسەرە، ئەو تێروانینە کۆنە زۆر دەمێکە بەسەر چووە، کە ئەرکی بەخێو کردنی ماڵ و منداڵ تەنیا لە ئەستۆی پیاوان، ئێستا هەموومان وەزعی هەرێم دەزانین کە لە 80٪ی زیاتری ژنان لەوە بەشدارن.

دووەم/ لەسەر ئەو مەسەلەی کە باج، پێم وایە خاڵی (ب)ە عەفوو کردنی پیاو و ژنەکانی، هەموومان دەزانین بەپێی بڕیاری 63ی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو پیاوەی دوو ژنی هەیە سزا دەدرێت، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستانی یەکگرتووش دەیەوێت ئەو بڕیارە تەصدیق بکات، کەچی لێرە موکافەئە دەکرێت، جەنابی وەزیر دەڵێ ئەگەر سێ، چوار ژنی هەبوو هەموویان عەفوو دەکرێن، ئەمە زۆر ئیهانەیە بە ژنان، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بە عەکسەوە گوتی، گوتی عەفوو ناکرێن، سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری لە قسەکانی خاتوو کوێستان دەکەم، بەڕێز وەزیر ئێستا هەڵستا گوتی زۆری ئەرکەکە لەسەر پیاوە، ئەی ژنیش هەیە پیاوی نییە، ئەرکەکە هەر لەسەریەتی، فەقەرەی بۆ جیا کراوەتەوە، مەبەستم قسەکەی بەڕێزیەتی، بۆ ئەوەی ئێمە بەو ئسلوبە قسە نەکەین، ئێمە زیاتر هەوڵ بدەین کۆمەڵگای کوردی بەڕاستی بەرەو مەدەنیەت بڕوات، بەرەو ئەوەی کە مافی ژنەکان جوان دابین بکرێت، کە ئێمە بەو شێوەیە قسەمان کرد، ئەوە یەعنی هەرچی هەوڵێك دەدەین رەنجەکەمان بە خەسارە، خاڵی (و) بەڕاستی من پشتگیری لیژنەی دارایی دەکەم، ئەگەر لاببرێت، لەبەر ئەوەی ئەو موکەلەفە، ئێمە هەتاکو ئێستا لە کوردستاندا منداڵی هەژدە ساڵ زۆر بە دەگمەن دەخلی خۆی هەیە، چونکە زۆری بەردەوامە لەسەر خوێندن، ئەگەر واش نەبێت، ئەگەر ئیلغاش نەکرێتەوە پشتگیری لە پێشنیارەکەی دکتۆرە هالە دەکەم (ولو استمروا علی الدراسە) لاببرێت، چونکە ئێمە دەبێت تەشجیعی ئەوە بکەین، کە منداڵ بتوانێت زیاتر بخوێنێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

بەڕێز محمد فرج احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەر لە ئەوەلەوە لێی تێ نەگەیشتم بەڕاستی، ئەم خەتە ساخینە هەر گشتمان لێی تێ نەگەیشتین، ئایا زەریبەی دەخل لە کوێوە دەست پێ دەکات، بە هەر حاڵ ئەگەر تەوزیحێکی تر هەبێت خراپ نییە.

دوو/ ئەو باسی موساواتە قسەیەکی دروستە، یەعنی پیاو و ژن ببێت ئەوەی کاك دکتۆر دلێر گوتی، بەڵام خەڵکێکی زۆریش هەیە هەر پیاوەکە موەزەفە، یەعنی ژنەکە موەزەف نییە، یەعنی ئەگەر ئەوان هەردووکیان حیساب بکرێن، ئەگەر هەردووکیان موەزەف بن، حەقە لەوێ جیاوازییەك هەبێت، لو پیاوەی کە تەنها پیاوەکە، یان تەنها ژنەکە لە زۆر ماڵیشدا تەنها ژنەکە موەزەفە، پیاوەکە موەزەف نییە، یەعنی موڕاعاتی ئەو موساواتە بکرێت، قسەیەکی دروستە.

سێ/ من پێشنیارێکم هەیە، پێشنیارەکەم ئەوەیە سەماحەت، تکا دەکەم بە ژمارە نەبێت، یەعنی دوو سەد هەزار، یان سێ سەد هەزار، ئەوە مەبەستەکەی ئەوەیە کە ئیتر دەستکاری مەعاشات و رەواتب ناکرێت، بۆ بەرز بوونەوەو نزم بوونەوە، بکرێت بە رێژە، مەسەلەن لە 2٪، لە 1٪ بۆ ئەوەی هەر کاتێك ئەگەر دەستکاری رەواتب کرا، ئەمە هەر وەکو خۆی بمێنێت، رێژەکە گرنگترە، بەڵام کە دەیکەیت بە ژمارە دەڵێی دوو سەد هەزار، ئیتر دەبێت ئەگەر جارێکی تر چۆن ئەم رێژەیە بگۆڕین، لە کاتێکدا ئێستا یەعنی کاتی ئەوە هەیە دکتۆر دلێر گوتی، یەعنی تەزەخومێکی مالی زۆر گەورە دروست بووە لەم کوردستانە، یەك بە دوو سەد، یەك بە سێ سەد، ئەو موچەیەش کە وەردەگیرێت هەر موچە کۆنەکەیە, کاتی خۆی کە لەسەر ئەو ئەساسە دراوە، ئێستا بەراوردەکە زۆر نارێکەو ناهاوسەنگە، ئایا کە تۆ دەڵێیت دوو سەد هەزار لەسەر ئەساسێکی کۆن دانراوە سێ ساڵ لەمەوپێش چۆن دەیگۆڕیت، بەڵام کە بیکەیت بە رێژە، دەستکاری کردنی موچە شتێکی ئاسانتر دەبێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم، ئەو ژمارەیە بگۆڕیت بە رێژە لە سەدا ئەوەندە، لە هەر کاتێکدا قسە دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین دەستکاری موچە لە هەر کاتێکدا بمانەوێت بیکەین، هەروەها لێرە موعەوەق لەبەر چاو نەگیراوە، کەم ئەندام، یان خاوەن تایبەتمەندیە خاصەکان لەبەر چاو نەگیراوە، بەڵام باسی ئەمانە لە هەر خێزانێکدا ببن، یەعنی دەبێت موڕاعاتێکی تایبەتی بکرێت، چونکە ئەرکیان قورسە، مەشاکلیان هەیە، یەعنی لە ماڵی وا هەیە دووانی تیایە، ئەمانە هینیان بۆ دیاری بکرێت، یەعنی ئەو کەسانەی کەوا خەڵکی ئەوها کەم ئەندامیان هەیە لەم سەماحانە ببوورێن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر ئەگەر موافەقەی بکەیت، دیارە رەئی لیژنەی دارایی دوو، سێ برادەریش هەر تەئیدی دەکەن، ژن ببێتە دوو ملیۆن شتێکی ئەوتۆ نابێتن، ئەوە جەنابی وەزیریش موافەقەتی کرد، موقتەرەحەکەی لیژنەی یاسایی بەنیسبەت ژن و پیاو وەکو یەکە، بڕگە (ب) دەبێتە دوو ملیۆن و نیو، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە قسە دەکەن ئەو مەوزوعە تەواو بوو و یەکلا کرایەوە، موقتەرەحی لیژنەی دارایی قەبول کرا، جەنابی وەزیریش قەبولی کرد، هی منداڵ دوو سەد هەزارەکە داوای کردووە ببێتە ملیۆنێك، پێم وایە بڕێك زۆرە، ئەگەر ئەوەش جەنابی وەزیر رەقەمێك بدات مەسەلەن چوار سەد، پێنج سەد هەزارێك.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو منداڵەی کە هەتا بیست و پێنج ساڵیش تەمەنی بێت دەرس بخوێنێت خۆ بەخۆی عەفوە، سەماحی دەدرێتێ، وەکو تر چ موشکیلە نییە، چ رەقەمێك زیاد بکەن، ئێمەش تەنفیزی دەکەین، بەس هەندێك شتی تر حەزم کرد عەرزی بەڕێزی ئەندامان بکەم بەتایبەتی کە پرسیاریان کرد لەسەر موعەوەق، موعەوەق هەر بە قاصر دادەنرێت، یەعنی بەپێی باجی دەرامەت و سەماحی پێ دەدرێت، کچیش تا شوو بکات عەینی شت لەسەر باوکی حیسابەو سەماحی پێ دەدرێت، بەنیسبەت زەریبەی دەخل لە چ وەردەگیرێت، لە قازانجی ئیش وەردەگیرێت، هەموو ساڵێك زەوابت و تەعلیمات دادەنرێت بۆ میهنەکان، تەماشا دەکەن قازانجی هەر یەك لەو میهنەی، لەو ئیشەی کە دەیکات چەندە، لەسەر ئەو ئەساسە زەریبەکە حیساب دەکرێت، بەو سەماحە وابزانم زۆریان هەر عەفو دەبن لە زەریبە، بەس من مانیعم نییە، بەنیسبەت منداڵ سێ سەد، چوار سەد، هەر زەریبە نامێنێت بەڕاستی، بەس حەز دەکەم ئەوە پێتان بڵێم، پرسیارێکیشیان کرد دەربارەی ئەوەی ئەگەر ژن ئیش بکات، مێردی ئیشی نەبێت سەماحی مێردیشی ژنەکە دەیبات و ئەو حاڵەتەش هەیە لە یاسا، یەعنی زۆر جار ژن باجەکە بۆی دەگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خۆی منیش با وەکو کاك جەمال قاسم باسی دەرەوە بکەین، دوێنێ ئاماژەی بە شتێکی زۆر گرنگ کرد بەڕاستی، حکومەت، وەزارەتی دارایی حەقە بەرنامەیەکی هەبێت بۆ داهات لە زەریبەی غەیری موباشیر زیاد بکات، چونکە زەریبەی موباشیر ئەوەلەن/ تەئسیر لە هاوولاتی دەکات، ئەوانەی موچەشیان کەمە، داهاتیان کەمە، رەنگە تەئسیریان لێ بکاتن، لە ولاتانی ئەوروپادا زۆریان نیسبەیەك دادەنێن لەسەر داهات، بەڵام لەبەر ئەوەی لێرە ناتوانین داهاتەکە دابنێین, چونکە نیزامی بانکمان نییە، تاوەکو بزانین حەددێکی موعەیەن، نەگاتە ئەو حەددەی زەریبە ناداتن، یەعنی مەسەلەن حەددی ئەدنای مەعاشات چەندە پێنج سەد دۆلارە، ئەوە نایگرێتەوە، هیچ زەریبەیەك نایگرێتەوە، هەتا دەگاتە هەزار دۆلاریش زەریبە نایگرێتەوە فەما فەوق، بەس لەبەر ئەوەی لە بانکدا پارەی چەندە، کە گەیشت مەجبورە بچێتن ئیستیمارەیەك پڕ دەکاتەوە، دەڵێ من پارەم ئەوەندە هەیە زەریبەکەی لێ دەسندرێت، زەریبەی غەیر موباشیرە, نیزامێکە هێشتا لە کوردستاندا تەتبیق نەکراوەو ئالیەتی دەوێت، بەڵام دەبێت بەرنامەجمان هەبێتن، ئەوە کاك جەمال ئاماژەی پێ کرد، لە چێشتخانە بەشێك بۆ حکومەت دەڕوات، رێگاوبان زەریبەی لەسەرە بۆ حکومەت دەڕوات، سوپەر مارکێت هەرچی بکڕیت نیسبەیەکی تێدایە بۆ حکومەت دەڕوات، ئەو زەریبانە لەسەر هاوولاتی بێ دەرامەت، کەم دەرامەت ئەسەری زۆر کەمە، مەسەلەن رێگاوبان ئەوەی سەیارەی نەبێتن هاتوچۆ ناکات لەناو شارەکان، ئەوجا زەریبەی نادات، رێستۆرانتەکان, ئەگەر داهاتی باشی نەبێتن، ناچێتە رێستۆرانت نان بخوات، ئەو زەریبەیە لەو کەسانە وەردەگیرێت، کە ئیمکانیەتیان هەیە، قودرەتیان هەیە، بۆیە ئەگەر بەرنامەجێك هەبێتن لە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم تێدا بە دیراسەتەوە وردە وردە ئەو جۆرە زەریبانە زیاد بکرێتن کە غەیر موباشیرن، زەریبەی موباشیر کەم بکرێتەوە، ئەو مەسەلەیە تەحقیق دەکات، کە دوێنێ کاك جەمال ئاماژەی پێ کردو ئەو رەئییانەی کە لیژنەی داراییش ئەو وەختی بەو هینە نابێتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا لەو مەرحەلەیەدا پێم وایە بەو شێوەیە ناتوانین بیکەین، ئەوەی لیژنەی دارایی گوتوویەتی، نوقتەی یەکەم هی ژن و پیاو وەکو یەك بێتن، راستە حەقی خۆیەتی، یەك ژنیش، نەك چوار، پێنج ژن و ئەوانە، بۆ منداڵەکان دوو سەد هەزار نووسراوە، یەعنی ببێتە سێ سەد هەزار، چونکە منداڵیش هەر لەگەڵ هینەکەی خۆیەتی، هی تەمەنی 63 ساڵ تەواو

دەکاتن دوو ملیۆنەکەی لەوێ هەیە، سەماحی لەوێ هەیە دوو ملیۆنەکە، کە تەمەنی بووە 63 ساڵ، یەعنی مەفروز وایە ئیمکانیەتی زیاد کردووە، نەك کەم کردووە، دەولەمەندتر بووە، ئیمکانیاتی هەیە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەماحەتە تازەیە لەسەر داوای لیژنەی دارایی، یەعنی هەردووکیان یەکیان هین بکات، هەم منداڵەکان، هەم (63) ساڵەکە زیاتر تۆزێك زیاد بکرێتن، رەئی جەنابی وەزیرو ئەوە دیراسەتی خۆتانە، بەلأم ئێمە موڕاعاتی حکومەت دەکەین، دەمانەوێت حکومەتمان دەولەمەند بێت و بەقوەت بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت خەدەمات تەقدیم بکات، بۆ ئەوەمان نییە پارە لە بانك دابنرێت و زیاد بکرێت، دەمانەوێت خەدەمات تەقدیم بکاتن، بۆیە لە هەمان کاتدا دیفاع لە هاوواڵتی دەکەین، دیفاع لەوەش دەکەین کە حکومەتیش پێویستی بە داهات هەیە، دوایێ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هاوواڵتی، ئەو پارەیەی کە بۆ حکومەت دەچێتن، لێرە حکومەت دەبێت رێگاوبان زیاد بکات، ئیهتیمام بە کارەبا بدات، گرنگی بە تەندروستی بدات، پارە تەرخان بکات بۆ زیاد کردنی مووچە، جا نازانم ئەگەر رەئیەکت هەبێت لەسەر ئەو رەقمانەی کە لیژنەی دارایی گوتوویەتی، بەڵکو لەوەی کە منیش گوتم تۆزێك زیاتری بکەیت باشترە.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من رەئیم ئەوە بوو لە (63 ساڵ), سێ سەدەکە بکەینە پێنج سەد، دوو سەدەکە بکەینە سێ سەد، نازانم چونکە یەك منداڵ نییە، مەجموعەیەك منداڵن، ئەگەر هەمووی حیساب بکرێت سەماحی پیاو لێرەش سەماحی ژن وەکو پیاو ئەوە بووە پێنج ملیۆن، منداڵیش سێی هەبێت، چواری هەبێت، من زیاتر نالێم حیساب بکە هەر هیچ نەما بەڕاستی بۆ زەریبە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

پێمان وایە باشە, وەزیر دەست کراوەیە, زۆر سوپاسی دەکەین، من پێم وایە لیژنەی دارایی ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر قەبول بکات، پێشنیارەکەی خۆی تەعدیل بکات، بۆ 63 ساڵەکەی دەبێتە پێنج سەد هەزار، منداڵەکەش دوو سەد هەزار دەکرێتە سێ سەد هەزار، چونکە یەك منداڵ نییە، دوو منداڵ نییە، سێ نییە، مومکینە شەش، حەوتێکی هەبێت، کاك دلێر ئەگەر پێت باش بێت، بۆ ئەوانەی قسەیان ماوە نەچنە سەر ئەو مەوزوعانە، دەمەوێت ئیختیساری بکەین، بۆ ئەوەی وەختەکەمان لێ هین بێتن، فەرموو کاك دلێر.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە، کە باجێك دەبێت هەبێت، دەبێت هاوواڵتی باج بدات، زەریبە بدات، یەکێك لەو هۆکارانەی کە وەکو پێویست لەلای ئێمەی هاوواڵتی، دەسەاڵت پێکەوە گرێ نەدراون، ئەوەیە هاوواڵتی موساهەمەی نییە، باج نادات، لەبەر ئەوەی ناتوانێت وەکو پێویست موحاسەبەی دەسەاڵت بکات، هەر بۆیە دەسەاڵتەکانیش دەسەاڵتیان زیاتر و دەست درێژترن، بەلأم نابێت باج بەو شێوەیە وەربگیرێتەوە وەکو ئێمە راستەوخۆ وەریدەگرین، ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی تر باج وەربگرین، دەولەت، یان دەسەاڵت دەتوانێت باج وەربگرێت، بۆ نموونە ئێمە شارەوانی هەموو گەڕەکەکانمان خاوێن دەکاتەوە, ئێمە کۆاڵنەکان پیس دەکەینەوە، کەسیش باج لە ئێمە ناسەنێت، ئاو, لە زۆربەی زۆری ماڵەکاندا ئاو شێرەی نییەو کراوەتەوەو بەفیرۆ دەڕوات و, ئەو ئاوەی کە دەخورێتەوە هەمان ئاوە لە کەم ولاتان شتی وا هەیە کە

باخیشی پێ ئاو بدرێت و خەڵك خۆشی پێ بشوات و جلیشی پێ بشوات و هەموو پێداویستیەکان هەر بەو ئاوە دەکرێت، ئەمە سەروەت و سامانێکی نەتەوایەتی گەورەیەو بە فیڕۆ دەچێت، مەفروز وایە باج بخرێتە سەر ئەم شتانە بەڕاستی، کارەبا، من نالێم باجێکی زۆری بخرێتە سەری، سپلێت, مالّی وا هەیە شەش، حەوت سپلێتی تێدا هەیە، ئەمە کارەبایەکی زۆری دەوێت، دەبێت زەریبەی بخرێتە سەر سپلێت، زەریبە بخرێتە سەر جگەرەو سەر خواردنەوەو کحولیەکان، ئەمانە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وەلأمم بدەوە کاك دلێر، ئەمانە باسی ئوجورە، ئەگەر تۆ لەسەر پێشنیارەکەی من گوتم.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڵێ، ئێمە پێمان وا بێت زیاد کردنی دوو سەد هەزار دینار بۆ سێ سەد هەزار بۆ هەر منداڵێك هیچ لە حەقیقەتەکە ناگۆڕێت، منالّێك سالأنە بە سێ سەد هەزار ناڕیت، مانگانە بە سێ سەد هەزار ناڕیت، یەعنی لەبەر ئەوەی ئەو ئیعفایەی کە ئێمە دەیکەین بۆ هەر منالّێك شتێکی زۆر زۆر کەمە، بۆیە ئێمە ئەو ڕێژەیەمان بەرز کردۆتەوە بۆ ملیۆنێك، بۆیە وەکو هەنگاوی یەکەم لەو ئاستە، ئێمە پێمان چاکە نیو ملیۆن بێت، یەعنی سەماحەکە ببێت بە نیو ملیۆن.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەگەڵ تەواوی پێشنیازەکانی لیژنەی دارایی و ئابووریم، لەبەر ئەوەی جەنابت فەرمووت هیچ باس مەکە زۆر شتم لە لا خربۆوە، بەلأم پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، دەڵێ ئەگەر یەکێك فرە ژنی هەبوو، بە ژنێك دەبووڕێت، کامە ژن، بە ژنی یەکەم، یان ئەخیر، ئەو ژنەی لەناو تۆزدایە، یان ئەوەی لەناو بۆرصەدایە، ئەو پرسیارەم هەیە.

دوو/ بەڕێزی فەرمووی ئەو قوتابیەی کەوا بەردەوامە لە خوێندن، هەتا خوێندن تەواو دەکات هەتا بیست و پێنج سالّی بۆ دانا، ئەی لە دوای (25) سالّەکە، ئەگەر بەردەوام بێت، ئێستا هینێك هەیە لەزانکۆیەکاندا یەکسەر لە ماستەرو دکتۆرا قەبول دەبێت، ئەی ئەوە چی لێ دەکەین؟ جا بۆیە با مەفتوح بێت، پێویست بەو (25) سالّە نەکرێت، هەتا دادەمەزرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ڕەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من یەك تێبینیم هەیە، پێشەکی پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەم بە کاملی، ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت فەقەرەی (ج) کە دەڵێت هەر منداڵێك دوو سەد هەزار دینـاری هەیـە، مەقصـەدم صـیغەی هاتنەکەی، نووسینەکەی دەڵێ (عن کل ولـد مـن اولاده بغـض النظـر عـن عـددهم)، پێشـنیار دەکـەم ئیزافـە بکرێتن (بغض النظر عن عددهم واعمالهم مالم یکون لهم دخل مستقل)، چونکە ماڵێکە دەبینی سـێ، چـوار کچی هەیەو لە ماڵێ ماوە هیـچ مەعاشی نییە، هیـچ ئیرادێکی نییە لەلای دایك و باوکێتی بەخێو کردنی، یان منداڵە زانکۆی تەواو نەکردووە، ئەوە تەسبیت بکرێت شتێکی باشەو خراپ نییە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك جەعفەر فەرموو.

بەڕێز جعفر مصطفی معروف

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، ئەوە یەك.

دوو/ بڕگەی (هـ) ئەوە پارەیە زیـاد بکرێـت سـێ سـەد هەزارەکـە، حـاڵێکی تـر ئێمـە بـەپێی سـەرژمێرەکانی شەرقی ئەوسەت بەتایبەتی کوردستانیش لەگەڵی, لە تەمـەنی شەسـت سـاڵی بـە پـیری حیسـابە، (62) سـاڵ تەقاعودە، ئەو شەستە بکرێت بە (63) سالّ بەرەو ژوور، نەك لە (63) بەرەو ژوور، پارەکە زیاد بکرێت لە سێ سـەد بکرێـت بـە پێـنج سـەد هـەزار دینـار، (63) سـاڵەکەش بکرێـت بـە (60) سـاڵ، لـە شەسـت بـەرەو ژوورتر، چونکە تەمەنەکە لە شەست و سێ بەرەو تەقاعودی دەچێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك ئارام فەرموو.

بەڕێز ئارام رسول مامند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لەڕاسـتیدا جـەنابتان زۆر شـتان روون کـردەوە، پێویسـت ناکـات ئێمـە باسـی لێـوە بکـەین، مـن هێنانـەوەی نموونەی ئەوروپا زۆر شتێکی باش بوو، لەبـەر ئـەوەی لـە زۆربـەی ولاتـان چ کاتێـك زەریبـە زیـاد دەکرێـت، یاخود کاتێك لێبووردنێك دەبەخشرێت، بەڕاستی بەدل سەدێکی زۆر کـەم حیسابی لەسـەر دەکرێـت، بـەلاّم لەلای ئێمەوە یەکسەر لە سی هەزارەوە بۆ ملیۆنێك، بەو پێیەو من پێم وایە پـازدە سـاڵی تـریش زەحمەتـە ئێمە جارێکی تر وەزیری دارایی، یـان پرۆژەیـەکی بـەو چەشـنە ببینـین لێـرە، کـە هـیچ جـۆرە لێبوورنێـك ببەخشێت، بۆیە من پێم وایە ئەوەی کە پێشـنیار کـراون بـەو رێژانـەی کـە جەنابیشتان ئیشارەتتان پێـدا، بەتایبەتی بەنیسبەت منداڵ سەد هەزار دینار زیاد بکرێت، شتێکی زۆر باشە، ناکرێت ئێمە یەکسەر لە سـی هەزارەوە بڕۆین بۆ ملیۆنێك، من پێم وایە ئـەوە هـیچ بنەمایـەکی زانسـتی تیـا نییـە، هەرچـەندە ئـابووری هەرێم بەهەر شێوەیەك بڕوات، ئەم گۆڕانە بەڕاستی بـە گـۆڕانێکی کتـوپڕی دەبینـم بـەبێ دیراسـە، ئەمـە یەکەم.

دووەم/ من پشتیوانی لەو رەئیەی لیژنـەی دارایی و ئابووری دەکەم، تەنها بـە لابردنـی بڕگـەی (و) کـە پـێم وایە شتێکی زیادەو دەکرێت لایبدەین لەو ماددەیە، لە هەمان کاتیشدا هـەمان ئـەو رەئیـەی کـاك دکتـۆر کـە تازە خۆی باسی کرد، دەکرێت وەزارەتـی دارایـی بـاس لەسـەر کۆمـەڵێك مـەواد بکـات, کـە ئێستا لـە بـازاڕدا خەڵك دەیکڕێت و بەکاری دەهێنێت باج لەسەر ئەوە دابنێت، بۆ نموونە جگەرەو مەشروب و چەند شتێکی

تر، چونکه ئێمه هەموو ساڵانە لە ئەوروپا، کاتێك کە وەختی حیساب کردنی ئەو باج و هینی ساڵانە دێتەوە، دەبینین هەموو ساڵێك باج لەسەر جگەرەو مەشروب و هەندێ شتی تر زیاد دەکات، دەکرێت وەزارەتی دارایی ئیستیفادە لەو لایە بکەن، تەنها ئاخیر نوقتەی من بەنیسبەت برگەی (د)ەوە بەنیسبەت ئەو ئافرەتانەی کە بێوەژنن و تەنیا منداڵ بەخێو دەکەن، من پێم وایە دەکرێت و دەبێت هەوڵ بدەین هاوکاری زیاتری ئەوانەش بکەین، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی ولاتان ئەمانە داوای هاوکاری لە سۆشیال و دامودەزگاکان دەکەن لە ڕێگای ریعایەی ئیجتیماعیەوە، ئەگەر ئافرەتێك خۆی بە تەنها منداڵ بەخێو بکات و پەروەردەی بکات، بەڕاستی دەبێت لە هەموو باجێك ببووڕین، بۆ ئەوەی کە هاوکاری زیاتر بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئێستا فەقەرە بە فەقەرە باس دەکەین، فەقەرەی یەکەم هیچ هینێکی لەسەر نییە، هەم لیژنەی یاسایی و هەم لیژنەی دارایی دوو ملیۆن و نیوەکە هین کراو، فەقەرەی (ب) دوو ملیۆنەکە پێشنیارە ببێتە دوو ملیۆن و نیو کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ موقتەرەحەکە قەبول کرا، فەقەرەی (ج) لیژنەی دارایی داوای کردووە ببێتە ملیۆنێك، لیژنەی یاسایی پشتگیری موقتەرەحی جەنابی وەزیری کرد، کە دەڵێت بکرێتە سێ سەد هەزار بەو ئیعتیبارەی هینە، پێشتر ئەو موقتەرەحەی تازە کە هاتە پێشەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لە فەقەرەی (ج) لەگەڵ ئەوەیە دوو سەد هەزارەکە بکرێتە سێ سەد هەزار دینار دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەزۆرینە لەگەڵ ئەوەیە سێ سەد هەزار بێتن، فەقەرەی (ج) بوو بە سێ سەد هەزار دینار، فەقەرە (د) منداڵەکە لە دوو سەد هەزارەکە دەبێتە سێ سەد هەزار دینار، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ بوو بە سێ سەد هەزار دینار، ئەوەی (هـ)ەکە سەماحەکە ئیزافەکە سێ سەد هەزارە، بۆ ئەو کەسەی کە (63) ساڵ زیاترە، یەك کەس گوتی (64)، (63) ساڵەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام سەماحەکەی جەنابی وەزیر پێنج سەد هەزار دیناری گوت، لیژنەی یاساییش پێی باش بوو، پێشتر ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە سەماحەکە ببێتە پێنج سەد هەزار دینار دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەوە بووە پێنج سەد هەزار دینار، تەبعەن لە فەقەرەی (و) ئەوە گوتمان ئیلغا بکرێت، چونکە ئیزافەیە تەحصیل حاصلە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، یەك نوقتە دەمێنێتن لەبیرمان چوو هینی بکەین، لە فەقەرە (د)دا کە کاك ڕەشاد ئاماژەی پێ کرد، لە ئەخیرەکەی دەڵێت (بغض النظر عن عددهم واعمالهم مالم یکون لهم دخل مستقل)، جەنابی وەزیر ئەوە هینمان نەکرد، ڕەئیتان لەسەر ئەو جوملەیە چیە، کەواتە ئەو جوملەیە ئیزافە بکرێت لە (ج، د).

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەر منداڵێك كە قاصر بێت عەدەدی هەر چەند بێت شمولی دەكات، بەڵام كە ئیستیقلالیەتی پەیدا كردو ئیشی هەبوو شمولی ناكات، چونكە شەخصیەتێكی موستەقیلی هەیەو تەتبیق دەبێت لەسەر فەقەراتی تری سەماح، كە ئیشی هەبوو سەماحی دوو ملیۆن و نیو لەسەری تەتبیق دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

موقتەرەحەكە سەری نەگرت، چونكە هەر بە تەنیا خۆت بووی و قەبولیش نەكراو دەنگیشی بۆدرا، ئێستا ماددەكە بەو گۆڕانكاریەی لەسەری كرا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی چوار تكایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ماددەی چوارەم:

1- كار كردن بە بڕگە (2) لە ماددەی (13)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 هەموار كراو رادەگیرێ.

2- ماددەی (2) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

3- ماددەی (3) لە بڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

4- بڕگەی (6، 7) لە بڕیاری ژمارە (294)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

ئەوەی خوارەوە شوێنی بڕگە (2) لە ماددەی (13) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو دەگرێتەوە:

باج بەسەر باجدەردا دەسەپێ لە هەر ساڵێكی خەملێنراو بەپێی ئەم رێژانەی خوارەوە:

أ- داهاتی تاكی نیشتەجێ دوای پێدانی لێبووردنی یاسایی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

3٪ تاوەكو (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی.

5٪ (250000) هەزار پتر بێت تاوەكو (500000) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی.

10٪ لە (500000)هەزار پتر بێت تاوەكو (1000000) ملیۆنێك دیناری عێراقی.

15٪ لە (1000000) ملیۆنێك دیناری عێراقی پتر بێت.

ب- داهاتی تاكی نیشتەجێ نەبوو:

هەمان رێژەی نیشتەجێ و لێبووردنی یاساییش نایگرێتەوە:

ج- داهاتی كۆمپانیای بەرپرسیاریەتی سنووردار بە رێژەی نەگۆڕ بڕەكەی بە 15٪ دیاری دەكرێ.

ح- داهاتی كۆمپانیای تایبەتی پشكدار بە رێژەی نەگۆڕ بڕەكەی بە 15٪ دیاری دەكرێ.

خ- داهاتی كۆمپانیای تێكەڵاوی پشكدار بە رێژەیەكی نەگۆڕ بڕەكەی بە 15٪ دیاری دەكرێ.

د- كۆمپانیاكانی بیانی كە لە عێراقدا تۆمار كراون، یان بە پێچەوانەوە خاوەن دەزگایەكی بەردەوام بێ لە عێراقدا ملكەچی باج دەبن بە رێژەی نەگۆڕ بە بڕی 15٪ لەسەر ئەو داهاتەی لە عێراق پەیدای دەكەن.

بەڕێز محمد صالح اسماعيل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الرابعة:

1- **يوقف العمل بالفقرة (2) من المادة (13) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.**

2- **تلغى المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة .1999**

3- **تلغى المادة (3) من قرار رقم (219) لسنة .2001**

4- **تلغى الفقرة (6، 7) من قرار رقم (294) لسنة 1999.**

ويحل ما يأتي محل الفقرة (2) من المادة (13) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل:

تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب التالية:

أ- دخل الفرد المقيم بعد منح السماحات القانونية كالاتي:

3٪ **لغاية (250000) مائتان وخمسون الف دينار عراقي.**

5٪ **مازاد على (250000) دينار لغاية (500000) خمسمائة الف دينار عراقي.**

10٪ **مازاد على (500000) دينار لغاية (1000000) مليون دينار عراقي.**

15٪ **مازاد على (1000000) مليون دينار عراقي.**

ب- دخل الفرد غير المقيم:

نفس النسب المقيم مع عدم شموله بالسماحات القانونية.

ج- يحدد دخل الشركات ذات المسؤولية المحدودة بنسبة ثابتة قدرها 15٪.

ح- يحدد دخل الشركات الخاصة المساهمة بنسبة ثابتة قدرها 15٪.

خ- يحدد دخل الشركات المختلطة المساهمة بنسبة ثابتة قدرها 15٪.

د- تخضع الشركات الاجنبية المسجلة في العراق او بعكسة ولديها مؤسسة دائمة في العراق للضرائب بنسبة ثابتة قدرها 15٪ على دخلهم الناجم في العراق.

بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

رەئی لیژنەی یاسایی.

فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع فان اللجنة القانونية تؤيدها وتقترح اضافة جملة (في اقليم كوردستان ـ العراق) الى اخير الفقرة (1) منها بعد ان تم الاتفاق مع ممثلي الحكومة على رفع نسب السماحات وتثبيت الضرائب المفروضة على رواتب الموظفين لكافة الدرجات الوظيفية واصحاب المناصب والوظائف العليا عامة وتقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:-

المادة الرابعة:

أولاً: تلغى المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

ثانياً: تلغى المادة (3) من القرار المرقم 219لسنة 2001.

ثالثاً: تلغى الفقرتان (6، 7) من القرار المرقم 294لسنة 1999.

رابعاً: يوقف العمل بالفقرة (2) من المادة (13) من قانون ضريبة الدخل رقم 113لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان ويحل محلها مايآتي:

تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب التالية:-

أ- دخل المفرد المقيم بعد منح السماحات القانونية كالآتي:-

3٪ لغاية مليوني دينار.

5٪ لمازاد على مليونى دينار لغاية (4) أربعة ملايين دينار.

10٪ لما زاد على (4) أربعة ملايين دينار لغاية (6) ستة ملايين دينار

15٪ لما زاد على (6) ستة ملايين دينار.

ب- دخل الفرد غير المقيم نفس نسب المقيم مع عدم شموله بالسماحات القانونية.

ج- تفرض وتستوفى ضريبة بنسبة ثابتة قدرها 15٪ على ارباح كافة الشركات العاملة في اقليم كوردستان بما فيها الشركات الفردية والبسيطة.

د- تفرض الضريبة بنسبة 5٪ لما يزيد على 700000 سبعمائة ألف دينار من رواتب موظفي الاقليم لكافة الدرجات الوظيفية والقطاع الخاص المسجلين رسماً واصحاب المناصب والدرجات الوظيفية الخاصة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك دلێر فەرموو.

بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقی شاويس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێش ئەوەی راو بۆچوونی لیژنەی دارایی بڵێم، بەڕاستی پێم چاکە هەندێك شت روون بکەمەوە، ئێمە کاتێك ئەو ژمارانە دەڵێین، ژمارەکان قەبەن، بەڵام ئەم قەبەییە هیچ ناگەیەنێت، جگە لەوەی نیشانەیەکە کە گرانی هەیە لەم ولاتە، یەعنی ئێمە کاتێك باج، یاخود لێبووردن لە سی دینارەوە، یاخود سێ سەد دینارەوە زیاد دەکەین بۆ ملیۆنێك، مانای ئەوە نییە ئێمە لێبووردنێکی زۆر زۆرمان کردووە، ئەو پارەیە نرخی نییە، ئەو پارەیە هیچی پێ ناکرێت، بۆ شیرائی نییە، ئەمە حاڵەتێکی داتەپیوی ئابووری ئێمە باس دەکەین، لەبەر ئەوە گەورەیی ژمارەکە نیشانە نییە، بۆ تەندروستی وەزعە ئیقتیصادیەکە، ئەسڵەن ئەو هەزار دینارەی کە ئێستا ئێمە وەردەگرین بەرامبەر بە نزیکەی شەش دینار بوو هی چوار سانٚ لەمەوپێش، نرخی یەك دیناری جارانی نییە، نرخی نیو دیناری جارانی نییە، لەبەر ئەوە ئێستا جیلێك پەیدا بوون، کە نازانن دینار هەزار فلس بووە، بەهەر حانٚ من پێم خۆشە کاتێك ئەم هەموو سفرە دەبینین، وا تەسەور نەکەین بەرامبەر بە دراوێکی بەهێزین، لە هەمان کاتیشدا بەراورد کردنی دراوی عێراقی بەرامبەر بە دۆلار، یاخود دراوی قورس, نزم بوونەوەی دۆلار نیشانەیەك نییە، بۆ ئەوەی نرخی دیناری عێراقی بەرز

بێتەوە، دۆلار زۆر بووە لە بازاڕدا بەڕاستی، دۆلار دابەزیوە، نەك دینـاری عێراقـی زیـادی کـردووە، بـە هـەر حاڵ من نامـەوێت بکەومـە بـواڕێکی ئـابووری، بـیرو بۆچـوونی ئێمـە سـەبارەت بـە مـاددەی چـوارەم لەگـەڵ پشتگیری کردنی پرۆژەکە، چـەند تێبینیـەکمان هەیـە، ئێمـە پێمـان باشـە بڕگـەی چـوار (أ) بـەم شـێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

لە 3٪ تا پێنـج ملیۆن دینار.

لە 5٪ لە پێنـج ملیۆن دینار زیاتر تا دە ملیۆن دینار.

لە 10٪ لە دە ملیۆنەوە تا بیست ملیۆن دینار.

لە 15٪ لە بیست ملیۆن زیاتر.

ئێمە پێمان چاکە ئەم نیسبەتانە بەم شێوەیە بگۆڕێن، ئەگـەر تەئکیـد دەکەمـەوە لـە وشـەی ملیـۆن و ئـەو هەموو سفرە، ئێمە نـەترسین و وا نـەزانین ئەمە مەبلەغێکی قەبەیە.

لە فەقەرەی (د)دا لە کۆتاییدا ئێمە پێمان چاکە وشەی عێراق ببێت بە هەرێمی کوردستان، جگە لەوەش ئێمە پێمان چاکە بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، ئەگەر ئێمە بڕوانینە ئەسبابی موجیبەی ئەم یاسایە، دەبنین ئەسبابی موجیبە دەڵێت (لغرض جعل القانون منسجماً مع السياسة الاقتصادية في اقليم كوردستان ولتحقيق اهداف التشريعات الاقتصادية الخاصة بالاستثمار واقتصاد السوق وتشجيع الحركة العمرانية والاستثمارات بصورة عامة ولتحقيق العدالة وتخفيف العبء الضريبي عن كاهل المواطنين فقد شرع هذا القانون)، هەر لەسەر ئەم بنەمایە، بۆ ئەوەی ئینسیجام بکات لەگەڵ ئەسبابی موجیبە، ئێمە پێمان چاکە فەقەرەیەکی بۆ ئیزافە بکەین لەگەڵ یاسای وەبەرهێنان، هەم لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە هەیە، هەم لەگەڵ ئەو فەلسەفەیەی کە ئێمە بینامان کردووە، بۆ هاندانی سەرمایەی گشتی، ئێمە پێمان چاکە ئەم بڕگەیە بۆ ماددەکە ئیزافە بکەین، ئەویش پرۆژە بەرهەمە خۆمالێەکان لە 5٪ی باج ببەخشرێت وەکو هاندانێك بۆ بواری وەبەرهێنانی نیشتمانی، مەبەستمان لە وەبەرهێنان مەبەستمان لەو ئیستیسمارانەیە، کە بۆ زیاد کردنی زێدە باییەك، بۆ زیاد کردنی ربحێکی زیادە خەیالی نایەت، یەعنی ئێمە مەبەستمان لەو پرۆژانە نییە بۆ کردنەوەی سوپەرمارکێتێك، یاخود بۆ شتێکی خەدەمی، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە، ئەگەر یەکێك کارگەیەك، کار خانەیەك بکاتەوە، یان پرۆژەیەکی دەواجن بکاتەوە، پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بە مەفهومی ئیقتیصادیەکەی خێرو بەرەکەتێکی ماددی بێنێتە بەرهەمهێنان، بۆ ئەو تەشجیع کردنە، ئەمەش بۆ تەنها وەبەرهێنی نیشتمانیی، بۆ ئەوەی کە بواری وەبەرهێنان لەو کەرتە ئابووری نابەرهەمهێنانانەی کە سەر لەنوێ ئیعادەی داهاتی ولاتیە، وەکو لە بازرگانی و لە بوارەکانی تردا، دەبێتە بواری وەبەرهێنانی ماددی، ئەمەش خزمەتێکی گەورە بە ئایندەو بە هەڵسانەوەی ئابووری نیشتمانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئێمە پێمان چاکە ئەم ئیزافەیە بکرێت بۆ ماددەکە، زۆر زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس کاك دلێر، بەڵام یەك پرسیار لەبیرم نەچێتەوە وەبەرهێنان ئیعفائاتی تێدایە بۆ دە ساڵ، دەیانگرێتەوە وەتەنیش بێتن، ئەجنەبیش بێت، هەموویان دەیانگرێتەوە، پاشی دە ساڵەکە.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو یاسایە دەدرێت بە هەموو کەسێك کە سوپەرمارکێت بکاتەوە، یان گازینۆیەك بکاتەوە، یان چێشتخانەیەك بکاتەوە، کە کاتێك سوپەرمارکێتێك دەکاتەوە، بەڕاستی کردنەوەی سوپەر مارکێت لەگەڵ ئەوەی کە شارەکانی ئێمە دەرازێنێتەوەو خزمەتگوزاریەکی باشمان پێشکەش دەکات، بەڵام هۆکارێکە بۆ راکێشانی دراوی قورس و سەروەت و سامانی نیشتمانی بۆ دەرەوەو، ئەمانە بوون بە مەلبەندێك بۆ ساغ کردنەوەی کەلوپەلی بیانی، هەرێمی کوردستان بووە بە بازارێك بۆ ساغ کردنی کەلوپەلی دەرەوە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە پڕۆژەی وەبەرهێنان هەبێت، کەسێك پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی لە بواری پیشەسازییدا، یان لە بواری کشتوکاڵدا، یان لە هەر بوارێکی تر بەرهەمهێناندا خێرو بەرەکەتێکی ماددیمان بۆ وەربەرهەم دێنێ، بە مەرجێك سەرمایەی نیشتمانیش بێت، جگە لەو خزمەتانەی کە لەبواری سیاسەت و یاخود یاسای وەبەرهێنانە ئێمە داوامان کردووە، ئێمە پێشنیار دەکەین لێرەدا بەس لە زەریبە لە 5٪ ئیعفا بکرێت، بەس ئەو پێشنیازەمان هەیە، ئەمە بۆ ئەوەی کە هانی خەڵك بدەین سەرمایەکانیان لەو بوارە بەکار دەهێنن، بچێتە بواری وەبەرهێنان بە مەفهومی ئیقتیصادی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە تێکەڵاوی تێدا دەبێتن، قەزایەی ئیستیسمار موعالەجە کراوە، لە قانونێکی تایبەتدا هەمموو مەشاریعێکی ئیستیسماری چ وەتەنی، چ ئەجنەبی ئەو سەماحات و ئیعفائات هەمووی هەیە، لێرە داخیلی بکەیت تێکەڵاویەك دەبێتن، کە بەڕاستیەکەی هەدەفی ئەو قانونە ئەوە نییە مەشاریعی ئیستیسمار موعامەلەی تایبەتی خۆی هەیە، هەموو لایەنەکانی موعالەجەی کراوە، پێم وایە ئەوە لێرە ئیزافە بکرێتن وتێکەڵی بکرێتن باسێکی وا بکەین، کە قانونەکە جێ بەجێ بکاتن لێی تێك دەچێتن، بەهەر حاڵ موقتەرەحاتەکانی ترت هەمووی ئیشارەتم کردووە، پێش هەموو شتێك دەمەوێت بزانم جەنابی وەزیر رەئی چیە لەسەر ئەو رەئیانە، دوایێ لیژنەی قانونی ئینجا دەیخەینە موناقەشە کردن، فەرموو جەنابی وەزیر لیژنەی دارایی ئیقتیراحی کردووە کە دەڵێت ئەو نیسبانە بگۆڕێن 3٪یەکە لە جیاتی دوو ملیۆن ببێتە پێنج ملیۆن، 5٪ەکە لە پێنج ملیۆن تا دە ملیۆن، لە 10٪یەکە لە دە ملیۆن تا بیست ملیۆن، لە 15٪ەکە بیست ملیۆن زیاتر.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هەر لەسەر پێشنیارەکەی خۆمان موسیرین، کە رێککەوتووین، لەو لایە سەماحی قانونی دەردەکەین، لێرەش نیسبەکەمان کەم کردۆتەوە، بۆیە هەر لەسەر پێشنیاری خۆمانین، ئەویتریش ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی باسی کرد، ئێمە داخیلی ئەو موناقەشەیە نابین، ئەوەی کە گوتی دۆلار دابەزیوە، دۆلار لە دەرەوە دابەزیوە موقابیلی عوملاتی تر، بەلاّم ئەگەر حکومەت نەبێت و تەزحیە بەسیولەی خۆی نەدات و بانکی مەرکەزی عێراقی سعرێك لەسەر دۆلار دانەنێت، ئێستا دینار نرخێکی زۆر کەمتری هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من نامەوێت، ئەمە مەوزوعێکی تر هی دۆلار، بەلاّم پێم وایە ئەوە سیاسەتێکی بانکی مەرکەزی عێراقیە، دینار بەقوەت بووە بەنیسبەتی زیاتر لەوەی کە دۆلار شکاوە، بەلاّم دینار لەو نیسبەتە تێپەڕیوە، لەبەر رۆشنایی ئەو سیاسەتەی کە دەیانەوێت دیناری عێراق بەقوەت بێتن، ئەوە ئەوەلەن/ دیناری تازەیان تەبع نەکردووە، ئەوە لە عەرزو تەلەبەکە هینە.

دووەمنیش/ کڕینی دۆلار لە بازاڕدا لە زیمنی سیاسەتەکەی کە دیناری عێراقی بەقوەت بێت، ئەوە بەردەوامە، ئەوە لە بەرژەوەندی خەلّکدایە، وێڕای ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرن قوەتی شیرائی زیاتر دەبێتن، چونکە ئێمە دینارمان رەبتی دۆلارە، هەموو مەوادیشمان بە دۆلار دەکڕێت لە دەرەوە، ئەگەر دینارەکە بەقوەت بێتن ئەو تەلەفزیۆنەی بە چوار سەد هەزاری دەکڕی، ئەو وەختی بە سێ سەد هەزاری دەکڕی، ئەگەر دینارەکە وەکو هینمان کرد بگەڕێتەوە سەد هەزار دینار ببێتە سەد دۆلار وای لێ دێت، بەهەر حالّ، کێ قسەی هەیە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

بەڕێز د.نوری جمیل تالّەبانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

سەبارەت بە ماددەی چوار بڕگەی یەکەم، من پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی دارایی دەکەم، بۆ ئەوەی کەوا ئەو رێژانە بەرز بکرێنەوە، سەبارەت بە بڕگەی دوو لیژنەی قانونی پێشنیازی ئەوەی کردووە، لەبەر ئەوەی کەوا رێژەکە لە 15٪یە هەمووی رێك بخرێنەوە، من لەگەلّ ئەوە دام، کەوا جیاوازی بکرێت لە نێوانیاندا، چونکە ئەو کۆمپانیایانەی کە پێیان دەگوترێت بەرپرسیاریەتی دیاری کراو (المسؤولیه المحدوده) بەشی زۆری ئەو کۆمپانیایانە سیمای خێزانیان هەیە لەنێو کەسانێکدا دروست دەکرێن، کە سەر بە خێزانێکن خزم و کەسی یەکترین، لەبەر ئەوە چاکترە کەوا رێژەی ئەو باجەی کە لێیان وەردەگیرێت کەمتر بێت لە پازدە، بۆ نموونە بکرێتە دە، بەلاّم ئەو کۆمپانیایانەی کەوا پێیان دەگوترێت موساهەمە بەهەردوو شێوەکەی، ئەمە قەیدی ناکات با پازدە بمێنێتەوە، بەلاّم کۆمپانیاکانی دەرەوە کەوا لە کوردستان کار دەکەن، ئەوانە با رێژەکەیان بکرێت بە بیست، ئەم کۆمپانیایانەیش ئەوانە نین کەوا کۆمپانیای وەبەرهێنانیان پێ دەگوترێت، چونکە ئەمانەی جەنابتان ئاماژەتان پێ کرد، ئەوانە قانونی تایبەتی خۆیان هەیە ئەوانە ناگرێتەوە، بەلاّم کۆمەلّێك کۆمپانیای دی هەیە دێن کاروباری موقاوەلات دەکەن، ئەوانە لێرە پێویستە رێژەی باجیان زیاتر بێت بە لایەنی کەم لە 20٪ بێت، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

كاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

بەڕێز عبدالرحمن اسماعيل سليم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من تێبینیم لەسەر فەقەرەی (ب) هەیە، کە باس لە شەریکات دەکات و زەریبە وەدەگرێت، ئەم شەریکەیە هەمووی یەک جۆر نینە، هەیە بەرهەمی موادی غیزائیە، هەیە بەرهەمی کارەبایی و ئەو شتانەیە، ئەم ڕێژەیە بە ڕەئی من دروست نییە، دەبێت لێک جیا بکرێن، خۆی لە قانونی دنیا هەمووی مەوادی غەزائی لە 7٪ە، مەوادی کەمالیات و کارەبایی لە 16٪یە، ئێستا بۆتە لە 19٪ لە هەموو دنیا، لەبەر ئەوە پێویستە ئەمە لێک جیا بکرێتەوە، هەندێک شەریکات هەیە تەوریدی مەوادی خۆراکی دەکاتن، چۆن لە 15٪ی لێ وەردەگیرێت، ئەوە دەبێتە بار گرانییەک لەسەر میللەت، میللەت لەوەدا کە خۆڕاکییە، گران دەبێتن، کە گران بوو، کێ زەرەر دەکات؟ میللەت زەرەر دەکات، لەبەر ئەوە ئەم نیسبەتە دەبێت لێک جیا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك جەمال فەرموو.

بەڕێز جمال محمد قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەحەقیقەت من پشتیوانی ڕەئیەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، دەبێت ئێمە موحاوەلەی ئەوە بکەین کە ڕێگا فراوان بێت، کە بە تەمای ئەوەن کارێک دروست بکەن کە شوێنێک دروست دەکرێت، هەتا ئەگەر دوکانێکی دەلاکی بچووکیش بێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا جولانەوەیەکە، دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە دوو کەس تیای ئیش بکات، ئێمە ئەگەر بیر بکەینەوە بۆ چارەسەری کێشەی زەریبە، دیسان قسەکەی ئەو ڕۆژە دەکەمەوە، دەبێت ئێمە زەریبەمان لەسەر جولاوەکاندا هەبێت، لەسەر دەخلی خەڵك هەبێت، لەسەر ئەدەوات و ئەو پێداویستیە ژیان دەکڕێت، بۆ ئەوەی تا حەددێك وەزعەکە بێینەوە بار، ئێمە لە لایەك کە زەریبەی دەخل کەم دەکەینەوە، لە لایەکی تر شوێنێکی تر بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین دەخلی حکومەت بەرز بێتەوە، من پێشنیارێکی تریشم هەیە، حکومەت بەرنامەیەکی هەیە، ئەمانە یارمەتی کێ دەدەن؟ یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە خۆی توانای هەیە، ئیستیعدادی هەیە خیرەی هەیە، دەیەوێت مەعمەلێك بکاتەوە، یان دەیەوێت سوپەرمارکێتێك بکاتەوە، ئەگەر خۆی بتوانێت لە 20٪ی پارەکە تەئمین بکات، حکومەت، یان بانك لە 80٪ی بۆ تەئمین دەکات، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو زەریبەی لەسەر دادەنێت، زەریبەکەش کەمە، ئەمە لە لایەك ڕێگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەم سوپەرمارکێتە ئیش بکات، بۆ نموونە کە سوپەرمارکێتێك دەکرێتەوە، ئەگەر بچن سەیری بکەن سی، چل کەس ئیشی تیا دەکات، سی، چل کەس لە بەتاڵە، یەعنی قورسایی هەیە لەسەر کۆمەڵگاو، قورسایی هەیە لەسەر حکومەت، یەعنی نارەزایی خەڵك بیست کەس ئێستا ئیشی هەیەو ئیش دەکات و زەریبەش دەدات، لەبەر ئەوە من تەئیدی بۆچوونەکانی لیژنەی دارایی دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی تر بە حەقیقەت زۆر پێویستە، چونکە وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد، ئێمە ئەگەر هەر هەموو زەریبە ببڕین، ئیتر حکومەت تەقریبەن دەسەلاتی دارایی زۆر زەعیف دەبێت، لەبەر ئەوە چارەسەری مەوزوعەکە زۆر بە کتوپڕی ئێمە بیر لەوە بکەینەوە، کە زەرائیب لەسەر شتی تر دابنێین، ئەو کەسانەی کە توانایان هەیە، تەبیعی هەموو کەسێك توانای نییە، لە سالێکدا چوار تەلەفزیۆن بکڕێت، یان سێ تەلەفزیۆن بکڕێت، خەڵکی دەوڵەمەند هەیەتی با ئەوە زەریبە بدات، تەبیعی

که ئەمە کرا، ئیتر موشکیلەکەی لەسەر حکومەت کەم دەبێتەوەو خەڵکیش بۆ ئەم بارەی ئێستا فشارو زەختی لەسەر نابێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

چرۆ خان فەرموو.

بەڕێز چرۆ علی حمە امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من لە سەرووی ئەوەی پشتگیری لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، پێشنیارێکیشم هەیە بەنیسبەت لە 3٪ بۆ دوو ملیۆن، بە رەئی من ئەگەر جیا بکرێتەوە لە 1٪ بۆ یەك ملیۆن، لە 3٪ بۆ یەك ملیۆن تا پێنج ملیۆن، وەك پێشنیارەکە بابڵێین لیژنەی دارایی و ئابووری، چونکە مەسەلەن ئەگەر یەکێك راتبی دوو سەد هەزار دینار بێت، بەڕاستی ئەگەر شەش هەزاری لێ وەربگرین زۆرە بۆی، بە رەئی من ئەگەر لە 1٪ بۆ تا ملیۆنێك، لە 3٪ تا پێنج ملیۆن و بەو شێوەیەی پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سەعدەدین فەرموو.

بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە پاش سەماحی قانونی، یەعنی کە ئەو دوو ملیۆن و نیوە دراوە، چ بۆ زەوج و بۆ ئەولاد، لە 3٪ تاکو دوو سەدو پەنجا هەزار دینار من پشتگیری رەئیەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، چونکە دوو سەدو پەنجا هەزار دینار، یان 5٪ تا پێنج سەد هەزار زۆر کەمە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەخلی فەردی موقیم کە لە 3٪، یان لە 5٪ دانراوە، لە ئەسڵی مەشروعەکە کە لێرە باسی هاتووە رەقم 113ی ساڵی 1982 لەوێ لە 10٪ دانراوە تاوەکو سێ هەزار دینار تا شەش هەزار دینار، یەعنی بە حیسابی سویسری، باشە سێ هەزار دنیار ئەگەر پێشان حیسابی راتبی ئیسمی بکەیت کە (130) دینار بوو، سێ هەزار دینار تا شەش هەزار دینار گەلێك زۆر بوو، ئێستا موەزەفێك لەوانەیە (250) هەزار دینار، یان (150)هەزار دینار ئەوە مانای وایە دەکاتە حیسابی هەر دوو مانگی زۆر لێك دووەرە، یەعنی دەبێت هەر زیاد بکرێت، ئەگەرنا هەروەکو خۆیەتی، ئەوە نوقتەی یەکەم.

نوقتەی دووەم/ یەعنی تەماشا بکە لە دەخلی فەردی غەیری موقیم، ئەو شەریکاتی ئەسهومەو شەریکاتی صناعیە هیچ فەرقی نەکراوە، یەعنی دائیمەن لە 15٪ بۆ شەریکاتی صناعی، لە 35٪ لە قانونی قەدیم و ئەسڵدا لە قانونەکەی صافی ئەرباحەکەی، یەعنی مەقتوع دەگێردرێتەوە، یەعنی ربحی صافی ئەخیری لە 35٪ی لێ دەگێردرێتەوە شەریکاتی غەیری صناعی، شەریکاتی صناعی دەبێت کەمتر بێت لە شەریکاتی غەیری صناعی، کە لێرە هیچ فەرقی پێ نەکراوە، لەگەڵ رێزمدا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پشتگیری رەئیەکانی لیژنەی دارایی دەکەم بۆ خاڵی (ب)، بۆ خاڵی (ج) پشتگیری رەئیەکەی دکتۆر نوری دەکەم، یەك پێشنیارم هەیە بۆ خاڵی (د)ی پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی، ئەو حەوت سەد هەزار دینارە بکرێت بە ملیۆنێك دینار، چونکە حەوت سەد هەزار وەکو کاك دلێر رووننی کردەوە، بەڕاستی داهاتێکی کەمە، کە لە 5٪ی لێ دەبریت زۆر کەمی لێ دەمێنێتەوە بۆ فەرمانبەرێك کە حەوت سەد هەزاری هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو لە 5٪ە لە ملیۆنێك وەربگیرێت، کە مووچەکەی ملیۆنێکە، نەك حەوت سەد هەزار دینار، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك بەکر فەرموو.

بەڕێز بکر فتاح حسین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من سەرەتا دەمەوێت باسی ئەوە بکەم، کە ئێمە دوو سیستەم هەیە لە دینادا تێکەوڵاوی نەکەین ئەوروپاو ئەمریکا تێکەڵاو بە وڵاتی خۆمان نەکەین، بە رەئی من ئێمە لە مەرحەلەیەکی ئینتیقالی داین لە بەینی ئیقتیصادی کۆنترۆل کراو و ئیقتیصادی ئازادا، تاکو ئێستا بینای ئیقتیصادی ئازاد لە کوردستاندا نییە، ئەو زەریبانەی کە هەیە، من بۆ خۆم لەگەڵ ئەو سیستەمەی ئەوروپی دام, بەڵام رەنگە ئەگەر بەو شکلە لێرە جێ بەجێی بکەین، خەڵك پێمان بڵێت گوزەرانی ئەفریقیاو زەرائیبی ئەوروپا، ئەوە شتێکە تێکەوڵا کردنی تۆزێك زەحمەتە، رەنگە موشکیلەش بۆ هاوواڵتیان زۆر پەیدا بکات، لەبەر ئەوە بە رەئی من بەڕاستی مەفروزە ئەو زەریبانەی کە دادەنێن لەسەر ئەساسی ئەوە بێت، چونکە کە ئێمە ئیقتیصادەکەمان زیاتر ئیعتیماد دەکاتە سەر نەوت و لە قیتاعی زراعی و صناعی و بەرهەمهێنان و ئەوانە هیچ دەخلێکمان نییە، ئەو پارەی کە حکومەت هەیەتی هەمووی لە نەوتەوە دەری دەکات، خۆی تەوزیعی دەکات بڵێین رەواتب و شتی وا، یان ئەو مەشاریعی خەدەمی و ئەوانە تەقدیم دەکات، ئەو زەریبانەی کە دادەنرێت دەبێت لەگەڵ ئەوەدا بە شێوەیەکی تەصاعودی بێت لەگەڵیان، بۆیە لێرە پشتیوانی لە رەئیەکەی لیژنەی دارایی دەکەم و بەتایبەتی جگە لەوە نوقتەیەك هەیە سەقفێك دانێین بۆ داهاتی فەرد، مەسەلەن بۆ سااڵێك، تا ئەو سەقفە کە گوزەرانی خۆی پێوە بەندە، ئەوە نابێت زەریبەی لەسەر بێت، دوای ئەو سەقفە ئینجا بە تەصاعودی سەر بکەوێت، ئێستاکە تا دەگاتە دوو ملیۆن دینار، یەعنی لە یەك دینارەوە تا دوو ملیۆن دینار تۆ لە 3٪ی لێ دەسەنی، من پێم وایە لە سااڵێکدا فەردێك چەندی پێویستە بۆ ژیان و گوزەرانی، دوای ئەوە زەریبەکان دادەنرێت بەشێوەیەکی تەصاعودی. نوقتەیەکی تر هەیە، کە پرسیارم هەیە لێی، ئەوەیە نازانم هێشتا فەرق نەکراوە لە بەینی تاکی نیشتەجێ، فەردی موقیم، ئیقامە هەیە، ئیقامەی موئەقەت هەیە، ئیقامەی دائیمی هەیە، حەقی مواتەنە هەیە، یەعنی لەبەر ئەوە دەبێت فەرقێك بکەین، ئەوەی موقیم نییە لە وڵات، من پێم وا نییە ئەو حەقی ئەوەی هەبێت ئیش بکات، چونکە ئەوەی موقیم نەبێت حەقی ئیش کردنی نییە، کە حەقی ئیش کردنی نەبێت، تۆ دەبێت جیای بکەیتەوە لەوەی کە ئیقامەی موەقەتی هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە ئیقامەی دائیمی هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە جنسیەی هەیە، حەقی مواتەنەی هەیە، من حەز دەکەم ئەوەم بۆ روون بکەنەوە، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

گوڵناز خان فەرموو.

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵەکان

44

سالّی/ 2007 – بەرگی چل و چوار

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/10/22 ل5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/23 ل31

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/24 ل43

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/10/30 ل85

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/10/31 ل119

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/5 ل147

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/11/8 ل187

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/12 ل209

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/11/14 ل259

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/19 ل327

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/11/20 ل365

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/11/21 ل429

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/11/26 ل485

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/11/27 ل523

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/12/3 ل555

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (29) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/12/4 ل559

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (30) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/12/5 ل615

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئەمەش وەکو پرۆژەی یاسای پێشتر ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزی دەکەین، بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیان حازر بکەن و، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان خۆیان ئامادە بکەن بۆ گفتوگۆ کردن لە رۆژی دیاری کراو.

خاڵی سێیەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە.

ئێمە ئەو رۆژە لە دوا جەلسەماندا گەیشتینە مادەی چوار، داوامان کرد کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی راپۆرتەکانیان یەک بخەن، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، فەرموو کاک دلێر.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لەگەڵ بەڕێزان جەنابی وەزیرو لیژنەی یاسایی کۆبوونەوە، رێککەوتین لەسەر پرۆژەیەک لیژنەی یاسایی دەیخوێنێتەوە، راو بیرو بۆچوونی ئێمەشە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ماموستا کاکە فەرموو.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەروەکو کاک دکتۆر دلێر فەرمووی، ئێمە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و جەنابی وەزیر لەگەڵ نوێنەری دارایی دانیشتین و گفتوگۆیەکی زۆرمان کرد، لە ئاکامدا گەیشتینە چەند گۆڕانکاریەکی سووک، ئینشائەللا ماددە بە ماددە باسی دەکەین و ئەویتریش رێککەوتووین لەسەری، هیوادارین هەموو لایەکی خوشک و برایان موافیق بن و دەنگی لەسەر بدەن و رەئی خۆیان بدەن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو ماددەی چوار بخوێنەوە کە ئەوەی ئیتفاقتان کردووە.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع فان اللجنة القانونية واللجنة المالية تؤيدها وتقترح اضافة جملة (في اقليم كوردستان ـ العراق) الى اخير الفقرة (1) منها بعد ان تم الاتفاق مع ممثلي الحكومة على رفع نسب السماحات وتثبيت الضرائب المفروضة على رواتب الموظفين لكافة الدرجات الوظيفية واصحاب المناصب والوظائف العليا عامة وتقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:-

المادة الرابعة:

أولاً: تلغى المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم (5) لسنة 1999.

ثانياً: تلغى المادة (3) من القرار المرقم 219 لسنة 2001.

ثالثاً: تلغى الفقرتان (6، 7) من القرار المرقم 294 لسنة 1999.

رابعاً: يوقف العمل بالفقرة (2) من المادة (13) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان ويحل محلها مايآتي:

تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب التالية:-

أ- دخل الفرد المقيم بعد منح السماحات القانونية كالآتي:-

3٪ لغاية مليوني دينار.

5٪ لمازاد على مليونى دينار لغاية (4) أربعة ملايين دينار.

10٪ لما زاد على (4) أربعة ملايين دينار لغاية (6) ستة ملايين دينار.

15٪ لما زاد على (6) ستة ملايين دينار.

ب- دخل الفرد غير المقيم نفس نسب المقيم مع عدم شموله بالسماحات القانونية.

ج- تفرض وتستوفى ضريبة بنسبة ثابتة قدرها 15٪ على ارباح كافة الشركات العاملة في اقليم كوردستان بما فيها الشركات الفردية والبسيطة.

د- تفرض وتستوفى الضريبة بنسبة 5٪ لما يزيد على 700000سبعمائة ألف دينار من رواتب موظفي الاقليم لكافة الدرجات الوظيفية والقطاع الخاص المسجلين رسماً واصحاب المناصب والدرجات الوظيفية الخاصة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر ئەو نوقتەیەمان بۆ تەوزیح بکە کە (تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية) دوو، سێ حاڵەتی گوتووە، دواییش دەڵێ (تفرض وتستوفى الضريبة بنسبة 5٪ على الموظفين) بۆ ئەوەی تر موەزەفی ناگرێتەوە، ئەوەی یەکەم موەزەفی ناگرێتەوە، تا خاڵی دووەم هین بێتن.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی موەزەفین جیایە لەگەڵ (أ)ەکە، کە لێرە لە 3٪ەکە تا 15٪، ئەوە بەنیسبەت میهنەیە، موەزەفین جیامان کردۆتەوە لە حەفت سەد هەزار بەرەو سەرەوە، ئەو کاتە لێیان دەبڕدرێت، لەو حاڵەتە فەرمانبەرێك دەتوانێت هەم فەرمانبەر بێت، بەڵام ئەگەر ئیشێکی تر لە دەرەوەی فەرمانبەرایەتی بکات سوود لە سەماحەکەی خۆی وەربگرێت، بۆیە ئەوە لە سالّحی فەرمانبەرە، ئەوەی کە لێرە تەحدید کراوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە بە رەئی من دەبێت (تفرض الضريبة على المكلف عدا الدخل الناجم عن الرواتب)، بۆ ئەوەی خاڵی دووەم.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مادام ئێمە وەکو خاڵێکی جیا فەرمانبەر جیامان کردۆتەوە، وابزانم ئیعتیادی دیار دەبێت، کە ئەوەی سەرەوە شمولی فەرمانبەر ناکات، چونکە لەبەر ئەوە وەکو خاڵێکی جیا لەو ماددەیە هاتووە، وەکو فەقەرەیەکی جیا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

نابێتە هۆی ئەوەی فەرمانبەرێك وا تەفسیر بکاتن، هەم لەوێش وەربگرێت، هەم لێرەش وەربگرێت.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

کە یاسایەکە دەرچوو، ئێمە تەعلیمات دەردەکەین، کە تەعلیماتمان دەرکرد، لەو تەعلیماتە وازیح دەبێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باشە ئەندامانی بەڕێز موناقەشەتان زۆر کرد لەسەر ئەو ماددەیە، رەئی خۆشتاندا، ئێستا لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی خۆشتان تەکلیفی ئێمەش لەگەڵ جەنابی وەزیر گەیشتۆتە ئەو رەئیانە، من نامەوێت تەبعەن جارێکی تر بگەڕێینەوە موناقەشەی بکەین، هەمووتان قسەتان کردووە، بەڵام ئەگەر دوو، سێ کەس دەیەوێت، ئەگەر شتی زۆر تایبەت هەیە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من سەبارەت بەو ڕێژەی کەوا لە کۆمپانیاکان وەردەگیرێت، دووبارە پێشنیازی ئەو رۆژە دەکەمەوە، کەوا جیاوازی بکرێت لەنێو ئەو ڕێژەی کۆمپانیای مەسئولیەی مەحدودە لەگەڵ کۆمپانیای ئەسهوم و لەگەڵ کۆمپانیای دەرەوە دەکرێت، من پێشنیاز دەکەم کەوا بۆ کۆمپانیای مەحدودیە لە 10٪ بێت، ئەویتر لە 15٪ بێت، هی دەرەوە لە 20٪، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە داوامان کرد لیژنە دابنیشێتن، ئەگەر لەوێ تەرح کرابوایە باشتر نەبوو بۆ ئێمەش و بۆ ئەوانیش؟

بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خۆی لێرە بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەوە بۆچوونی منەو ئیتر کارەکەش ماوەتەوە بۆ رای ئەندامانی بەڕێز ئەگەر هاتوو پەسندی بکەن، یان قەبولی نەکەن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من روون کردنەوەیەکم دەوێت لەسەر بڕگەی (ا) لە باجدا، دەڵێت لە 5٪ لە دوو ملیۆن پتر تا چوار ملیۆن وەردەگیرێت، بەڵام لە بڕگەی (د)دا دەڵێت ئەو فەرمانبەرەی کە لە حەوت سەد هەزار دینار زیاتر وەرگرێت هەر لە 5٪ی لێ وەردەگیرێت، ئەمە عەدالەتی تیا نابینرێت، نازانم ئەگەر تەوزیحێکم بدەنێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك غەفور فەرموو.

بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من هەمان تێبینی بەڕێز کاك محەمەد رەفعەتم هەبوو لەسەر ئەو ماددەیە، بڕگەی (ج و د) ئەوە خاڵێك. خاڵێکی تر، من وای تێبینی دەکەم ئەو لە 15٪ەکە کە دەڵێت راتبەکەی لە شەش ملیۆن زیاتر بێت، بەڕاستی مەسەلەی ئەو نیسبانەی کە دانراون، من لەگەڵ ئەوەدام لە دوای کە دەڵێن لە حەوت سەد هەزار زیاتر بێت، لە ملیۆن زیاتر بێت نەك لە حەوت سەد هەزار، یەعنی تا ملیۆنێك لێی ببوورێتن و باجی لێ وەرنەگیرێت، لە دوای ملیۆنێك باجی لێ وەربگیرێت نەك لە دوای حەوت سەد هەزار، من تێدەگەم کە دەڵێ هەتا حەوت سەد لێی وەرنەگیرێت، لە پاش ئەوەی کە حەوت سەدەکە چەندی هاتە سەری لەوە باجەکە وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر لە دوای ملیۆن بێت چەندی هاتە سەر باجەکەی لێ وەربگیرێت باشترە، نیسبەکانیش لە 10٪ زیاتر نەبێتن، (لە 3٪، 5٪، 10٪) لە 15٪ کە بۆ شەریکات دانراوە، بۆ قازانجی شەریکات دانراوە لە شوێنی خۆی بمێنێت، ئەو لە 15٪یە لەسەر راتبی فەرمانبەرو هیچ کارمەندێکی دەوڵەت نەمێنێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سۆزان خان فەرموو.

بەڕێز سۆزان شهاب نوری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

زۆربەی موناقەشەکانی ئێمە بۆیە یەعنی تەئجیلیش کرا بۆ دانیشتن، لەبەر ئەوەی گوتمان کۆمپانیا هەیە فەرقی هەیە لەگەڵ کۆمیانیاکانی تردا، ئەوەی کە بە ملایین دۆلار بڵێین رەئسمالیەتی و کاری زۆرە لە 15٪، ئەوەی شەریکەیەکی موساهمەی و مەحدودە، یاخود مەسئولیەتی مەحدودە ئەویش با لە 15٪ بێت، ئەوە عەدالەت تەحقیق ناکات لێرەدا، من یەك پرسیاریش ئاراستەی بەڕێز کاك وەزیر دەکەم، من خۆم چەندەها کەسانێك هەیە، مەسەلەن دکتۆرو ئەو شتانە بەمنیان گوتووە ئێمە چەند ساڵە عیادەمان هەیە، هەتا ئێستا کەسێك نەهاتووە لێمان بپرسێت، ئەرێ فلسێکی زەریبە دەدات، یان نادات، من پرسیاری لێ دەکەم ئەم زەریبانە ئەوەی مەعاش خۆڕ نییە، چۆن ئیستیفا دەکرێت، ئەوە لەلای من گرنگە، گرنگ دەرچوونی قانونەکە نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی ئیستیفائەکە چۆن دەبێت؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ڤیان خان فەرموو.

بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مـن تێبینـیم هەیـە لەسـەر خـاڵی (د) پـێم باشـترە، چـۆن بەنیسـبەت زەریبـەی دەخلەکـە بەنیسـبەت ئـەو دەخلەی کە هەیە رێژەکە زیاد کراوەو بەنیسبەت رەواتبیش رێژەکە زیاد بکرێت لە حـەفت سـەد هـەزارەوە تا دوو ملیۆن لە 5٪ی لێ وەربگیرێت، بـەلأم ئەگـەر راتبەکـە لـە دوو ملیـۆن زیـاتر بـوو بکرێتـەوە نیسـبەی 10٪، کە ئێستاش تەقریبەن بەرقەراڕە، هەر ئەو نیسبەیە بمێنێتەوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئەگەر جەنابی وەزیر وەلأمەکە بدات باشترە، بەس ئێمە ئەو مولاحەزەیەی هەیە لەسەر خاڵی (د) حەفت سەد هەزار زۆر کەمە، پاشی حەفت سـەد هـەزار، ئەگـەر ملیـۆنێکیش بـێتن، مـانگێ ناکاتـە سـەد هەزار دینار، لەبەر ئەوە حـەددی ئـەدناش سـەدو پـەنجا هـەزار بـێتن ملیـۆن و نیـوێـك بـێتن، ئـەوجا پاشـی ملیۆن و نیوەکە مەعقولە 10٪ی لـێ بسـەنی، بێجگـە لـە مولاحـەزەکانی تـر، مولاحـەزەی سـۆزان خـان مـن جـوابی دەدەمـەوە، ئـەویش ئەوەیـە ئەوەلـەن هـەر یەکـە فائیـدی خـۆی هەیـە، دووەمـیش تـۆ کـە قـانون دەردەکەیت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو قانونە پێداویستی پەیدا دەکەیت، ئالیەتی جێ بەجێ کردنەکە وەکو لە ولاتانی ئەوروپادا هەیە زەریبە، چۆن کۆ دەکرێتەوە؟ کۆمەڵێك ئالیاتی هەیە، کۆمەڵێك فەرمانبـەری بـۆ تەرخان دەکرێت، هەر کۆمپانیایەك مەلەفی شەخصیەتی خۆی هەیە، دەبێـت خـازیع بـێتن بـۆ ئـەو قانونـە، فەرموو جەنابی وەزیر.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت کۆمپانیاکان کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد رێژەکەی جیا بێـت لـە یـەکتر، یـەکێك لە هۆیەکان ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە رێژەکە 15٪ بێت، چونکە ئـەم یاسـایە لـە ناوچـەکانی تـری عێـراقیش بەم شێوەیە تەتبیق دەکرێت، کۆمپانیا لە شوێنێك کار ناکات، بەڵکو فروعی دەبێت لـەناو هـەموو شـارەکان، رەنگە کۆمپانیایەك مەرکەزی لە هەولێرە، بەلأم لە بەسرەو کەربەلاو موسڵ و بەغدا فروعـی هـەبێت، یـان بە پێچەوانەوە، لە بەغدا بێت فروعی هەبێت لە پارێزگاکانی کوردستان، لـەو حاڵەتـە ئەگـەر دوو نیسـبەی وەرگـرتنی بـاج هـەبێت، دەبێتـە کێشـە، بۆیـە لەگـەڵ ئـەوەین کـە سـابت بێـت بـەو شـێوەیە هـەروەکو لـە ناوچەکانی تری عێراقدا هەیە، ئێمە رێژەکەمان کـەم کردۆتـەوە خـۆی 40٪، 50٪ بـوو، ئێستا بۆتـە 15٪ دابەزیوە، بەنیسبەت مووچە، ئێمە گوتمان لە حـەوت سـەد هـەزار دینـار بـەرەو سـەرەوە، ئـەوەی زیادەکـەی حەفت سەد هەزار بەرەو سەرەوە خازیعی زەریبە دەبێت، لێرەش کە 5٪مان گوتـووە، دیسان نیسـبەکە زۆر کـەم کردۆتـەوە لـە 15٪ بـۆ 5٪، بـۆ ئاگـاداری جـەنابت لـە 2004ەوە حکومـەتی فیـدرالڵ لـە عێـراق لـە ناوچـەکانی باشـووری عێـراق زەریبـە لـە فەرمانبـەران وەردەگرێـت، بـەلأم ئێمـە هـەتا ئێستا لـە هـەرێمی کوردستان هەرچەندە فشارێکی زۆریش لـە لایـەنی بەغـداوە لەسـەر ئێمـە هەیـە، تـا ئێسـتا زەریبـەمان لـە فەرمانبـەران وەرنـەگرتووە، بـەلأم ئەوان ئەوە سێ ساڵە لەوێ وەردەگرن، بۆ داوامان کردووە مەقتوع بێت لە حەفت سەد هەزار بەرەو سەروو بێت، چونکە مووچەکە بـەخۆی دەرەجـە یـەکی حـەفت سـەدو چـل هـەزار دینارە، یەعنی مووچەمان نییە یەك ملیۆن، مانگانە دەبڕین، ئەوەی فەرقە مانگانە دەبڕین، مەقتوعەکەش

لەبەر ئەوە باشترە بکرێت، بۆ ئەوەی بۆ محاسیب ئاسانتر بێت، حاڵەتەکە موعەقد نەبێت بۆ موحاسیب، چونکە مانگانە ئەو عەمەلیە دەکرێت، بەنیسبەت دکتۆر و میهنەکانی تر بەڕاستی ئێمە لیژنەمان هەیە، ئەو لیژنانە سەردان دەکەن و تەسبیت دەکەن ئەوانەی دەبێت زەریبە بدەن، جا رەنگە یەکێك نەیەتە فەرمانگەی زەریبە، زەریبە بدات، لەو حاڵەتەی فەرمانگەی زەریبە موکەلەفە کە تەبلیغی جیهەتەکە بکات، بۆ ئەوەی بێت زەریبەکە بدات، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بۆ ئەوەی وزوحی هەبێتن (د- تفرض وتستوفى الضريبة بنسبة 5٪ لما يزيد على 700000 سبعمائة ألف دينار من الرواتب الشهري للموظف في الاقليم) ئەوەی تەئکید بکرێتەوە، دەبێت بە موفەردیش بێتن، نەك رەواتب، نەکرێتە سەنەویە، ئەویتر مولاحەزاتەکان وەلاّم درایەوە، فیعلەن وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێ کرد، ئێمە دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین قەوانینەکانمان وەکو قەوانینی ئیتیحادی بێت، نابێت لێرە نەوعێك فەرز بکرێت، لە بەغدا نەوعێکی تر حیساب بکرێتن، لەبەر ئەوەی لە موازەنەی گشتی عێراقدا ئەو جۆرە یاسایانەی کە دێنە پێشەوە رەخنە دەگیرێت، رەنگە هەندێکی قەبول نەکرێتن، بۆیە من بەو گۆڕانکاریانەی کە لیژنەی یاساییش باسی کرد ئەو ماددەیە بە ئیتیفاقی هەردوو لیژنەکە رێککەوتوون لەسەری و جەنابی وەزیریش موافیقە لەسەری دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی پێنجەم: کار بە ماددەی (40)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێ، ئەوەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

1- بڕیاری لیژنەکانی تێهەڵچوونەوە بنەبڕە، ئەگەر بڕیاری پارەی باجەکە (150000) سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت.

2- ئەگەر بڕە پارەی باجەکە لە بڕیارەکەدا بوو، ئەوە دەسەلاّتی دارایی لە (150000) سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر بوو، باجدەر مافی دەربڕینی ناڕەزایی هەیە لەمیانەی پازدە رۆژدا، هەر لە رۆژی راگەیاندنەوەو لەبەردەم دەستەی تایبەتی پێداچوونەوە بە سەرۆکایەتی دادوەرێك لە دادگای پێداچوونەوە، دوو ئەندام لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەوەزارەتی دارایی و یەکێکی دیکە لە یەکێتی پیشەسازییەکانی عێراق دادەمەزرێ و ئەوەش بە بەیانێك وەزیری دارایی دەریدەکات و لە رۆژنامەی فەرمیەوە بلاّو دەکرێتەوە.

3- دەستەی پێداچوونەوەکە بۆی هەیە بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە، یان پەسندی بکات، یان هەمواری بکات و بڕیارەکەی بنەبڕە.

4- پێویستە ئەو باجدەرەی ئارەزووی تانە گرتنی هەیە لە بڕیاری لیژنەی تێهەڵچوونەوە رەسم بە سندوقی فەرمانگەی باجی دەرامەتی پەیوەندیدار بدات، بڕی ئەو رەسمە بە رێژەی 1٪ بڕە پارەی باجەکەیەو لەو بڕیارەی تانەی لێدراو رادەی زۆری ئەو بڕە پارەیە (50000) پەنجا هەزار دینارە، دەبێتە داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی.

5- دیاری کردنی پاداشت بۆ دەستەی پێداچوونەوە، لیژنەی تێهەڵچوونەوە بەپێی ئەو ڕێنماییانەی دەبێت کە وەزیر دەریدەکات.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الخامسة: يوقف العمل بالمادة (40) من قانون ضريبة الدخل 113 لسنة 1982 المعدل ويحل محلها ما يأتي:

1- تكون قرارات لجان الاستئناف قطعية اذا كان مبلغ الضريبة فيها (150000) مائة وخمسون الف دينار فأقل.

2- اذا كان مبلغ الضريبة في القرار اكثر من (150000) مائة وخمسون الف دينار، للسلطة المالية والمكلف الاعتراض خلال خمسة عشرة يوماً من تاريخ التبليغ به امام هيئة تميزية خاصة تشكل برئاسة قاض من محكمة التميز وعضوين اثنين من المدراء من وزارة المالية و واحد من اتحاد الغرف التجارية العراقية واخر من اتحاد الصناعات العراقية ببيان يصدره وزير المالية وينشر في الجريدة الرسمية.

3- للهيئة التميزية الغاء القرار او تأييده او تعديله ويكون قرارها قطعية.

4- على المكلف الذي يرغب في الطعن تمييزاً في قرار لجنة الاستئناف تسديد رسم الى صندوق دائرة ضريبة الدخل المعنية يحدد مبلغه بنسبة 1٪ من مبلغ الضريبة في القرار محل الطعن وبحد اعلى مقدارها (50000) خمسون الف دينار ويعد ايراداً نهائياً للخزينة العامة.

5- تحديد مكافئة لاعضاء هيئة التمييز ولجان الاستئناف بتعليمات يصدرها الوزير.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی دارایی لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دارایی گەیشتینە ئەو ئیتیفاقەی کەوا ئەو ماددەیە لەغو بکەینەوەو ئەحکامەکانی پێشتر وافی ترەو پێویستی بەوەی ناکات بیگۆڕین، ئەوەش رەئی ئێوەو برادەرانی ئەندامانی پەرلەمانە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو داوایە باشە، بەڵام ئەگەر تۆزێك رووڕی بکەینەوە، بەدیهی ئەو غایە چیە، ئەوە بۆچیە؟ جەنابی وەزیر.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مەبەستمان زۆرتر تەسهیلاتە، ئەگەر پێشتر یەکێك ویستیبای ئیعتیراز وەربگریت، دەبێت بچێتە ئیستیئناف، ئەو وەختە موعامەلەتەکە تاخیر دەبوو، ئێستا ئێمە دەمانەوێت هەر هەمان هەیئە کە بەسەرپەرشتی قازییەك بوو پسپۆری دارایی تێدایە، ئەگەر یەکێك ئیعتیرازی هەبوو لەسەر باج، ئیعتیرازەکەی خۆی تەقدیم ئەوان بکات، هەتا زووتر بڕیارەکە دەربچێت و ببێتە قەتعی، یەعنی بەنیسبەت ئێمە مانەوەی، یان لادانی موشکیلە نییە، بەس لادانی دەبێتە تەسهیلاتی زۆرتر بۆ باجدەر، چونکە ئەگەر ئیستیئناف بکرێت تاخیر دەبێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە مەجالی تەعنی داوەتە قەراراتی ئەو لیژنە ئیستیئنافیە، ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ وەزارەتی دارایی رێککەوتین کە ئەو ئیجرائاتە موعەقەدە نەمێنێتەوە بەنیسبەت تەمیز کردنی قەراراتی هەیئەی ئیستیئنافی، پێمان باشە چۆن لە ماددەی چل و لە ماددەی سی و حەوت لە قانونی زەریبەی هاتووە، هەر بەو شکلە بمێنێتەوە، لیژنەی ئیستیئنافی هەیە تەماشای ئیعتیرازاتی هاوولاتیان دەکات، قەراری ئەو لیژنەی ئیستیئنافیە قەتعی بێت، بۆ ئەوەی کەم بکاتەوەو بەزووترین وەخت هاوولاتی بگاتە قەرارێکی قەزائی، کە ئەویش بە سەرۆکایەتی حاکمێکە دەرەجەکەی لە صنفی دوو کەمتر نییە، مەبەستەکە هەر ئەوەیە، ئەم ئیجرائاتە نەکرێت بەنیسبەت تەعنی تەمیزی، بەڵکو ئیکتیفا بکرێت بە قەراراتی هەیئەی ئیستیئنافی چ ئەو ئیعتیرازە لە (150000) سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر بێت، یان کەمتر بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

وابزانم رەئیەکەی لیژنەی قانونی وەجاهەتی هەیە، کە لیژنەی دارایی پەسندی کردووەو جەنابی وەزیریشی موافەقەتی کردووە، ئەگەر کەس ئیعتیرازی لەسەر ئەو رەئیانە نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی و داراییە بۆ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەی ئیلغا کرا، ماددەکەی تر تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی شەشەم: یەکەم:

1- بڕیاری ژمارە (83 و 65 و 112)ی ساڵی 2003 هەڵدەوەشێتەوە.

2- بڕیاری ژمارە (192)ی ساڵی 1996 هەڵدەوەشێتەوە.

3- بڕیاری ژمارە (4210)ی ساڵی 2003 هەڵدەوەشێتەوە.

4- بڕیاری ژمارە (32)ی ساڵی 1997 هەڵدەوەشێتەوە.

5- کار کردن بە بڕگە (21) لە ماددە (7) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو رادەگیرێت.

دووەم: بڕگەیەك بۆ ماددەی (2) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو زیاد دەکرێت و بڕگەی (7) بۆ ئەوە: (7- کێڵگەکانی پەلەوەڕو تورکاندنی هێلگەو کارگەکانی دروست کردنی ئالیك).

سێیەم: چەند بڕگەیەك لە ماددەی (7) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو زیاد دەکرێت، کە ئەم بڕگانن (27 و 28):

(27- ئۆتۆمبیلەکانی تەکسی پێنج نەفەرو پاسەکانی گواستنەوەی نەفەر لەناو شارەکان بەدەر لە پاسی نێوان شارەکان).

(28- مەکینەکانی کێڵانی زەوی، تراکتۆر).

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة السادسة: اولاً:

1- يلغى قرار رقم (83 و 65و 112) لسنة 2003.

2- يلغى قرار رقم (192) لسنة 1996.

3- يلغى قرار رقم (4210) لسنة 2003.

4- يلغى قرار رقم (32) لسنة 1997.

5- يوقف العمل بالفقرة (21) من المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل.

ثانياً: تضاف فقرة الى المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتكون فقرة (7) لها:

7- حقول الدواجن والمفاقس ومعامل صنع العلف.

ثالثاً: تضاف فقرات الى المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتكون فقرة (27 و 28) لها:

27- سيارات التاكسي (5) نفرات وباصات نقل الركاب داخل المدن عدا الباصات بين المدن.

28- جرارات الزراعية (تراكتور).

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

اما فيما يتعلق بالمادة السادسة من المشروع تقترح اللجنة مايلي:

أ- جعل الاعفاء في (ثانياً) لحقول الدواجن والمفاقس فقط والابقاء على ارباح معامل صنع العلف.

ب- تقترح اللجنة اعفاء الباصات داخل المدن وبين المدن من الضرائب وكذلك الحاصدات وسيارات النقل الصغيرة، بيكب دبل 1طن.

ج- ايقاف العمل بقانون ضريبة التركات رقم 64لسنة 1985 في اقليم كوردستان خاصة وان برلمان كوردستان قرر بقراره المرقم 32 في 1997/11/8 تجميد القانون في الاقليم حتى اشعار اخر.

واستناد الى ماتقدم تقترح اللجنة صياغة المادة السادسة من المشروع كمايلي:

-المادة السادسة:

أولاً: تلغى القرارات المرقمات 192لسنة 1996 و32 لسنة 1997، 65و 83و 112و 4210لسنة 2003.

ثانياً: تضاف فقرة الى المادة (2) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982المعدل في اقليم كوردستان – العراق وتكون فقرة (7) لها:-

7- معامل صنع العلف.

ثالثاً: تضاف فقرتان بتسلسل 27 و 28 الى المادة (7) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل في اقليم كوردستان وكالآتي:-

27- سيارات تاكسي (5) نفرات وباصات نقل الركاب الصغيرة والكبيرة داخل المدن وبين المدن.

28- الجرارات الزراعية (التراكتورات) والحاصدات الزراعية وسيارات الحمل الصغيرة بيكب دبل (1طن).

رابعاً: يوقف العمل في اقليم كوردستان بقانون ضريبة التركات رقم 64لسنة 1985 المعدل ويعفى من ضريبة التركات ورثة المتوفي الذين ترتب عليهم الضريبة خلال فترة تجميد القانون بالقرار المرقم 32 في 1997/11/8 وتغلق شعب ضريبة التركات في دوائر الضريبة في الاقليم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کێ قسەی هەیە، کاك جەعفەر فەرموو.

بەڕێز جعفر مصطفى معروف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی شەش بەشی سێیەم، ئەو بڕگەی (28)ە نووسراوە مەکینەکانی کێلاێنی زەوی (تراکتۆر)، یەعنی تەحدیدی دەکات، وەسائیلی زراعە هەر تەنها تراکتۆر نییە، ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت لەگەڵ ئالیەتەکانی تری کشتوکاڵ، ئێستا ئێمە کۆپتەریشمان هەیە بۆ رشاندنی ئیش و کاری زراعی، تەنها مەکینە نییە ئالیاتی زراعی زۆرەو کۆپتەریشمان هەیە، دەڕاسە هەیە، وەسائیلی تر زۆرە، دەبێ تراکتۆرە کە لاببرێت ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك جەمال فەرموو.

بەڕێز جمال محمد قاسم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی مەوزوعێك هەیە لە فیکری من دایە، لەبەر ئەوەی لێرە ئیلغای قەراراتمان هەیە، بڕیارێکی نایاسایی هەست دەکەم کە لەلایەن وەزارەتی داخیلیەوە بۆ پاراستنی ژینگە دەرچووە، لەسەر ئەساسی ئەوەی هەر کەسێك سەیارەیەکی نوێ بکڕێت، دەبێت سەیارەیەکی بنوێنێت، تەبیعی شتێکی باشە، کە ئێمە موحاوەلەی ئەوەی بکەین ژینگە پاك بێت، بەلاّم دەبێت بڕیارەکە لەگەڵ رۆژدا بگونجێت و لە ئاستی چارەسەر کردنی ئەو میللەتانە بێت، چۆن ولاّتان چارەسەری ئەم کێشەیان کردووە، لە شوێنان هەر سەیارەیەك حەز دەکات 940 بێت، ئەگەر هێنایبێتە سەر ئاستی رۆژ ناحیەی لایت و ئیشارات و دووکەڵ و پێویستیەکانی تر، بۆی هەیە ئەو سەیارە لێ بخوڕێت، بەلاّم ئەگەر نەیتوانی ئەو سەیارە بگەیەنێتە ئاستی رۆژ، دەبێت سەیارەکەی فرێ بدات، لێرە ئێمە زەلامێك پازدە، بیست سالّ سەیارەیەکەی بەکار هێناوە، سەیارەکەی لە کەلّك کەوتووە، ناتوانێت بیگەیەنێتە ئاستی رۆژ، دەبێت خەڵکێکی تر کە سەیارە بکرێت چل وەرەقە تا چل و چوار وەرەقە هەندێك زیاترە بدات بەم کەسەی کە ئەم سەیارە کۆنەی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت سەیارەیەك بکڕێت، ئەمە لە حالّەتێکدا یەکەم/ غوبنێکی تیایە، خەڵکێك سەیارەیەکی

پەنجا هەزاری دەکرێت، چل تا چل و چوار وەرەقە دەدات بە حەقی ئەوەی کە ئەم سەیارە بنوینێ، یەکێکی تر سەیارەیەك دەکرێت بە دە هەزار عەینی شت دەبێت سەیارەیەك بنوێنێ بە هەمان شێوە، یەعنی بمرێنێ، تەبیعی ئەمە بە رەئی من یەکەم/ هیچ ئیستیفادەیەکی نییە بۆ حکومەت وەکو باج.

دووەم/ زەرەرێکی یەکجار گەورەی داوە لە تەبەقەی وستا، جاران پێش ئەوەی ئەم بڕیارە دەرچێت، خەڵکێك بۆ پێویستیەکانی ژیان، ئەمڕۆ تەقریبەن لە کوردستان سەیارە پێداویستی ژیانە، بە دوو هەزارێك، بە هەزارو پینج سەدێك سەیارەیەکی مەعقولی پێ دەکڕی، دەیتوانی ئیش و کارەکانی خۆی پێ بەرێوە ببات، ئێستا ئەو سەیارەیەی کە جاران دەکڕا بە هەزارو پێنج سەد، یان جاری وا هەبووە بە هەزار دۆلار دەکڕا، ئێستا دەبێت بە پێنج هەزارو شەش هەزار بیکڕێت، کە بۆتە مانعی تەبەقەی وستا کە زۆرینەن، زۆرینەی خەڵکن کە بتوانن سەیارە بکڕن، لەبەر ئەوە بە رەئی من ئەم مەوزوعە دەبێت چارەسەر بکرێت، دەبێت قەرارێك دەربکرێت، هەر کەسێك، هەرچی سەیارەکەی کۆن بێت، ئەگەر بیهێنێتە ئاستی رۆژ، یەعنی چاکی بکات و رێك وپێکی بکات و موشکیلەی نەبێت، ئەو با سەیارەی خۆی لێبخورێت، ئەگەر نەتوانێت بیگەیەنێتە ئاستی رۆژ، ئەوە ئەو ئیستیفادەی تەواوی لێ کردووە، مەفروزە سەیارەی فرێ بدات، بۆ ئەوەی مەجال هەبێت تەبەقەی ناوەندی کە زۆرینەی ئەم خەڵکەیە، کە ئەمڕۆ بێ بەش بوون کە سەیارەیان هەبێت، فەرمانبەرێکە، مامۆستایەکە، یەعنی خەڵکێکی ئیعتیادییە، بەڕاستی ئێمە غەدرێکی گەورەمان کردووە لەمانە، چونکە مەحروممان کردوون لە یەکێك لە پێویستیەکانی ژیان، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك رەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من تەئیدی ئەسڵی پرۆژەکە دەکەم، پرۆژەی حکومەت، بەنیسبەت حقولی دەواجن و مەفاقس و مەعمەل عەلەف، هەرسێکی شمولی یەك بکاتن، ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە، لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی مەعمەل عەلەفیان بەدەر کردووە لەو تەسهیلاتەی کە شمولی دەکاتن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خاتوو پەخشان فەرموو.

بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش لە بڕگەی حەوتدا تەئیدی ئەوە دەکەم کە مەعاملی صونعی عەلەفیش بمێنێتەوە مەعفی بێت لە زەریبە، لە بڕگەی 27دا (سیارات تاکسی..... ماعدا باصات بین المدن) لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی کە پاصاتی نێوان شارەکانیش عەفو بکرێن لە زەریبە، بەگشتی لەگەڵ ئەوەم هەموو مەکائین و ئالات و چی بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەکار دەهێنرێت، ئەو عەفوە بیانگرێتەوە، نەك تەحدید بکرێت تراکتۆرێك، یان فلان شت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سەعدەدین فەرموو.

بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە ماددەی دووەم فەرزی زەرائیبە، لە حەوتیش ئیعفایە لە ئەسڵی مەشروعەکەی، بەس لێرە کە فەرزی زەرائیب لەسەر حقولی دەواجن و مفاقیس بۆ ئیلا عەلەف، یان مەفاقیس و لە حقولی دەواجن، ئێستا خۆ شەرت نییە بلاّو بۆتەوە، ئەو زەروورە ئیعفای زەرائیب لەسەر ئەو شتانە بکرێت، یەعنی تەیسیرەن لەسەر شوئونی کرین و فرۆشتن و کە ئێستاکە ئیحتیاج هەیە بۆ ئەو شتانە لە ناو کۆمەڵ.

دووەم/ لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك جەعفەریمە، کە مەکینەکانی زراعی، یەعنی تەحدید کراوە، یان دەبێت نیزامی زەریبە دادەنرێت با هەموو بەشەکان بگرێتەوە، هەموو جانیبەکان بگرێتەوە، ئیلا ئیعفا لە هەندێك فەقەرەی موعەیەن نەبێت و فەرز لە هەندێك فەقەرەی موعەیەن بێت، یان با هەمووی بگرێتەوەو بژمێردرێتن، یان ئیلا ئەو دوو شتە دەرنەیەت و دانەنرێت، لەگەڵ رێزمدا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك سەردار فەرموو.

بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ ئەوەدام کە حقولی دەواجن تەنها ئیعفا بکرێت لە زەریبەی بۆ تەشجیع کردنی زیاد بوونی سەروەی حەیوانی، بەڵام مەفاقیس و مەعمەلی عەلەف، پێم وایە ئەوە خەڵکانی دەوڵەمەند تەنها مەفاقسیان هەیەو مەعاملی عەلەفیان هەیە، لەبەر ئەوەی عاملی ربحیان هەیە، بۆیە ئەگەر زەریبەیان بۆ دانێیت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە مەفاقیس و مەعاملی صونعی عەلەف خازیعی زەریبە بن، پشتگیری لە رەئی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەم لەوەی کە ئیلغای هەندێك فەقەرات بکرێت، بەتایبەتی لادانی زەریبە لەسەر سەیاراتی تەکسی و پاصات، لێرە پێشنیار کرا کە زەریبەیان لەسەر بێت، بەڕاستی ئەوە شتێکی مەنتیقی نییە، ئەوانەی تەکسیان هەیە، یان پاصیان هەیە ئەوانەیە کە کەم دەرامەتن، ئێمە لە یاسای پێشتر خەڵکە دەوڵەمەندەکان لە سێ تابق بەرەو سەرەوە ئیعفامان کردووە حەفت ساڵ، ئەوانەی فەقیرو هەژارن لێرە کە سایق تەکسی و پاصن داوا دەکرێت زەریبەیان لەسەر دابنرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئیعفا بکرێن، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دکتۆرە هالە فەرموو.

بەڕێز د.هالە سهیل وادی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

منیش تەئکید لە فەقەرە حەفت دەکەم، کە باسی مەعاملی عەلەف دەکات، ئێمە رۆژانە رەخنە لەوە دەگرین کە پرۆژەی ئینتاجیمان نییە، هەموو شتێك بە حازری لە دەرەوەی هەرێم بۆمان دێت، کە مەعمەلێك وەکو مەعمەل عەلەف هەبێت و تەشجیعی نەکەیت، مانای وایە ئێمە رێ لە پرۆژەی ئینتاجی

دەگرین، منیش پشتگیری ئەوەی دەکەم مەعاملی عەلەف زەریبەی لەسەر نەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر تەشجیع بن، بۆ ئەوەش نرخی دەواجن کەمتر بێت کە قوتی میللەتەو تەئسیر لە بازاڕ دەکات و، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ رەئیەکانیان زۆر موەحەد نەبوو، کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دیارە بۆ ماددەکە هەندێك تەوزیحی دەوێت، ماددەی حەوت لە قانونی زەریبەی دەخل رەقم 113 باس لە ئیعفائات دەکات، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و، لیژنەی داراییش هەمان بۆچوونی هەیە تەئیدی ئەو وجهەت نەزەری کردووە، کە سەیاراتی تەکسی عەفو بێت لە زەریبە، سەیاراتی پاصات هی ناو شار عەفو بێت لە زەریبە، بەڵام لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی پێیان وایە ئەو پاصانەی کە لە دەرەوەی شار ئیش دەکەن، ئەوانیش هەر عەفو بن لە زەریبە، واتا لە ماددەکە ئێمە خۆمان داوامان کردووە هەردوو لیژنە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیە کە ئەمانە هەمووی عەفو بێت لە زەریبە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دوو کەس ئیقتیراحی کرد پاصات لەنێوان شارەکان عەفو بکرێن، لیژنەش هەر وا دەڵێت شتێکی خیلاف نەگوتووە، کاك رەشاد دەڵێت مەعاملی صونعی عەلەف عەفو بکرێتن بە تەنیا، وابزانم راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی شمولە یەعنی بەحەقیقەت لە هینەکاندا، هیچ شتێکیش ناکرێتن بێ زەریبە، دەبێت زەریبەی دابنێن، ئەی دەوڵەت بەچی بەڕێوە دەچێتن، بەڵام کە زەریبەت دانا ئەو صاحێب مەعمەلە زەریبەکە لە گیرفانی خۆی ناداتن لە هەموو دنیا وایە، دەکەوێتە سەر شانی هاوولاتیەکە، ئێستاش کەوتووە تۆماتیکیەن هەر لەسەریەتی، دواتریش هەموو جار باسمان کرد، ئەو زەریبەیە ئەداتێکە بەدەست حکومەتەوە، بۆ ئەوەی رێگاوبان دروست بکات و زیاد بکات، حەدائیق زیاد بکات، خەدەمات زیاد بکات، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەت بەرنامجێکی هەبێت، داهاتی کۆ بکاتەوە بۆ ئەو مەبەستانە، کاك رەشاد فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەسڵی مەشروعی حکومەت ئیعفای کردووە، لێرە لیژنەی یاسایی دەڵێ زەریبەی لێ وەربگیرێت، ئەسڵی پرۆژەکە دەواجن و مەفاقیس و مەعمەل عەلەف خەت موتەکامیلە، نوقصانی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

حقولی دەواجن و مەفاقیس ئەوان دیارە لەگەڵ لیژنەی یاسایی بیریان کردۆتەوە لەگەڵ وەزارەت باسیان کردووە، غەمی حکومەتیشیانە، خۆ شەرت نییە ئیلا وەزارەتی دارایی غەمی حکومەتی بێت، دەبێت هەموومان غەمی حکومەت بخۆین، حکومەتیش غەمی میللەت بخوات، فەرموو.

بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە هەر لە زەریبە پرۆژەکان و وەسائیلی نەقل عەفو دەکەین، حەقە ئەسعاریش دابنرێت، مەسەلەن تۆ کە تەکسی عەفوی دەکەیت، حەقە هاوولاتی زۆر بە هەرزانی بگوازێتەوە، خاڵێکی تر/ مەسەلە هەر عەفو کردنی زەریبە نییە، دەبێت حکومەت مەسئوول بێت لە جێ بەجێ کردنی گازو بەنزینی ئەو سەیاراتانەی کە نەقل دەکەن و لە زەریبەش عەفو بکرێن، بۆ ئەوەی بە هەرزانترین سعر هاوولاتیان بگوازێتەوە.

دوو/ مەسەلەی پرۆژەی حەیوانی، دیسان هەر لە زەریبە ناکرێت عەفوی بکەین، چونکە ئێستا ئێمە دەبێت ئەسعاریش دابنێین، دەواجن هەیە لە جەژنان بە دە هەزار، بە پێنج هەزار، بە چوار هەزار دەفرۆشێت بە کەیفی خۆی، دەبێت حکومەت بێت ئەو پێداویستیانەی کە لەسەر حکومەتە وەکو کارەبا، سووتەمەنی، گاز بۆ دەواجنەکان تەئمین بکات، بۆ ئەوەی سعری لەسەر دابنێت بە یەك دینار بداتە هاوولاتیان، ئەگەر ئەو بە پێنج هەزار دەیداتێ، بە هەر چەند گران بکرێت بۆ ئەو دەردەینی، بەلأم ئێمە هەر عەفوی بکەین، دەبێت ئەسعار دابنێین، من هیوادارم لەسەر ئەوەی کاك شێخ جەعفەریش باسی کرد، کۆپتەر نا، بەلأم دەڕاسات و ئەوانەش هەرچی وەسائیلی بەرهەمهێنی زراعییە هەمووی لە زەریبە عەفو بکرێت و سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من بەنیسبەت ئەو ئامێرانەی بەکار دەهێنرێن لە زراعە تەحدید نەکرێت، هەر بنووسرێت (جميع الالات والمكائن التي تساعد في الزراعة)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ماموّستا کاکە شەرحی بکە.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە باسی دەڕاسەشمان کردووە، بەلأم نووسراوە (حاصدات)، بۆیە مومکینە هەندێك خوشك و برا مەعلوماتیان لەوە نەبێتن، ئەوەی تر سەیارەی تەکسی پێشتر پێنج نەفەراتمان نووسی بوو، ئێستا ئەوانەشمان هەمووی عەفو کردووە، پیکەبیش، پیکەبی یەك تەنی چ دەبل قەمەرە بێت، چ تاکە قەمەرە بێت، ئەوانیشمان داخیل کردووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوەلەن هیچ شتێکی وا زۆر بەقوەت نییە، دووەمیش/ ئیسڕاری لەسەر نییە لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامان، بۆیە هەر موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری، چیە کاك سەعدەدین فەرموو.

بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یەك ئیشكال ماوە، سەیاراتی پاصات لەنێوان شارەكان، ئەوە یەكلا نەكراوەتەوە، راستە لە تەقریری لیژنەی قانونی هاتووە، یەعنی ئەوەش داخیل بكرێت، یەعنی ئیعفا بكرێت لە زەریبە.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

لیژنەی قانونی ئیزافەی كردووە دەڵێت (داخل المدن وخارج المدن) دەڵێت سەیاراتی تەكسی و پاصاتی گواستنەوەی بچووك و گەورەكان لەناو شارەكان و دەرەوەی شارەكان، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تكایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ماددەی حەوتەم: بڕگەی (2) لە ماددەی (27) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە 113ی ساڵی 1982 هەموار كراو هەموار دەكرێت، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: (دەبێت هەموو كەسێك تۆمار كرا بێت و تۆمار نەكرا بێت داهاتێكی هەبێت، ملكەچ بێت بۆ باج، راپۆرتێك دەربارەی داهاتەكەی پێشكەش بكات بەر لە رۆژی یەكەمی مانگی تەمووز لە خەملاندنی سالانە، ئەگەر داوای لێ نەكرا بێت پێشكەشی بكات بەهۆی ئاگادار كردنەوەی نووسراو، یان بەهۆی یەكێك لە رێگاكانی بلاوكردنەوەدا.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

المادة السابعة: تعدل الفقرة (2) من المادة (27) من قانون ضريبة الدخل رقم 113 لسنة 1982 المعدل وتقرأ كالاتي: (على كل شخص مسجل او غير مسجل وله دخل يخضع للضريبة ان يقدم تقريراً عن دخله قبل اليوم الاول من تموز من السنة التقديرية اذا لم يطلب منه تقديمه باخطار خطي او باحدى طرق النشر).

بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی هەردوولا ئیتیفاقمان لەسەر ئەوە كردووە، كە پشتگیری دەكەین، چونكە كاتی خۆی لە 6/1 بووە دارایی، دوایێ 3/31 بووە، ئێستاكە كردیتیانە 7/1 شتێكی تەبیعییە بەنیسبەت ئێمە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

كاك رەشاد قسەی هەیە فەرموو.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

باشە تەحدیدی سەقف كراوە بۆ تەقدیمی تەقریر، ئەگەر یەك تەقدیمی نەكرد چ غەرامە هەیە لەسەری دیار بكرێتن، بۆ ئەوەی مولزەم بێت، چونكە هەندێك كەس هەیە برادەران دەزانن، ئەگەر ئیشی نەبێت لە زەریبە پێنج ساڵیش جارێك ناچێتە زەریبە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەتا ئێستا هەر کەسێك پێویست بوو موڕاجەعەی زەریبە بکات، تا 5/31 موڕاجەعە بکات، پێشتر 3/31 بوو، دواێ بووە 5/31، ئەگەر هاتبوایە تاخیر ببایە لەو ماوەیەی کە دیاری کراوەو موڕاجەعەی نەکرد بوایە لە 10٪ غەرامە دەکرێت لەو باجە، ئینجا ئێستا بۆ تەسهیلات کردن، بۆ هاوواڵتیان ماوەکەمان زیاد کردووە تا 7/1 شەش مانگ بۆ هاوواڵتی بێت شەش مانگەکەی تریش بۆ حکومەت بێت، بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی زەریبە یەك بە یەك بە ئیزبارەکاندا بچنەوە، کە لە لایانەو تەبلیغی باجدەر بکەن، بۆ ئەوەی بێت موڕاجەعەی بکات، ئەگەر دوای ئەو ماوەیە نەهات، ئەوە لە 10٪ غەرامە دەکرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك بەڵێن فەرموو.

بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من نازانم هەموو کەسێك تۆمار کرابێت، تۆمار نەکرا بێت، یەعنی ئێمە خەڵکی تۆمار نەکراومان هەیە بە خارجی قانون، ئەوە هەر پرسیارە من دەمەوێت بزانم، چۆنە، ئەوانە کێنە؟ تۆمار نەکراون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ماموستا کاکە وەاڵمی بدەوە.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

تەبعەن کە دەڵێی تۆمار کرا بێت، مەبەستمان ئەوەیە تۆمار کرا بێت لە زەریبە، ئەو کەسەی کە موکەلەفە دەخلی هەیە، ئەوە تەسجیل دەکرێت، من ئەگەر ئەوەم نەدیت بێت قەت و قەت ناچمە ناو زەریبە، لە زەریبە هیچ سجلێکم نییە، بەاڵم هەر یەکێك دەخلێکی هەبێت و خازیع بێت بۆ زەریبە کە دەچێت تەسجیل دەکرێتن و لێی وەردەگیرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمەش ئینشائەللا رۆژێك دیتن وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو، ڤیان خان فەرموو.

بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، ئایا میکانیزم چیە هەتا بزانین دەخلی هەر تاکێك لێرە چەندە؟ لە وڵاتان یەعنی هاوواڵتی خۆی دەچێت دەخلی خۆی ئیعلان دەکات، یان بە نیزامی بانك رێك دەخرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

هەردووکی هەیە، هاوواڵتی خۆی دەچێت، ئەغلەب کە ئەوانەی خۆیان دەچن هیچیان نییە، دەنووسێت هیچم نییە، بۆ ئەوەی بەرائە زیمەکەی وەربگرێت لە دەوائیرەکاندا ئیشی بڕواتن، ئەوانی تر دوو نەوعن، ئەوەی کە پێویستە داهاتەکەی تۆمار بکاتن، هەندێکیان هەیە مولتەزمن بە قانون، من باسی واڵتانی دەرەوە دەکەم، بەڕێگای قانونیەوە ئۆتۆماتیکی حکومەت ئەو ئالیەتەی کە هەیەتی دەزانی چەندە، مەسەلەن خاوەن مەتعەمێك داهاتی چەندە لە لای حکومەت دیارە، چونکە لەوێ یان بە چەك خواردنەکەی دەفع دەکات، یان بە کارتی بانکی، هەردووکی داهاتەکەی لە بانك دیارە، جا لەبەر ئەوە زۆر لە مەتعەمەکان ئەوانەی چونەتە ئەوروپا خاوەن رێستۆرانتەکە پێی خۆشە بە نەقدی پارەکەی بدەیتێ، چونکە ئەو نەقدەی ئیعلان ناکاتن، ئێمەش لە لای خۆمانەوە قانونێك دەردەهێنین هەستی هاوواڵتی رۆژێك دێت ئینشائەللا، ئینشائەللا ئەو رۆژەش زووە بەرز دەبێتەوە، خۆی دێتن دەڵێ من داهاتم ئەوەندەیەو زەریبەی دەدەم، چونکە دەزانی ئەو زەریبەیە بۆ قازانجی واڵتەکەیەتی، ئەمەش واجیبە لەسەریان، ئەو ماددەی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت، کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الثامنة:

لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەردوو لیژنە پێشنیار دەکات وەکو یاسایەکانی دیکە ئیعادەی صیاغەی بکرێتەوە بەم شێوەیە: (لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو ماددەیەش وەکو هەموو ماددەکانی تر لیژنەی یاسایی صیاغەی کردۆتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی نۆیەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمدا بۆیان هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکەن.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة التاسعة:

لوزارة المالية والاقتصاد في الاقليم اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەردوو لیژنە پشتگیری لە ماددەکە دەکات.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خۆی باشترە بڵێی (لوزیر المالیە) چونکە ئیمزای دەکاتن، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی دەیەم:

کار بە یاساو بڕیارەکانی باجی بەرکار دەکرێت ئەوانەی پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە نین.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة العاشرة:

يعمل بالقوانين والقرارات الضريبية النافذة بما لا يتعارض واحكام هذا القانون.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لیژنەی یاسایی هەرچەندە پێشتر تەئیدی دەکردو مولاحەزاتی لەسەر نەبوو، بەڵام ئەو جارە لە دانیشتنەوە ئیتیفاقمان کرد لەگەڵ لیژنەی دارایی ئەو ماددەیە هەر لەغو بکرێتەوە، چونکە ئەوە بەپێی قەوانینی زەریبی ئەوە هەیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر راستە، ئێمەش لێرە پێش ئەوەی وا بڵێن کاك فرسەت هەمان رەئی هەبوو، ئەو ماددەیە لیژنەی یاسایی دەڵێت ئیلغا بکرێتن، لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە هەروەکو خۆی کار دەکرێت بەو یاسایانەی کە هەنە،

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە بۆ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا، ماددەکەی تر تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی یازدەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الحادية عشرة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئیقتیراحمان کرد، کەوا ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، بەم شێوەیە: (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باشە وەکو یاسایەکانی تر، ئەو ماددەی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

بەڕێز دلێر محمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ماددەی دوازدەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوەو بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

بەڕێز محمد صالح اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

المادة الثانية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ صدوره ونشره في جريدة وقائع كوردستان.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئیقتیراحمان کرد، کەوا ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، بەم شێوەیە: (ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ 2008/1/1 التقدیریة وینشر في الجریدة الرسمیة وقائع کوردستان).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و دارایی دەخەمە دەنگدانەوە کە تاریخ تەحدید کرا، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەسبابی موجیبە تکایە.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

(الاسباب الموجبة)

لغرض جعل القانون منسجماً مع السیاسة الاقتصادیة في اقلیم کوردستان ولتحقیق اهداف التشریعات الاقتصادیة الخاصة بالاستثمار واقتصاد السوق وتشجیع الحرکة العمرانیة والاستثمارات بصورة عامة ولتحقیق العدالة وتخفیف العبء الضریبي عن کاهل المواطنین فقد شرع هذا القانون.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئێستا پرۆژەکە، پرۆژەی یاسای هەموار کردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە 113ی ساڵی 1982ی هەموار کراو پاش ئەوەی مادده به مادده دەنگتان بۆدا، پرۆژەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس بۆ هەموتان و بۆ لیژنەی قانونی و لیژنەی دارایی و ئابووری، بۆ یەکە یەکەی ئێوە کە بەشداریتان کرد لە دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژەیە، سوپاس بۆ جەنابی وەزیرو راوێژکاری وەزارەتی دارایی و کاك سەعدیش کە لەگەڵمان بەشدار بوو لەو چەند موناقەشەی ئەو ماددەیە، ئومێد دەکەم ببێتە هۆی ئەوەی کە لەو بوارەدا پێش بکەوێتن، ئەنجامەکانی باشتر بێت و داهاتی حکومەتیش زیاد بێت، هاوولاتیش خەمی کەم ببێتەوە، زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر ئەگەر قسەی هەیە فەرموو.

بەڕێز سرکیس اغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمەش لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێزتان و تەواوی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کە هەموو کاتی خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەم یاسایە، هەم یاسایەکەشیان پەسند کرد، بەپێی ئەو یاسایەی کە دەرچوو، ئێمەش تەعلیمات دەردەکەین و جێ بەجێی دەکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، برگەی چوارەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (4)ی ساڵی 1992 کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

pهەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵەکان

47

سالّی/ 2008 – بەرگی چل و حەوت

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/4/29 ل5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/30 ل65

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/5 ل171

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/6 ل231

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/12 ل275

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/13 ل339

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/5/19 ل431

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/5/20 ل493

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/5/26 ل499

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/28 ل517

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)

سێ شەممە رێکەوتی 2008/5/13

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2008/5/13 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانيشتنى ژمارە (17)ى خولى دووەم, سالّى (2008) ى خۆى بەست.

بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى مادده (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەموارکراوى سالّى 1992ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكايەتى ئەنجومەن بڕيياردرا دانيشتنى ژمارەى (17)ى خولى دووەمى هەڵبژاردن لە كات (11)ى پێش نيوەڕۆى رۆژى سێ رێكەوتى 2008/5/13 دا بەم شێوەيە بێت:

1 ـ خوێندنەوەى يەكەمى ياساى دانانى پلەى پاسەوانى شەرەف لەسەر ميلاكى كارمەندانى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان - عيراق كە لە لايەن ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

2 ـ خوێندنەوەى يەكەمى پرۆژە ياساى هەموارکردنى يەكەمى ياساى ژمارە 26 سالّى 2007ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان - عيراق كە لە لايەن ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمانى كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

3 ـ گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردنى گرفتى دەرمان و خۆراك و چارەسەركردنيان و راپۆرتى ليژنەى تەندروستى و كاروبارى كۆمەڵايەتى لەبارەيەوە و بە ئامادەبوونى وەزيرە پەيوەندارەكان.

4 ـ خستنەروو وگفتوگۆكردنى پرۆژە ياساى هەموارکردنى يەكەمى ياساى ژمارە 31 ى سالّى 2007 ى ياساى بەرەنگاربوونەوەى جگەرە كێشان لە هەرێمى كوردستانى عيراق كە لە لايەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە پێشكەش كراوە.

بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:

بەناوى خواى گەورەو ميهرەبان.

دانيشتنەكەمان دەكەينەوە لە خولى دووەمى هەڵبژاردن، سالّى سێيەمى 2008، خولى گرێدانى يەكەم، دانيشتنى ژمارە 17، رێكەوتى 2008/5/13، كاتژمێر 11,12 پێش نيوەڕۆ. بەرنامەى كارى ئەمڕۆمان بريتى يە لە:

1 ـ خوێندنەوەى يەكەمى ياساى دانانى پلەى پاسەوانى شەرەف لەسەر ميلاكى كارمەندانى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان - عيراق كە لە لايەن ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

2 ـ خوێندنەوەى يەكەمى پرۆژە ياساى هەموارکردنى يەكەمى ياساى ژمارە 26 سالّى 2007ى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان - عيراق كە لە لايەن ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمانى كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

3 ـ گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردنى گرفتى دەرمان و خۆراك و چارەسەركردنيان و راپۆرتى ليژنەى تەندروستى و كاروبارى كۆمەڵايەتى لەبارەيەوە و بە ئامادەبوونى وەزيرە پەيوەندارەكان.

4 ـ خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە 31 ی سالّی 2007 ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان لە هەرێمی کوردستانی عیراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەرێزان وەزیری ناوخۆو کاك عثمان، وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری هەرێم، وەزیری تەندروستی کاك د. زریان، وەزیری بازرگانی کاك محمد، وەزیری پلاندانان کاك عثمان، د. مؤید لێپرسراوی کۆنترۆڵی نەوعی لە هەرێمی کوردستان، زۆر بەخێر بێن سەرچاوان کە لە گەڵمان بەشدارن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێنە سەر مەنسە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەردوو خاڵی یەکەم و دووەم.

1 ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسای دانانی پلەی پاسەوانی شەرەف لەسەر میلاکی کارمەندانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

تەبعەن ئەوەش لە کۆبوونەوەیك دا باسی لێوەکرا کە ژمارەی یاسایی پێشکەشی بکەن، 12 ئەندام لەوانە: کاك شێروان، کاك سەردار، کاك طارق، کاك عونی، کاك کریم، کاك خلیل، کاك عبدالکریم، کاك محمد صالح، کاك د. ناصح، کاك شوقی، کاك قادر، کاك رشاد، ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردووە، داوایان لێ دەکەم بیخوێننەوە، کاك طارق فەرموو.

بەڕێز طارق محمد سعیدجامباز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بڕیاری ژمارە ( ) ی سالّی 2008

1 ـ پلەیەك بە ناونیشانی پاسەوانی شەرەف لەسەر میلاکی کارمەندانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق لە نوێ دادەندرێت و یاسای خزمەت وخانەنشینی ئاسایشی ناوخۆیان بەسەردا دەسەپێندرێت کە لە هەرێم دا کاری پێکراوە.

2 ـ ئەم بڕیارە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەو ناونیشانە دامەزراون بەر لە دەرچوونی، باریان لەبەر روناکی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزی ئاسایشی ناوخۆ هەموار دەکرێت.

3 ـ کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

4 ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وقائع کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك زانا فەرموو.

بەڕێز قادر سعید خضر:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

قرار رقم ( ) لسنة 2008

که هەموو هزرەکان یەك بخات لە ئەنجومەندا گفتوگۆو دەنگدانی لەسەر ئاسان بکات، دوای را گۆڕینەوەو گفتوگۆو سوود وەرگرتن لە رەئی هەندێك بەڕێزان قازی و پارێزەرو تۆێژێکی فراوان لە خاوەن مولّك و کرێچی و خاوەن کرێ، دوای گەڕانی مەیدانی و وەرگرتنی زانیاری و دیتنی نموونەی جۆر بە جۆری خانووبەرەی کرێ و بەکرێدراو لە بینایەی دروست کراوی کۆن و نوێ، بڕی کرێی کۆن و تازە.....
هتد، لە پێناوی ئەوەشدا کە لە کەلێنەکانی تەشریعاتە کوردستانیەکان تێ بگەین و پێناسەکانی وا لێ بکەین، کە لەگەڵ سیاسەتی کۆمەلاێەتی هەرێمدا لەبار بێت و بگونجێت، بۆ ئەوەش ئامانجەکانیان لە پەیدا کردنی هاوسەنگی نێوان هەردوولایەکانی گرێبەستی بە چاوێکی عادیلانە لەسەر بنەمای یەکسانی بێتەدی، چاودێری هەلومەرجی کۆمەلاێەتی و ئابووری بکرێت پەیوەندی کۆمەلاێەتیش بەهێزو پتەوتر بکرێت، لە هەمان کاتیشدا بزووتنەوەی ئاوەدانکاری وەبەرهێنان بەگشتی لە بواری نیشتەجێ بووندا گاڵ بدرێت، وەك ئەوەی لە کەرتی تایبەت گاڵ بدرێت، کە سووك کردنی گرفتی نیشتەجێ بوون (السکن)دا بەشداری بکات، لە پێناوی هەموو ئەوانەدا لیژنە وای دێتە بەرچاو، کە کاتی ئەوە هاتووە رێکاری پێویست بۆ هەموار کردنی پێشنیازەکانی یاسای کرێی خانووبەرە بگێردرێتەوە، چونکە ئامانجی ئەو هەموار کردنانە ئەوەیە کە یاسایەکانی کرێ لە هەرێمدا یەك بخرێن، جا بۆ بەدیهێنانی ئەوانەی باس کران و ئەمەش رەچاو بکرێن لیژنە گەیشتە ئەو قەناعەتە کە پێویستە گرێبەستەکانی ژێر سایەی یاسای بەرکار (النافذ) بەر لە هاتنی پرۆژەکە چارەسەر بکرێن، هەروەها ئەو گرێبەستانەش چارەسەر بکرێن، لە ماوەی پرۆژەکەو دوای پرۆژەکەش بەکرێ دەدرێن، ماوەی بەکرێ گرتن و جیا کردنەوەی ئەو خانووبەرانەش کە بۆ نیشتەجێ بوون بەکرێ دەدرێن لەوانەی کە بۆ غەیری نیشتەجێ بوون بەکرێ دەدرێن، لەبەر ئەوە لیژنەکەمان زۆربەی ئەو هزرانە تەئید دەکات، کە لە هەر چوار پرۆژەکەدا هاتوونەو، پێشنیازیش دەکات یەك بخرێن و دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

یاسای ژمارە ( ) سالّی 2007

یاسای هەموار کردنی سەپاندنی (تطبیق) یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی سالّی 1979 هەموار کراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم: ماددەی سێیەم لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی سالّی 1979 هەموار کراو لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێت، ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

یەکەم: ماوەی گرێبەستی واژوو کراوی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون (السکن) دوای بەکارخستنی ئەم یاسایە درێژ دەکرێتەوە، بۆ ماوەی سێ سالّ لە رۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەوە، مادام کرێ گرتەکە لەناویدا بێت و بەردەوامیش کرێیەکەی بدات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە کۆتایی هاتنی ماوە درێژکراوەکە گرێبەست کۆتایی پێ دێت و خاوەنەکەی دەتوانێت بەکرێدراوەکە بە چۆلی وەربگرێتەوە.

دووەم: ئەگەر گرێبەستی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە واژوو کرا بێت، یان درێژ کرا بێتەوە، ئەوە دوای بەکار خستنی ئەم یاسایە بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژ دەکرێتەوە لە رۆژی کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەوە، یان درێژ کردنەوەکە مادام کرێ گرتەکە لەناویدا بێت و بەردەوامیش کرێیەکەی بدات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایەو کۆتایی هاتنی ماوە درێژ کراوەکە گرێبەست کۆتایی پێ دێت خاوەنەکەی دەتوانێت بەکرێدراوەکە بە چۆل کراوی وەربگرێتەوە.

ماددەی دووەم: حوکمی بڕگەی یەك (أ و ب) لە ماددەی چوارەم لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێت، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە.

یەکەم/ کرێی ساڵانەی ئەو خانووربەرانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەو گرێبەستانەدا کە دوای بەکارخستنی ئەم یاسایە واژوو دەکرێن لەم دوو رێژەی خوارەوە زیاتر نابن:

1- 4٪ی بەهای گشتی ئەو خانووبەرانە، یان ئەو شوقانەی کە بۆ نیشتەجێ بوون (السکن) ئامادە کراون و بۆ ئەم بەمەستە بەکرێدراون.

2- 6٪ی بەهای گشتی ئەو خانووبەرانە، یان ئەو شوقانەی کە ژوور ژوور بۆ نیشتەجێ بوون بەکرێدراون.

دووەم/ کرێی ساڵانەی ئەو خانووبەرانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەو گرێبەستانەدا هەموار دەکرێن، کە بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە واژوو کراون، بۆ ئەو دوو رێژەیەی کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا هاتوون.

سێیەم/ مەبەستی ئەم یاسایە لە بەهای گشتی خانووبەرە بریتییە لە کۆی بەهای زەویەکەو بینایەکەیە لەکاتی ئەو خەملاندنەی کە دەسەلاتی دارایی دایدەنێت بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: گرێبەستی بەکرێدانی خانووبەرە کە دوای بەکارخستنی ئەم یاسایە بە مەبەستی غەیری نیشتەجێ بوون بەکرێ دەدرێن، دەکەوێتە ژێر حوکمەکانی یاسای ژمارە (40)ی ساڵی 1951ی هەموار کراو.

دووەم: گرێبەستی بەکرێدانی ئەو خانووبەرەی بە غەیری نیشتەجێ بوون بەر لە بەکارخستنی ئەم یاسایە بەکرێدراون بۆ ماوەی یەك ساڵ درێژ دەکرێتەوە لە رۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکە، یان ماوەی درێژ کردنەوەکە، پاش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیەش دەکەوێتە ژێر حوکمەکانی یاسای مەدەنی ناوبراوەوە.

ماددەی چوارەم: خاوەن خانوو بۆی هەیە داوای چۆل کردنی بەکرێدراوەکە بکات حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە دەیگرێتەوە، بۆ ئەوەی بیرووخێنێ بەشێوەیەك بینای بکاتەوە، کە دوو یەکەی نیشینەیان زیاتری تێدا دروست بکات، یان بەشێوەیەك بالأخانەیەك کە لە سێ نهۆم کەمتر نەبێت بە نهۆمی سەر زەوییەکەوە، ئەگەر لە مەرکەزی پارێزگادا بێت و لە دوو نهۆمیش کەمتر نەبێت بە نهۆمی سەر زەوییەکەوە ئەگەر لە قەزاو ناحیەکاندا بێت، یان خانووبەرەکە بڕووخێنێت، بۆ ئەوەی بەپێی نەخشتەی ئەساسی پەسند کراوی دەسەلاتی ئەو ناوچەیەی خانووبەرەکەی تێدایە سەر لەنوێ بینای بکاتەوە.

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵەکان

48

سالّی/ 2008 – بەرگی چل و هەشت

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

پێڕیست

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/6/2 ل5

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/6/3 ل67

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/6/8 ل101

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/6/9 ل123

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/6/10 ل163

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/6/11 ل213

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/6/17 ل269

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (29) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/6/18 ل351

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (30) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/6/23 ل385

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (31) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/6/25 ل427

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (32) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/6/29 ل503

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (33) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/6/30 ل515

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/7/23 ل533

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لەجیاتی (مستفحلة) کەلیمەیەکی تر نابیننەوە، کەلیمەی موستفحەلە راست نییە، مانای ئەوەیە کە نەتوانێت چارەی بکەیت، ئەوە نییە ئێمە رێگایەکمان بۆ دۆزیتەوە چارەی بکەین، لێژنەی ئاوەدانکردنەوە بزانم رەئیتان.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هۆی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی کێشەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان کێشەیەکی بەرچاوو دیارە، کە زۆربەی فەرمانبەران و هاووڵاتیانی کەم دەرامەتی گرتۆتەوە، هەموو هاووڵاتیەکیش مافی خۆیەتی شوێنی نیشتەجێ بوونی هەبێت بۆ کەم کردنەوەی کێشەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم یاسایە دەرکرا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو ئەسبابی موجیبەی بە کوردی خوێندرایەوە بە عەرەبیەکەی هەموار بکەین وەکو ئەوە باش بە دیقەت هاتووە، بۆ ئەوەی رزگاریشمان دەبێت لە کەلیمەی موستەفحەلە، پرۆژەکە لەگەڵ ئەسباب موجیبەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە خوێندیەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، پیرۆزەو دەستتان خۆش بێت و سوپاس بۆ هەموو لایەك بەشداریان کردو پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کرد، بە ئاخیری بوو بە یاساو ئومێد دەکەین کە حکومەتی هەرێم هەنگاوی بە پەلە بنێت بۆ جێ بەجێ کردنی و ببێتە هۆی ئەوەی موشکیلەی نیشتەجێ بوون، بەتایبەتی بۆ کەم دەرامەتەکان چارەسەر بکرێت و هاوکاریان بین.

ئەگەر موافەقەت بکرێتن خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار دوابخرێت و خاڵی سێیەم تەواو بکەین، ئێوە بڕۆنە جێی خۆتان، موقتەرەحێك هەیە لە لایەن سەرۆکایەتیەوە ئێستا خاڵی سێیەم موناقەشە بکرێتن و کورتیشە، خاڵی دووەم دوابخرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کەواتە خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار بووە خاڵی دووەم، ئێستا خاڵی دووەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26) ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لیژنەی یاسایی ئەوەی کە گۆڕانکاری دەکاتن لە جێگاتان، لەگەڵ لیژنەی دارایی، کاك دکتۆر دلێر بۆ ئەو خاڵە چ راپۆرتتان هەیە، فەرموو لێرە دانیشە ئەگەر راپۆرتیشتان نەبێت فەرموو.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێمە پشتگیری راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی ئەسڵی پرۆژەکەتان.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

بابەت / راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەکەمان لە ئێوارەی رۆژی دوو شەممەی 2008/5/19 ڕێکەوتی 29/گوڵانی /2708 کوردی دا کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژەی (یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە(26ی ساڵی 2007)کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەوی یەکەمی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (17)ی رۆژی 2008/5/13 بۆ لێژنەکەمان نێردراوە. لیژنەکەمان دوای گفتوگۆو تاوتوێکردنی پرۆژەکە لیژنە بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لێ دەکات، چونکە لە بەرژەوەندی هاوواڵتیانە، تکایە سەیری پرۆژەکە بفەرموون و رای لیژنەی یاساییش بخەنە بەرچاوی ئەنجومەن، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکاو رای لە باری خۆی لەسەر بدات. زۆر سوپاس.

بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

الی/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان_العراق

م/ تقرير اللجنة القانونية

اجتمعت اللجنة القانونية مساء يوم الاثنين 2008/5/19 المصادف ليوم 29/گولان/2078 الكوردية لدراسة مشروع قانون التعديل الأول لقانون ضريبة الدخل رقم 26 لسنة 2007 المقدم من قبل العدد القانوني من اعضاء البرلمان والمحال اليها بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الأعتيادية المرقمة (17) والمؤرخة في 2008/5/13 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع لكونه في صالح المواطنين، راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع ورأي اللجنة بشأنه على المجلس للمناقشة وابداء راي المناسب بصدده.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەرموو كاك عەونی ماددەی یەك لە پرۆژەكە بخوێنەوە.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

مادەی یەکەم:

یەکەم: بڕگەکانی دووەم و سێیەم و حەوتەم لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007ی یاسای هەموار کردنی پیادە کردنی باجی داهاتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو لە هەرێمی

کوردستان ـ عێراق هەڵدەوەشێتەوەو دووبارە کار بە حوکمی بڕگەکانی هەڵوەشاونەتەوە پێش هەموارکردنەکە دەکرێ.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەو موقتەرەحە.

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەداخەوە رەنگە ئێمەو لیژنەی یاسایی یەك را نەبین لەسەر ئەو بابەتە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین فەقەرەی دوو و سێ و حەوت کاریان پێ نەکرێت بەڕاستی، فەقەرەی دوو لە قەراری (520) ساڵی 2007 هیبەیە، یەعنی بەخشین، خانوویەك باوك و دایکێك بە کوڕەکانی دەبەخشێت، یان بە پێچەوانەوە، تەنیا یەك جاریش لە ژیاندا دەکرێت، ئێمە ئەوە هەژدە، نۆزدە ساڵە، یەعنی لەوەتی حکومەتی هەرێم یەك حاڵەتی واش بۆمان نەهاتۆتە پێش، تەبیعی ئێمە بە ئەوە نازانین کە سوودی هەبێت بۆ هاوواڵتی، بەپێچەوانەوە لە بەرژەوەندی حکومەتە، ئەگەر کار بەوە بکرێت، دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە پێویستە جارێکی تر بێینەوە سجلات بۆ هەموو ئەو حاڵەتانە بکەینەوە، ئەگەر یەکێك موڕاجەعەی زەریبە بکات، دەبێت بێیت سجلاتی ئەو هاوواڵتیە تەدقیق بکەیت، بۆ ئەوەی بزانین ئایا جارێك لە ژیان ئیستیفادەی کردووە لەو بەخشینە؟ یان نا؟ ئەوەش دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە عەرقەلە بۆ ئیشی هاوواڵتیان دروست ببێت، دڵنیاشم دەبێتە سەبەبی دروست بوونی گەندەڵی.

بەنیسبەت فەقەرەی سێ و فەقەرەی حەوت، ئەوە ئیعفای موتڵەقە، ئێمە لە یاسای ژمارە (26) ئەوەی لێرە دەرچووە لە پەرلەمانی بەڕێزو کاری پێ دەکرێت، پەنجا ملیۆنی جاری یەکەم ئێمە عەفووی دەکەین لە زەریبە، ئەوەش لە بەرژەوەندی هاوواڵتیان دایە، بەاڵم لە ئیعفای موتڵەق، پێویستە هەر موعامەلەیەك جارێکی تر بچێت هەموو موعامەلاتی سااڵنی پێشووتر تەدقیق بکەیت و مەجالی ئەوەش پەیدا دەبێت، کە فەرمانبەری باج چاو پۆشی بکات و عەفووی پێشتر بشارێتەوە، دووبارە کابرایەکی تر عەفوو بکرێت، یەعنی مەبەستم لەوەیە کە ببێتە سەبەبی ئەوەی کە تەعقیدات دروست بێت بۆ هاوواڵتیان، مەجال دەدرێت بە فەرمانبەران بۆ ئەوەی تەاڵعوب بکەن، کە بیەوێت بەڕاستی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە جارێکی تر نەگەڕێتەوە، چۆن ئێستا کاری پێ ناکرێت؟ بەو شێوەیە بێتن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

من داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون بکەنەوە فەقەرەی دوو و سێ و حەوت چیە، بۆچی داوا دەکەن ئیلغا بکرێتن، زەرەری چی بووە هەموو ئەو حوجەتانە، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خوشك و برايانى ئەندامانى پەرلەمان، پاش دەركردنى ياسايەكە گلەييەكى زۆرمان بۆ هات، كە گوتيان پەرلەمان لە جياتى ئەوەى خزمەتى ميللەتى بكات، خزمەتى هاوولاتيانى بكات، بە پێچەوانەوە بارى هاوولاتيانى گران كردو ئەزيەتێكى زۆريدا بە خەڵك، خەڵك كە دەچێتە دائيرەى زەريبە، وا دەزانێت دەچێتە دائيرەيەكى ئيرهابى، موعامەلات ناڕوات و تەعقيد بووە ئەو ئاليەتەى كە پێش دەركردنى ياسايەكە پەيڕەو كرا بوو، زۆر لە بەرژەوەندى هاوولاتيان بوو، چونكە موعامەلە زۆر بە ئاسانى دەڕۆيشت، بەتايبەتى بڕگەى هەشتەم كە داوامان كردووە ئيلغا بێت، چونكە وەختى خۆى ئەنجومەنى وەزيران پەيڕەوێكى دانا بوو كارى پێ دەكرد، زۆر نەجاحەتى هێنا، موعامەلە راستەوخۆ تەقديمى دەوائيرى تاپۆى دەكرا، ليژنەى تاپۆ تەقديريان دەكرد، پاش تەقدير كردن لە سەدا نيوى زەريبەيان وەردەگرت رەوانەى زەريبەى دەخليان دەكرد، بەبێ ئەوەى موڕاجيع موڕاجەعەت بكات، ئيشەكانى بە ئاسانى دەڕۆيشت، بەڵام دەرچوو پاش ئيلغا كردنى ئەو فەقەرەيە كێشەيەكى زۆر پەيدا بوو، بەتايبەتى برادەرانى محامى و هاوولاتيان، نەقابەى محامين كتابێكى ئاراستەى ئێمەى كرد، پاش خوێندنەوەى يەكەمى پرۆژەكە، ئێستا بۆتان دەيخوێنمەوە، كە لە نزيكەوە ئاگاتان لە وەزعەكە بێت:

بۆ/ بەڕێز ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان

ب/ سوپاس و پێزانين

بەناوى سەندیكاى پارێزەرانى كوردستان دەست خۆشى گەرم لە ئێوەى بەڕێز دەكەين، لە هەڵوەشاندنەوەى دوا هەمواری ياساى باجى دەرامەت، كە لە بەرژەوەندى هاوولاتيان نەبوو، هەروەها داواكارين كەوا دوا هەموار كردنى هەردوو ياساى باجى خانووبەرەو عەرەسات هەڵبوەشێتەوە، بۆ پاراستنى بەرژەوەندى هاوولاتيان و سووك كردنى بارى سەرشانيان.

ئەوە بەنيسبەت ئاليەتى ماددەكە، تەبعەن بۆمان مەعلومات هات، كە لە دەوائيرى زەريبە فەرمانبەرەكان بەداخەوە ئەو قسەيە دەكەم بە راشكاوى لە مەقامى ئەندامانى پەرلەمان، لە موعامەلاتيان گەندەڵيەكى زۆر تەواو پەيدا بووە، فەرمانبەرى كۆمپيوتەر خەتمى لێ دەدات، دەڵێت ئەوە موسەجەل نييە بە موقابيلى مەبلەغێكى موعەيەن، هەرچەندە ئەو قسەيەشم پێ ناخۆشە لێرە بيكەم، بەڵام دەيكەم، چونكە زۆر خەڵك هات موڕاجەعەتيان كردو گلەييەكى زۆريان كرد، جەنابى وەزير دەڵێت گەڕاندنەوەى ئەوە لە بەرژەوەندى حكومەتە، مادام بەرژەوەندى حكومەتە، ئێمەش پشتگيرى لێ دەكەين با بەرژەوەندى حكومەت بەرچاو بگيرێت و با حكومەت قازانج بكات، ئەگەر بەو پرۆژەيە كە ئێستا ئێمە تەقديممان كردووە، بۆ تەوزيح كردنى ماددەكانى ديكە، ئێمە داوامان كرد ئيلغا بێت، ماددەى چوارەم دەڵێتن لە ئەسڵى قانونەكەى، قانونى زەريبەى دەخلى كوردستان رەقم (5)ى سالّى 1999

أ- يعفى المكلف من ضريبة الدخل عن نقل ملكية الدار اوالشقة المعد للسكن بالبيع او بأية طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او الاولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكنه على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.

ئەو عەفوو هەبووە لەوێ، بەلأم عەفوومان لەغوو کرد، مانای وایە باری هاوولاتیانمان گران کرد، یەعنی ئەزیەتی خەلکماندا، نەك قانون دەربچێت لە بەرژەوەندی میللەت، ئەوە یەکەمیان.

فەقەرەی تر کە داوامان کردووە ئیلغا بکرێت بابێك، یان داکێك خانوویەکی هەیە بەناوی منداڵەکانی دەکات بۆ زەریبەی لێ وەربگرین، بۆ عەفووی نەکەین، قانونی پێشەوە عەفووی دەکرد، ئێمە ئەو پرۆژەیەمان تەقدیم کرد خەلك ئیستیفادە لەو نوقتەیەش بکات.

سێیەمیان/ کە داوامان کردووە ئیلغا بکرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەزانن چۆنە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان تێبگەن، من بەدوای ئەوە دەگەڕێم فەرقەکەی تێ بگەیەنم، ئێستا با فەقەرە بە فەقەرە بیکەین، لیژنەی یاسایی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردووە، ئەو یاسایەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە دەرچوو ژمارە (26) لە ساڵی 1997 کۆسپێکی هاتە پێش، ژمارەیەك لە هاوولاتیان گلەییان کرد، گوتیان ئەوە غەدرێکە لە ئێمە دەکرێتن و وای کردووە کڕین و فرۆشتن زۆر دابەزێتن، خەلك نەتوانێت بەوە هەڵبستێتن، لەبەر ئەوە قیودێکی زۆر دانراوە، ئیعفائاتێکە بۆ پێشتر، بۆ هاوولاتی، هەندێك حاڵەتیان لابردووە، یەکێك لەو ئیعفائاتانە کە ئێمە بە قانونی ژمارە (26) لامان بردووە، فەقەرەی دووەمە لە قەراری 520ی ساڵی 1987، لە فەقەرەی دووەمدا لەو قەرارەی 520 لە 7/20 ئێمە ئەو قانونەی خۆمان ئیلغا کرد، دەڵێت (تعفى من ضريبة الدخل معاملة هبة دار سكنية واحدة او شقة سكنية واحدة التي تتم بين الابوين والاولاد بشرط ان يملك الموهوب له دارا او شقة سكنية اخرى على وزن الاستقلال خلال مدة سنتين سابقة لتأريخ) ئێمە ئەو ئیعفایەی لە قەراری 520ی ساڵی 1987 ئیلغامان کرد، ئەو ئیلغا کردنە بەڕاستی خەلکێکی زۆرگلەیی دەکاتن دەڵێت ئەو نەوعە ئیعفا کردنە لە زەریبەی دەخل بۆ ئەوانەی کە لە نێوان باوك و دایکە حەق نییەو لیژنەی یاسایی وەکو پشتگیری سەندیکای پارێزەران کە پشتگیری کردووە لەوە دەبێت ئەو ئیعفایە بگەڕێتەوە، من پێموایە فەقەرە بە فەقەرە بێت، جەنابی وەزیر رەئیت چیە لەسەر ئەو فەقەرەیە تەحدیدەن؟

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی لە سەرەتایەکەی دەڵێم بەڕێز کاك عەونی نەدەبوایە بەو شێوەیەی موتلەق لەسەر باجی دەرامەت باسی کرد بوایە، هەر مولاحەزەیەکی هەیبێت، ئێمە لیژنەی تایبەتیمان هەیە لە وەزارەتی مالیە، دەدرێنە مەحکەمە، یان ئیجرائاتی خۆمان وەردەگرین بەشێوەی موتلەق باش نییە، من حەز دەکەم هەتا یەك نموونەش ئێستا، یان دوایێ کاك عەونی بۆم بێنێت، بەنیسبەت ئیعفای موتلەق لە 2003ەوە نەماوە، لە 2003 هەتا 2008یش کەس گلەیی نەکردووە، بەلأم حەز دەکەم بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان بزانن ئەو ئیعفایە موتلەقە سێ ساڵ جارێك دەکرێت، بەلأم ئەو یاسایەی لێرە دەرچووە پەنجا ملیۆنە هەموو جاریش دووبارە دەبێت، یەعنی بۆ هەر مولکێك پەنجا ملیۆن دینار ئیعفا دەکرێت، هەموو جارێش دووبارە

دەبێتەوە، ئەگەر ئەوان موسیرن لەسەر داوای برادەرانی پارێزەران کە تەعدیل بکرێت، ئێمە راستیەکانم عەرزی جەنابتان کرد، هەر بڕیارێك دەدەن ئێمە تەنفیزی دەکەین، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێمە گوتمان فەقەرە بە فەقەرەیە، ئەو فەقەرەیە عەفوو بکرێتن، ئەو کەسانەی کە خانووی بە هیبە دەدەن لەنێوان دایك و باوك و منداڵەکانیان بە مەرجێك شوقەی سەکەنیان هەبێت، یەك خانوو، من پێمواید کە ئەوەمان ئیلغا کردەوە بە حەقیقەت ئەو خاڵە تەبیعیە باوك و دایك و منداڵەکانیان بە هیبە بدەن یەك خانوو، بە مەرجێك لە دوو ساڵی پێشوودا شتی وا رووی نەدا بێت، یەعنی رێگا دەگرێتن ئەمڕۆ بیکەیت و دوو سبەی مانگێکی تر ئەوە بکەیتەوە، نازانم جەنابتان موافیقن بەلای من مەنتیقێکی تێدایەو ئەو ئیعتیرازەی کە کراوە لە لایەن خەڵکەوە، یەعنی ئەو عەفوە بگەڕێتەوە لەنێوان باوك و دایك و منداڵ بە مەرجێك بۆ یەك جار بێتن و بۆ خانوویەك بێت دوو ساڵیش لە پێشوودا نەکرا بێت، ئەگەر جەنابت رەئیەك بدەیت بە تەحدید لەسەر ئەوە بە بەڵێ، یان بە نەخێر.

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەس مەبەستم ئەوە بوو سەرەتا وتم ئەوە تەعقیداتێکی زۆر دروست دەکات، هەر موعامەلەیەك گلەیی گەورە لەسەر ئەوەیە کە دەڵێن موعامەلات لە زەریبە تاخیر دەبێت، هەر موعامەلەیەك بێت، دەبێت یەکسەر بچن تەدقیق بکەن، کە ئایا بەخشین ئیستیفادەی لێ کردووە خاوەن ئەو موعامەلەیە؟ یان نا؟ سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

باشە ئێمە پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین، با بزانین خاڵەکانی تر، باشە فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێستا جەنابی وەزیر گوتی حاڵەتی وا زۆر زۆر کەمە، تازە ئێستا قسەی دەکات بەداخەوە تەناقوز دەکات لەگەڵ قسەکانی تری کە پێشوو کردی، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێستا ئەو خاڵەی لە لاتان روون بوو و رەئی حکومەتیش لە لاتان روون بوو، پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین، با بزانین خاڵەکانی تریش چیەو ئیختیلافەکە هەیە، یان رەئی حکومەت و رەئی ژمارەی یاسایی، یان نا، خاڵی دووەم فەقەرەی سێیە لە هەمان قانون، فەقەرەی سێ لە قانونی (26) دەڵێت کار بە فەقەرەی 20ی ماددەی حەوت لە قانونی زەریبەی دەخلی 1982 نەکرێت، ئەو قانونە چی دەڵێتن، ئەو قانونەی کە

ئێمە ئیلغامان کردووە لە قانونەکەی خۆمان فەقەرەی 20 لە ماددەی حەوت دەڵێت (أ- الدار والشقة معدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او باية طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكن لمالكها او لزوجه او اولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكنة على وجه استقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية ولا يعتبر تملك المكلف المذكور او الزوجة او اولادها القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتاريخ البيع مانعا للاستفادة من هذا الاعفاء ولايتمتع بالاعفاء متمتع بالاعفاء الوارد بند ب ادناه) بەندی ب ئەدنا دەڵێت (قطعة ارض معدة للسكن كان واحدة نقل ملكيتها بالبيع او باي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكن لمالكها او لزوجه او اولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية او قطعة معدة للسكن على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته اعتيادية على ان تزيد مساحة الارض المعدة للسكن مذكور على (800) متر مربع فان زالت مساحتها على هذا الحد خضعت الزيادة بنسبة قيمة المساحة زائدة الى قيمة كلية لضريبة ولا يتمتع بالاعفاء الوارد في هذا البند تمتعا بالاعفاء الوارد في البند أ اعلاه)، هەر ئەو دوو فەقەرەیەتان ئەوە کردووە، یان فەقەرەی تریشە، تێکەڵاوی کرد لێرە بۆ ئەو قانونە لە بەغدا دەرچووە، قانونی خۆمان هێناوەو قانونی خۆمان ئیلغا کردووە، هەر خۆی شەرحی بکات، پاش ئەوەی کە شەرحی کرد ئینجا رەئیەکی دەدەین، فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەندامانی پەرلەمان.

داوامان کردووە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێت کە لە قانونی ژمارە (26) هاتووە، یەکە بە یەکە بۆتان دەخوێنمەوە، قەرارى 520 کە دەڵێتن (استنادا الى فقرة أ من المادة 42 من الدستور) فەقەرەی دووەمی دەڵێت (تعفى من ضريبة الدخل معاملة هبة دار سكنية واحدة او شقة سكنية واحدة التي تتم بين الابوين والاولاد بشرط ان لايملك الموهوب له دارا او شقة سكنية اخرى على وجه استقلال خلال مدة السنتين السابقتين لتاريخ الهبة) ئەوە فەقەرەیەکە، داوامان کردووە ئەوە بگەڕێتەوە، کە ئێمە ئیلغامان کردووە.

سێیەم/ لە قانونی ژمارە (26) دەڵێت (يوقف العمل بالفقرة 20 من المادة (7) من قانون ضريبة الدخل 113 لسنة 1982 المعدل) نەصی ماددەکەتان بۆ دەخوێنمەوە (تعفى من الضريبة 20/أ- الدار او الشقة معدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او باية طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع اذا لم يكون لمالكها او لزوجه او اولاد القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة للسكن على وجه استقلال بتاريخ البيع في محل اقامته اعتيادية ولا يعتبر تملك المذكور او الزوجة او اولادها القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتاريخ البيع مانعا لاستفادة من هذا الاعفاء)، ئەوەش ئیلغامان کرد بوو، ئێستا دەمانەوێت ئەوە بگەڕێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

رەئیت چیە لەسەر ئەوە جەنابی وەزیر؟

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەخۆی دوو فەقەرەیە یەکێکیان بەخشینەکەیە، ئەوە کە تەوزیع درا، ئەویتریان ئیعفای موتلەقە، ئێمە رەئیمان ئەوەیە بەپێی یاسای ژمارەی (26) تەسهیلات زۆرتر بۆ هاوولاتی دەکرێت، چونکە بۆ هەر موعامەلەیەك پەنجا ملیۆنی یەکەم لە زەریبە عەفوو دەکرێت، بەس ئەویتر تەنیا سێ سالّ جارێك دەکات کە ئیعفا شمولی دەکات، کە جیاوازیەکەیە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، ئێستا کاك عەونی فەقەرەی حەوتەم شەرح بکە.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێش ئەوە باسم کرد، کاتی خۆی ئەنجومەنی وەزیرانی سنووری هەولێر رێنماییەکیان دەرکرد بوو، تەبعەن حوکمی قانونیان بەوە دەکرد، لەبەر ئەوەی پەرلەمان سەلاّحیەتی دابووە ئەنجومەنی وەزیران وەکو قانون، دەلّێت هیچ موعامەلەیەك پێی ناوێت ئیحالەی زەریبەی دەخل بێت لە حالّەتی کڕین و فرۆشتن موعامەلەکە تەقدیمی تاپۆ دەکرا لە سەدا نیو زەریبەی دەدا، پاش ئەوەی کە دائیرەی تاپۆ لەگەلّ لیژنەی مەعنی لیژنەکان موشتەرەکن لە تاپۆو شوێنەکانی تر تەقدیریان دەکرد، لەسەر ئەو تەخمینە سەدا نیو زەریبەیان دەدا موعامەلەکە ئۆتۆماتیکیەن لە تاپۆ تەواو دەبوو.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

فەقەرەی حەوتەم کە داوای ئیلغاتان کردووە لەماددەی یەکەم، ماددەی یەکەم موقتەرەحی خۆتان دەلّێت (تلغی الفقرات ثانیا وثالثا وسابعا) دووەم و سێیەم خوێندرایەوەو باست کرد، حەوتەمیان چیە؟

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

حەوتەم قانونی زەریبەی دەخلی کوردستانە رەقم (5) ئەویش هەر موتەعەلیقە بە عەفوو، ماددەی چوارەم دەلّێت (یعفی المکلف من ضریبة الدخل عن نقل ملکیة الدار اوالشقة المعد للسکن بالبیع او بأیة طریقة من طرق نقل الملکیة مهما بلغ بدل البیع اذا لم یکن لمالکها او زوجته او اولاد القاصرین دار سکن او شقة سکنیة صالحة للسکن علی وجه الاستقلال بتاریخ البیع في محل اقامته الاعتیادیة).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەو فەقەرەیە؟

بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

فەقەرەی سێ و حەوت هەردووکیان ئیعفای موتلّەقەو یەك مەوزوع دەگرێتەوە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئێستا فەقەرەی دووەم کە داواتان کردووە فەقەرەی هەشت لە ماددەی دووی قانونی ئاماژە پێ کراو شەرح بکە بۆمان تکایە.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئیدارەی سنووری هەولێر کاتی خۆی تازە باسم کرد قەرارێکیان دەرهێنا بوو کە موعامەلە لە کاتی کرێین و فرۆشتن پێی ناوێت بچێتە دائیرەی زەریبەی دەخل ئۆتۆماتیکیەن تەقدیمی دائیرەی تاپۆ دەکرێت، لە دائیرەی تاپۆ لیژنەی مەعنی تەقدیری مولکەکەیان دەکرد، زەریبەیان لە سەدا نیو وەردەگرت، جگە حالاتی عەفوو ما عەفوو، بە تەنیا هاوولاتی زۆر پێ مورتاح بوو، رۆتین نەمابوو بە ئاسانی ئیشەکانیان دەڕۆیشت، ئەمڕۆ تەقدیمی دەکرد، سبەینێ کەشف دەکرا، دوو سبەی رسمەکەو زەریبەکەی دەدا، سێیەم رۆژی ئەخیری سەندی تاپۆی وەردەگرت، ئێستا بەو تەعدیلەی کە ئێمە کردمان لەسەر قانونی زەریبەی دەخل بەپێی قانونی پەرلەمان 26ی ساڵی 2007 تەعقیداتێکی زۆر گەڕایەوە، خەڵك ناڕەزایی و گلەیی هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو پێشنیارەمان کرد کە هەموار بکرێتن بەو شێوەیەی کە گوتمان بگەڕێتەوە بە ئەسڵی خۆی لە سەدا نیوەکە وەربگیرێتەوە لە دائیرەی تاپۆ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەگەر ئیجازەتان هەبێت، ئەسڵی خۆی ئەو پرۆژەیە لە لایەن ئەندامانی یاسایی پێشکەش کراوە، لەبەر چەند هۆیەك کە ئاماژە پێکرا، بەڵام من دوو مولاحەزەم هەیە، یەکێکیان/ دەبوایە راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەو تەفسیلاتە لە راپۆرتەکەدا بنووسێت، نەصی ئەسڵەکەی کە قانونەکەیە، قانونەکەی کە ئێمە ئیلغامان کردووە، موقتەرەحی ئێستا کە دەمانەوێت ئەو قانونەی خۆمان ئەوانە بنووسرێت، بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان بزانێت موناقەشەی چ دەکات.

دووش/ لەسەر سێ فەقەرەی دووەم و سێیەم و حەوتەمی فەقەراتی ماددەی دوو، کە وەزیری دارایی ئاماژەی پێ کرد موافیق نین، ئیختیلاف هەیە، بێجگە لەوەی کە ئەندامان تێ نەگەیشتوون تەفسیلات چیە؟ یەعنی ئەمە راستە دەمانەوێت هاوکاری خەڵك بین و کار ئاسانی بکەین، بەڵام ناکرێت قانونێك دەربهێنین و بەبێ ئەوەی تێ بگەین، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم دوا بخەین ئەو موناقەشەیەو لیژنەی یاسایی بەو تەفسیلاتە راپۆرتی ئامادە بکات و بیداتە ئەندامانی پەرلەمان، ئینشائەڵڵا هەفتەی دادێت، یان دواتر پێش کۆتایی هاتنی خولەکەمان کۆتایی پێ دەهێنین، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوای بخەین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ دوا خرا، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، ئەی بەیانی 6/4 دانەنیشین؟ لەجیاتی 6/4 بەیانێك دەردەکەین کە 6/4 دانیشتنە تایبەتیەکە، ژمارەیەك لە ئەندامان داوایان کرد بوو دانیشتنێکی تایبەت بکەین، داوایان کرد بوو داخراو بێت، ئەو رۆژە قەرار دەدەین بۆ تەقیمی ئیش و کارەکانمان، لە جیاتی

سبەینێ رۆژی دوو شەممە کۆ دەبینەوە، پیرۆزباییتان لێ دەکەم سبەینێ 6/4 سێ ساڵ بەسەر پەرلەماندا تێ دەپەڕێت و تەواو دەبێت، خولی دووەمی پەرلەمان سێ ساڵی تەواو کرد، ئینشائەڵڵا ئەو ساڵەی ماوە بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکەین و هەندێکمان رزگارمان دەبێت و هەندێکی تریش مەسئوولیەتەکە بەردەوام دەبێت، بەڵێ کاك ڕەشاد فەرموو.

بەڕێز ڕشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

پێشنیار دەکەم کۆبوونەوەکانمان زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی هیچ وەختێکمان نەما، ئێمە بەس مانگی شەشمان لەبەر دەستە، لە مانگی شەشیش ئەو پرۆژانە تەواو نابێت، مانگی حەوت و هەشت پشووە، ئەگەر قەبول دەکەن مانگێکی تر لەولای بۆ ئیش تەعدیل بکرێت قەیدی ناکات، ئەگەرنا دواییێ ئەو بیست ڕۆژەمان ماوە، مەفروزە ڕۆژی دوو کۆبوونەوە بکرێت، تاوەکو تەواو بکرێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێشنیار دەکەم ئەم مانگی شەشەی کە لەبەر دەستمانە جەلسەکانمان زیاتر بکەین، بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا عوتلەی خۆمان وەربگرین، ئەوە ڕەئی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، کەواتە لە جیاتی ڕۆژی دوو شەممە ڕۆژی یەك شەممە دادەنیشین، ڕۆژی یەك شەممە ئەو وەختی قەرار دەدەین داخراو بێت، یان نا، ئێستا من ناتوانم بڵێم دانیشتنەکەش هی کارو ئیشەکانی پەرلەمانە، هەرچی گلەییشتان هەیە بیکەن لە جیاتی شوێنی تر بیکەن، موافیق نیت فەرموو، ئێستا سەرۆك فراکسیۆنی سەوز دەڵێت، ئەهمیەتی جەلسە گرنگترە لە نووسینگەو ئەوانە، دوو سبەیش مەجالتان

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆڵەکان

٥٠

سالّی/ ٢٠٠٨ — بەرگی پەنجا

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٠٩

پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١١/٥ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٠٨/١١/٦ ل٣٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١١/١٢ ل٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٠٨/١١/١٣ ل١١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٠٨/١١/١٧ ل١٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٠٨/١١/٢٤ ل٢٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١١/٢٦ ل٢٠٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٠٨/١٢/١ ل٣٦١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٠٧/١٢/٢ ل٤١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١٢/٣ ل٤٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٠٨/١٢/٤ ل٥٢٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٠٨/١٢/٣٠ ل٥٦١

فیدرالیزم، لیژنەیەکیش دروست بکەین بۆ کێشەکانی نەوت و گاز، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە خۆی ئامادە بکات بۆ بەشدار بوون لەو کۆبوونەوەیەی کە دەکرێت لە هەولێر لە مانگی سێدا، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، من دەمەوێت تەوزیحێك بدەم فەقەت، تەبعەن ئێمە شاند زۆر دەنێرین، سەردانی ولاتان زۆر دەکەین، لە پاش گەڕانەوەمان دوو جۆر هین هەیە، یەکێکیان ئەگەر بێتو پەیوەندی بە یاسایەوە هەبێتن، یان بە پەرلەمانەوە هەبێت راپۆرتەکە دابەش دەکرێتە سەر ئەندامانی پەرلەمان، تاوەکو هەموو ئەندامان ئاگادار بن، یاخود شاندێك لەو رۆژانەدا سەردانی قەزاو ناحیەکانیان کرد بوو، دیاناو شەقلاوەو ئەوانە راپۆرتەکانیان بۆ سەر ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام هەندێك سەردان هەیە، کە پێویستە خەڵکیش لێی ئاگادار بێت وەکۆمەڵانی خەڵکیش پێ بزانێتن، بۆ ئەوەی رۆشنبیری پەیدا بکاتن، ئەمە دەیخەینە بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی راستەوخۆ بۆ ئێوە بخوێندرێتەوەو لە ڕێگای ئێوەشەوە بگاتە هەموو خەڵکی کوردستان، ئەگەرنا من لەگەڵتم هەموو راپۆرتێك دەبێت بە هەند وەربگیرێتن، بەس ئەوەندەیە هەندێکیان ئاراستەی راستەوخۆی ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، هەندێکیان دەخرێنە بەرنامەی کار، کاك عەونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

خوشك و برایانی پەرلەمان.

لە بەرواری ٢٠٠٨/٥/١٩ لیژنەی یاسایی پەرلەمان راپۆرتێکی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد سەبارەت بە هەموار کردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧، لە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠٠٧/٦/١٧ لەسەر داواکاری جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، کە نوێنەرایەتی حکومەتی کرد لە کۆبوونەوەکەدا داوای کرد گفتوگۆ لەسەر هەموار کردنەکە دوا بخرێت بۆ ئەو شەش مانگە، واتا بۆ ئەنجامدانی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی یاسایەکە لە کاتی جێ بەجێ کردندا زیاتر روون کردنەوە، ئێمە لە ڕێگای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پرۆژەکە پێشکەشی پەرلەمان کرا، مەبەستمان ئەوە بوو لە پرۆژەکە دوو ماددە بوو، یەکەمیان/ ئیلغا کردنی فەقەراتی دووەم و سێیەم و حەوتەم لە ماددەی دووەم لە قانونی باجی دەرامەت ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧.

دووەمیان/ ئیلغا کردنی فەقەرەی هەشتەم لە ماددەی دووەم لە هەمان قانون.

واتا نیازمان ئەوە بوو ئاسانکارییەکی بۆ هاوواڵتیانی کوردستان بێنینەدی، لەبەر ئەوەی بۆمان دەرکەوت لە ئەنجامی بەدواداچوونمان بۆ فەرمانگاکان و بۆ دادگاکان کەوا گلەییەکی زۆر هەبوو لەسەر هەموار کردنی یاسایەکە، خەڵك پێیان باش بوو کە یاسایەکە بگەڕێتەوە وەزعی خۆی، لەبەر ئەو هۆیانەی کە ئێستا باسی دەکەم:

یەکەمیان/ قانونی کۆن ئیعفای تێدا بوو، بەگوێرەی تەعدیلەکە ئیعفا نەما.

دووەم/ لە قانونی کۆن هیبە لەنێوان باب و دایك و کوڕو کچ و ئەوانە هەبوو، ئێستا بەگوێرەی تەعدیلەکە ئەوانە نەماوە.

سێیەمیان/ رۆتین زۆر کەم بوو کە موعامەلەی کڕین و فرۆشتن دەبوو لە دەوائیری تاپۆ موعامەلەکە تەقدیم دەکرا لە ماوەی سێ رۆژی ئەنجامی موعامەلەکە دەکرا زەریبەکە ئەو رەسمەی کە تەقدیمی دەوائیری تاپۆ دەکرا ئەوە قەید دەکرا بە ئیراد بۆ خەزینە، سەدا نیوی ئەو پارەیە بوو، لەبەر ئەوە لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەی کە کرا لە ئەنجامی پێداچوونەوە پێمان باش بوو هەموار کردنەکە لەو دوو ماددەیە ئیلغا بکرێت، کار بکرێت بە یاسایەکە پێش هەموار کردنەکە، لێرە پاش ئەوەی کە جەنابی وەزیر داوای کرد گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە دوا بخرێت، پێمان باشە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری کە ئێستا ئامادەیە لە پەرلەمان، سوپاسی دەکەین، ئەگەر روون کردنەوەیەکمان بۆ پێشکەش بکات، تەوزیح بکات ئایا ئەنجامی ئەو جێ بەجێ کردنی ماددەکە چی لێهات؟ بەباشی دەزانێت ئێمە بەردەوام بین لە گفتوگۆ کردن و موناقەشە کردنی قانونەکە، هەتا بتوانین یاسایەك دەربکەین بەڕاستی خزمەتی هاوولاتیانی کوردستان بکەین، بارگرانی لەسەر شانی هاوولاتیانی کوردستان سەبارەت بە زەریبە کەم بکەینەوە، لە هەمان کاتیش رۆتین کەم بکەین، ئەو رۆتینەی کە ئێستا پەیدا بووە لە ئەنجامی بەدواداچوون لەسەر موعامەلەکان رۆتینێکی زۆر موعەقەدە، وەقتێکی زۆری دەوێت وەکو ئیشارەتم پێدا لەوەی پێشتر موعامەلەی کڕین و فرۆشتن لە تاپۆ لە ماوەی دوو، سێ رۆژ تەواو دەبێت، ئێستا دوو هەفتە، سێ هەفتەی پێ دەچێت، زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر رەئیت فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من هەندێك روون کردنەوەم نووسیووە دەربارەی ئەم یاسایە، پێشەکی داوای لێبووردن دەکەم، جاری یەکەم من ئامادە نەبووم وەزیری دارایی و ئابووری ئامادە بوو جەنابی کاك سەرکیس، من ئامادە نەبووم لەو کۆبوونەوەیە وەکو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، ئێستا وەزارەتەکە خۆی ئامادە بوو، ئەو پرۆژەیەی کە بەڕێزتان ئامادەتان کردووە بۆ هەموار کردنی یاسای هەموار کراوی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموار کراو، باشتر وا بوو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، هەتا راو سەرنج و دەرکردنی وردەکاریەکانی لە لایەن ئەو وەزارەتی داراییەوە بکرایە، ئێستا بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەمە روو:

١-سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕگەکانی دوو و سێ و حەوت لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧، کار کردن بە بڕگە هەڵوەشاوەکان، واتا گەڕانەوە بۆ یاسای کۆنی باجی دەرامەت کە داوای دووبارە جێ بەجێ کردنی بڕگەی دوو لە بڕیاری ژمارە (٥٢٠)ی ساڵی ١٩٨٧، واتە بەخشینی هیبە لە باجی دەرامەت،

هەروەها جێ بەجێ کردنی برگەی (٢٠) لە ماددەی حەوتی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢، کە ئەم برگەیە دە حاڵەتی یاسایەکە لە خۆوە دەگرێت بە بەخشین لە باج بۆ مامەلەکانی خاوەنداریەتی خانووبەرە، هەروەها جێ بەجێ کردنی ماددەی چوار لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٩ کە هەمان بابەتی لێبووردنی رەهایە بۆ فرۆشتنی خانووبەرە، دیارە دووبارە جێ بەجێ کردنەوەی ئەو برگەو ماددانە بۆ مەبەستی بەخشینی لە باج پێویستی بە دیاری کردنی قازانج هەیە، ئەویش بە بەراورد کردن لەنێوان بەها (قیمة) و گولفەدا، پێش پێدانی ئەو بەخشینە، هەروەها پێدانی بەخشین لە باج واتا (اعفاء مطلق) پێویستی بەوەرگرتنی زانیاری تەواو هەیە سەبارەت بە مولک، هەتا بزانرێت ئیعفاش شمولی دەکات، یاخود مەرجی ئیعفای نییە بەپێی یاسایەکە، ئەو برگەو ماددانەی کە خاڵی یەک و دووی سەرەوە ئاماژەمان پێداوە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەتی تایبەتمەند جێ بەجێ دەکرێت، واتا بەپێی ئەو پرۆژەیەی بەڕێزتان پێویستە هاوولاتیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەت و تاپۆ بکەن، واتا ئەمەش ئەرکی هاوولاتیان ئاسان ناکات، بۆ زانیاری هەر باجێک دیاری بکرێت لەسەر مامەلەی گواستنەوەو خانوو و خاوەنداریەتی مولکدا، دەبێت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەت تایبەتمەند وەربگیرێت، ئاگاداری بەڕێزتان دەکەم کە وەزارەتی دارایی عێراق نووسراوێکیان ئاراستە کردووین بە ژمارە (٤٠١) لە ٢٠٠٨/٦/٢٦، ئێمەش لەسەر ئەو نووسراوە نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە ژمارە (٣١٦٤) لە ٢٠٠٨/٨/٢٦، کە داواکارییەک لە لایەن وەزارەتی دارایی کە داواکارییەکانی وەزارەتی دارایی عێراقمان بۆ روون کردەوە، بەڕێزیشیان بە نووسراویان ژمارە ( ) داوای جیاوازیەکانی باجی دەرامەت، باجی خانووبەرەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدرالیان کردووەو، ئێمەش ئێستا خەریکی گەلاڵە کردنی ئەو جیاوازیانەین، تا بزانین سیاسەتی دارایی عێراق و هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت، بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژەیە دوا بخرێت، هەتا بزانین لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دەگەڕێینەوە کوێ، ئینجا بۆ مەعلوماتی جەنابیشت هەرچەندە لەو مەوزوعە دەردەچم، تەبیعی باجی دەرامەت هەر هەمووی لەگەڵ هەموو پارە رەسمەکان، لەگەڵ گومرگەکان هەموویان میزانیەی بە کۆتایی ئەم مانگە لە سولفەی میزانیەی ئێمەیان بڕی، یەعنی واتا ئیراداتیان لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە هەتا ٢٠٠٧ ئەوەی لە میزانی موراجەعەدا ئێمە ناردوومانە بۆ بەغدا مەقاصەیان پێ کردو لە سولفەکان، لە ئیرادەکانمانیان بڕی لەو تەغیرەی کە بۆمان دەنێرن، بۆ مەعلوماتی جەنابت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك دلێر تۆ قسەت نییە.

بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئەم یاسایە ساڵێک کەمتر ئێمە هەموارمان کردووە، دیارە هەموو یاسایەکیش لە بواری جێ بەجێ کردندا تا خۆی دەسەڵمێنێت و تا لایەنی خراپ و باشەکانی دەردەکەوێت کاتێکی دەوێت لە پراکتیکدا، ئەو

کاتە بۆچوونی ئێمە هێشتا نەهاتووە، چاکتر وایە ئێمە چاوەڕوان بکەین بزانین زیاتر لێ بکۆڵینەوە، تاکو بزانین لایەنە خراپ و لایەنە چاکەکانی چیە؟ جگە لەوە لەسەر ئەو رووە گردنەوانەی کە جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری روونی کردەوە چاکتر وایە دوا بخرێت، پێشی هەموو شتێك بەڕاستی ئەم پرۆژە یاسایە نەهاتووە بۆ لێژنەی دارایی و ئابووری، تاکو ئێمە بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و راو بۆچوونی خۆمان لەسەر بدەین، بۆیە منیش لەگەڵ بۆچوونەکەی جەنابی وەزیرم کە دوا بخرێت و وردتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئێمەش بتوانین رەئی خۆمان لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خۆی لەڕاستی ئێمە لەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری بوو وەختی خۆی کە داوامان کرد گوتی تا کۆتایی ساڵ ماوەمان بدەنێ، لە کۆتایی ساڵ ئەو هەموار کردنە بخرێتە ئەو وەختی، بۆیە ئێستا لێژنەی یاسایی پێشی چەند رۆژێك مابوو بۆ ئەمسالّە ئەوەی پێشکەش کرد، لەگەڵ ئەوەشدا تەبعەن ئەو رەئیەی وەزیری دارایی و ئابووری داوا دەکات دوابخرێت، لێژنەی دارایی و ئابووری پشتگیری لە داوایەکەی دەکاتن، ئێستا کاك عەونی و کاك شێروان قسە بکەن وەکو دوو رەئی جیاواز، دوایێ دوو کەسی تر قسە دەکاتن، فەرموو کاك عەونی.

بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دکتۆر دلێر جەنابی سەرۆکی لێژنەی دارایی و ئابووری دەڵێت پرۆژەکەمان بۆ نەهاتووە، ئێمە لە سەرەتای قسە کردنمان ئیشارەتم پێدا لە ٢٠٠٨/٦/١٧ دواخرا لەسەر داواکاری جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری جەنابی سەرکیس ئاغا جان، کاك دکتۆر دلێر لەگەڵمان لەسەر مەنصە بوو ئاگای لە وەزعەکە هەیە، چۆن دەبێت بڵێت پرۆژەکە بۆمان نەهاتووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك شێروان فەرموو.

بەڕێز شێروان ناصح حیدری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دیارە ئێمە کە هەڵستاین وەکو پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسند کردنی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧، دوو ئامانجی سەرەکیمان هەبوو، یەکەمیان/ ئەوە بوو ئیلغا کردنی ئەو قانون و ئەو بڕیارانەی لەکاتی هەردوو ئیدارە دەرچووە لە هەولێرە لە سلێمانی.

دووەمیان/ ئەوە بوو تەوحید کردنی ئەو یاسایانە بە یەك یاسا، ئەویش یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ بوو کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١/١ەوە پیادە دەکرێت تا ئەمرۆ، بە قەناعەتی من ئەو یاسایە ئیجابیاتێکی زۆر باشی تێدایە، بۆ سووك کردنی باجی دەرامەت لەسەر هاوواڵتیان، چونکە ئەگەر تەماشای خاڵەکانی ئەم یاسایە

بکەین بە سەدان هەزار کەسمان ئیعفا کردووە، وەکو ساحێب تەکسیەکان، وەکو ساحێب پاصەکان، وەکو ساحێب پیکەبەکان، وەکو ساحێب دەراسەو تراکتۆرەکان، زۆر کەسمان ئیعفا کردووە لە زەرائیب، جگە لەوەش فەرمانبەرمان ئیعفا کردووە لە زەرائیب بەنیسبەت رەواتب تا حەددی حەوت سەد هەزار دینار لە هەمان کاتدا سماحاتمان بەرز کردۆتەوە سەبارەت بە خێزان، چ مەسەلەی ژن بێت، چ مەسەلەی پیاو بێت، چ مەسەلەی منداڵ بێت، چ مەسەلەی بێوەژن بێت، یاخود ئەو کەسانەی کە تەمەنیان زۆرە، لە هەمان کاتدا توانیمان رێژەی حیساب کردنی ئەرباح بەنیسبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئیش دەکەن لە ٤٠٪ەوە دابەزی بۆ ١٥٪، بە حەقیقەت ئەمانە هەمووی ئیجابیاتی ئەم یاسایە، بەڵام ئەم یاسایە لە کاتی جێ بەجێ کردندا ئەکیدەن مومکینە کەموکوڕی هەبێت، زۆر شتێکی تەبیعی و زۆر شتێکی ئیعتیادییە، بەڵام پێویستە ئەمە هەمەلایەنە موعالەجە بکرێت، حکومەت و پەرلەمان و لیژنەی قانونی، لیژنەی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی و هاوکاری هەموومان هاوکار بین، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە بە شێوەیەکی رێك و پێك ئەنجام بدرێت و پەسند بکرێت لە پەرلەمان، ئەوەی کە لەو پرۆژە دایە بەڕاستی لەو قەناعەتە دام کە خاڵی ئیجابی تێدایە، بەڵام خاڵی سەلبیشی تێدایە، خاڵە ئیجابیەکە ئەوەیە بەڕاستی خانووی سوکنە هاتۆتە گۆڕێ کە ئیعفایەکی موتلەق بکرێت، بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەمە کە خانووی سوکنە، یاخود شوقەی سەکەنی ئیعفایەکی موتلەق بکرێت، خازعی هیچ نەوعە زەریبەیەك نەبێت، ئەمە لە لایەك، بەڵام بەڕاستی ئێمە لەو ولاتە بەناو سیستەمی موئەسەساتی دەچین ناکرێت ئێمە مەجال بدەینە دائیرەیەك لە جیاتی دائیرەیەکی تر رسومات وەربگرێت، ناکرێت ئێمە مەجال بدەینە دائیرەی تاپۆ کە سەر بە وەزارەتی عەدلە رسومات وەربگرێت لەجیاتی دائیرەی زەریبە کە سەر بە وەزارەتی داراییە، ناکرێت ئێمە هەروەکو لەو پرۆژەیەدا هاتووە مەجال بدەینە ئەو کەسانەی کە تیجارەت بە ئەرازی دەکەن تەصاعودیەکەیان نەمێنێت بێنینەوە سەدا نیو، من لێرە زەریبەی لێ وەربگرم، بۆیە لەبەر ئەو وەزعەی ناو پرۆژەکەدا هاتووە، منیش تەئیدی جەنابی وەزیر دەکەم کە تەئید بکرێت بە پەلە دیراسەت بکرێت خاڵە ئیجابیەکان کە دەگەڕێتەوە سەر هاووڵاتیان بە سووك کردنی باج لەو حاڵەتانەدا پەسند بکرێت، ئەوەی تریش بەلاوە بنرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کوێستان خان فەرموو.

بەڕێز کۆیستان محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من پێم سەیرە حەوت مانگ پێش ئێستا مەجالمان داوە بە حکومەت کە بیری لێ بکاتەوەو قسەی خۆی لێ بکات و دیراسەی بکات، دوای ئەو حەوت مانگە هێشتا دیراسەکەیان وەك پێویست نییە، جگە لەوەی هەروەکو کاك عەونی باسی کرد لیژنەی دارایی پێویست بوو لە مانگی پێنجدا کە ئەو پرۆژەیان دراوەتێ تا ئێستا دیراسەی خۆیان بکردایە، جگە لەوە من هەفتەی پێشوو خۆم پەیوەندیم کردووە بە وەزارەتی هەرێم، قسەم لەگەڵ کاك دڵشاد کردووە کە لەگەڵ جەنابی وەزیردا پێکەوە دانیشتوون لە جیاتی هەردووکیان وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە، کە ئێمە ئەم هەمواره بکەین لە بەرژەوەندی هاوولاتیانە، من نازانم ئێستا بۆ رەئیەکە گۆڕاوە، بۆیە داوا دەکەم کە بەردەوام بین، لەکاتی موناقەشە کردندا، ئەگەر شتێکی تازە هاتە پێشەوە جەنابی وەزیر رەئی خۆی لەسەر بدات، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

جەنابی وەزیر فەرموو.

بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

یەکەم جار کە جەنابی سەرکیس لێرە ئامادە بوو ئەو بڕیارە درا کە تەئجیل بکرێت شەش مانگ، ئەو وەختە وەفدی عێراقی زیارەتی وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقیان نەکرد بوو، ئەو قەرارەی خۆیان کە بۆ ئێمە ئاگاداریان کرد بووینەوە، ئێمەش ئاگاداری حکومەتمان کردۆتەوە، کە دەبێت ئێمە ئەوە جێ بەجێ بکەین، تا ئێستا لەبەر ئەوە ئەم وەختە ئەوە نەبوو.

دووەم/ ئەوەی کە کۆیستان خان دەفەرموێت من دانیشت بووم، بەڕاستی فیعلەن تەلەفۆنی بۆ کاك دڵشاد کرد، کاك دڵشاد کە وەڵامی دایەوە خۆی جوابی دایەوە بە منی گوت، دوایی لێی پرسیم ئەو مەسەلەیە چیە، گوتی ئەوە مەوزوعە ئەوهایە، گوتم باشە فەرموو دیراسەتی بکەن، دیارە ئەوە کاك بێستون خۆی مەجودە، دیراسەت کراوە لە هەردوو وەزارەتی دارایی، یەعنی ئێستاکە بۆچوونەکەی ئێمە دەبێت تەئجیلی بکەین، یەعنی ئێمەش داوا دەکەین لە بەڕێزتان تەئجیلی بکەین، هەتا ئێستا ئێمە هیچ وەزعێکی خراپ نەهاتۆتە پێشەوە وەکو ئەوەی مولاحەزات تەسجیل بکەین لەسەر ئەو زەریبەی کە تاکو ئێستا بۆمان دێت، ئەگەر بێتو ئیحصائیاتی ئیعفائاتمان لە لایە ئەو تەبەقانەی کە ئیستیفادەیان کردووە لە ئیعفائات تەبەقەی فەقیرن لە ١٠٠٪، لە بیست هەزار معامەلە موجودە لەلامان، رەنگە پێنج هەزار موعامەلە مەشمول بێت بە دانی زەریبە، ئەوانی تر هەمووی ئیعفائات شمولیانی کردووە، سوپاستان دەکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك کەمال فەرموو.

بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بۆ ئەم مەشروعە لیژنەی پەیوەندیدار لەناو پەرلەمانی کوردستان لیژنەی دارایی و ئابووریيە، هەروەها لە حکومەتیش وەزارەتی دارایيە، جەنابی وەزیر داوا دەکات و پێشنیار دەکات کە وەختی بدرێتێ بۆ ئەوەی جوانتر دیراسەت بکرێت، هەتاکو شتێك گەلاڵە بکرێت لە بەرژەوەندی گشتی و هەرێمدا بێتن، بۆیە من رەئیم دەخەمە پاڵ رەئی جەنابی وەزیرو لیژنەی دارایی، پەرلەمانی کوردستانیش کە مۆڵەتیان پێ بدرێت وردتر دیراسەت بکرێت و دوا بخرێت، بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك مەحمەد فەرەج فەرموو.

بەڕێز محمد فرج احمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من دەزانم سەرەتای تەعدیلەکە کۆمەڵێك پارێزەر ئەو پرۆژەیان دروست کرد دایان بە پەرلەمان کە ئەو تەعدیلە بکرێت، ئەو تەعدیلە لە صەلاحیەتی موشتەرەکەیە، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو مەسەلەیە بکات، کورد پێویستی بە بەغدا نییە، کێشەکە لە چی دروست بووە؟ ئەم تەعدیلە نوێیە مەسەلەکەی درێژ کردۆتەوە، یان بڵێین قورسیەکی لەسەر جۆریەتی بەرێوەبردنی معامەلە دروست کردووە، وەکو لە کوردیدا دەڵێین (گوێی چەپت کامەیە)، لێرەوە دەست نەبات بۆ ئێرە هەر یەکسەر ئەو پێشوەکە ئاسان بوو لە تاپۆ هەموو شتەکان دروست دەبوو، بەس ئێستا زۆر بووە، یەعنی هاوولاتی زۆر ماندوو دەبێت، ئێمە ئەگەر بتوانین ئەوە بەشێوەیەکی نیزامی، یان بە هەر شێوەیەك چارەسەر بکەین، پێموایە تەعاونێك دەکەین لەنێوان ئەوەی کە ئێستا وەزارەتی دارایی دەیەوێت، ئەوەی کە ئێستا تەعدیلەکە کراوە، یەعنی ئەم خەڵکە کە ئێستا سکالای هەیە لە چۆنیەتی بەرێوەبردنەکەیە زۆر بووە، ئەگەر جاری ئەوسا بە رۆژێك بکرایە، ئێستا بە دوو هەفتە ناکرێت، یەعنی خەڵك تەواو ماندوو دەبێت بە دەستی، دەتوانی بڵێی هەموو خەڵك ئەگەر کورتیەکە وا بێت، هەموو فەقیرێکیش دەتوانێت بە پارێزەر بیکات، بەس ئەوسا کابرا فەقیرە بەخۆی دەیکات، ئەمە چارەسەری مەلەسەکە پێموایە باشتر دەبێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاك زرار فەرموو.

بەڕێز زرار طاهر امین:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی من هەر یەك پێشنیارم هەیە، ماوەکە دیاری بکرێت لە ٤/١ەوە بۆ ٤/١٥ لە خیلالی ئەو پازدە رۆژە هەموار بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو ماوەیە دیاری نەکرێت، چونکە مانگی یەك و دوو پشوومان هەیە، لە

مانگی سێشدا لەوانەیە پازدە رۆژ بەسەر بچێ ئینجا دەست بەکار بینەوە بۆ دانیشتنی نوێ، یەعنی بە تەئکید ئەگەر لە ٤/١ بۆ ٤/١٥ دەست پێ بکات زۆر باشە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

خۆی مەقصەد ئەوەیە ئەو ماوەیە دوابخرێت، لە ئێستاوە چۆن قەرار بدەین هەموار بکرێت، ئێوە قەرار دەدەن پاش موناقەشە قەرار دەدرێت، بە هەر حاڵ ئێستا دوو رەئی هەیە، رەئیەك ئەوەیە کە جەنابی وەزیرو لیژنەی دارایی و ئابووری دەڵێن دوابخرێت، هۆیەکانیشی دیار خست لەلایەن چەند ئەندامێکیش پشتگیری لێ کرا، رەئیەکەی تریش دەڵێت بەردەوام بین، وابزانم رەئی سێیەم نییە، ئەگەر رەئی سێیەم هەیە، کێ رەئی سێیەمی هەیە بڵێت؟ باشە فەرموو کاك رەشاد.

بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

رەئی من ئەوەیە بۆ سەبەبێك دوو جار تەئجیل کردنی مەشروعێك کە پەیوەندی بە خەڵکە، وابزانم لەجێی خۆی نییە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوە رەئی سێیەم نییە، یەعنی تۆ مونەیدی ئەوەی کە تەئجیل نەکرێت، کاك ئارام رەئیٔ سێیەم، رەئی مەدەن نابێت، چونکە دوو رەئیەکە درا، وازیح بوو.

بەڕێز ئارام رسول مامند:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەگەر تەماشای راپۆرتی لیژنەی یاسایی بکەین لەم هەموار کردنەی کە ئێستا پێشنیار کراوە، بەڕاستی ئەوان داوای ئەوە دەکەن ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسایەك کە لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە، من بەش بەحاڵی خۆم ئەمە بە بەرەو پێشچوون نازانم، ئێمە دوای گۆڕانکارییەك تا شەش، حەوت مانگێك کردوومانە جارێکی تر بڕیار بدەین و بگەڕێینەوە بۆ یاسایەك لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوەش رەئی سێیەم نییە، رەئی سێیەم نییە، بەڵام هەر گوتم، رەئی سێیەم من پێتان بڵێم چیە، رەئی سێیەم تەمەنام دەکرد یەکێکتان بڵێن، بەس نەتانگوت، فەرموو کاك خەلیل.

بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

رەئی سێیەم ئەمەیە بڵێن خۆی ئەم پرۆژەیە هەندێك لە ئەندامان دروستی کردووە، فورسەمان دا جارێکی بۆ حکومەت کە ئەمە دیراسەت بکرێت، ئێستاش جەنابیان هەر دەڵێن پێویستمان بە زیاتر وەقتە، هەرچەندە وابزانم لەگەڵ ئەسڵی فیکرەکە نین، بەڵام هەر بەناوی تەئجیل دەنێن، رەئی سێیەم ئەوەیە

نێمە دەڵێین ئەم پرۆژە لەغوە، هەر لەغو بێت تەواو، پاش ئەوەندە مانگی تر حکومەت پرۆژەیەکی تر بنێرێت بزانن ئەگەر نەواقص هەبێت ئەوە رەئی سێیەمە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

تۆزێك، جانبێك بەلاّم خۆی نەك رەئی بڵێم ئەوە جەنابت شتێکت گوت نزیك بۆوە لە هینەکە، لەڕاستیدا کاك شێخ ئاماژەی بە شتێك کرد، باج فیدراڵیە پارەکە لەوێ لێیان دەبڕدرێت، لەبەر ئەوە رەچاو کردنی ئەو مەوزوعە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا یەکلا بکرێتەوە چەندە؟ چۆن نییە، داهاتەکەش بۆ ئەوێیە، مەسەلەیەکی وا ئاسان نییە ئەوەی بکەین، بۆیە بە حەقیقەت من رەئی تۆ ناتەوێت لێرە شتێك هەموار بکەیت، تۆ حکومەت کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی هەیە، کۆمەڵێك ئەسبابی نیشانداوە، کە ناکرێتن خۆی مەسئوولیەتەکە دەخاتە سەر شانی خۆی دوابخرێت، ئەو دەزانێ، ئەگەر موافیقیش بێتن دیسان ئەو مەسئوولیەتەکە هەڵدەگرێت، بە هەر حاڵ بڕیار بڕیاری خۆتانە، ئەو پێشنیارەی کە هاتە پێشەوە لەلایەن وەزیرەوە، لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووریەوە کە دوا بخرێت بۆ ماوەیەك لە مانگی چواردا بەڕێگای کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەدواچوونی بۆ دەکەین، فەرموو.

بەڕێز کریم بحری عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من رەئیم وایە نە دوابخرێت، نە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەوها لێبگەڕێت، ئەوە رەئی سێیەمە، پێشنیاریش دەکەم لەمەودوا هەردوو بەڕێز وەزیری دارایی، هەر دوو بەڕێزیان پێکەوە ئامادە بن، هەر جارێ یەکێکیان دێت داوای دواخستن دەکات بۆ ماوەیەك بۆ خۆی، هەردووکیان پێکەوە نەبێت ئامادە نەبن، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەوەلەن یەك وەزیرە ئێستا، کاك شێخ بایز وەزیری دارایی و ئابووریە، یەعنی هەم هەرێمە، هەم وەزیری دارایی کاك سەرکیس نەخۆشە، ئینشائەڵلاّ چاك دەبێتەوە، بەلاّم ئەو وەزیرە ئێستا، ئەوە یەك.

دووەمیش/ رەئی تۆ هەروا بەجێ بهێڵین، شتی وا نییە، ئەوە رەئی نییە، بەهەر حاڵ داوای وەزیری دارایی و ئابووری کاك شێخ بایز کە پشتگیری کراوە لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووریەوە بۆ دواخستنی گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆژەیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دواخستنیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (٤٠) دەنگ بە (٣٧) دەنگ، کەواتە دوا دەخرێت، رەئیەك هەیە دەڵێت پشوومان کەم بکەینەوە دوو مانگەکە، یان پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان تەواو بکەین، ئەوە یەك.

دووش/ خۆتان ئامادە بکەن کە هەر وەختێکی پرۆژەکەی دەستوور تەواو بێت بە دانشتنێکی نائاسایی.

سێ/ هەر وەختێکی پرۆژەی بودجە هاتەوە، بودجە هات بۆ ئێمە ئەوەش دەبێت بێن لە کۆێ بن، نەك عوتلەکەتان هین بکەن، کەواتە هەفتەی داهاتوو پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان رۆژی سێ شەممە،

نەوەك دوو شەممە عوتلە بێت، ئەگەر یەك شەممە عوتلە نییە، با یەك شەممە بێت، رۆژی سێ شەممە سەعات دەو نیوی بەیانی، سێ شەممەو چوار شەممە تەواوی دەکەین ئینشائەللاّ، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تا رۆژی سێ شەممە سەعات دەو نیو.

فرست احمد عبدالله	محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)	عدنان رشاد مفتی
سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی	جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی	سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق	کوردستان – عێراق	کوردستان - عێراق

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلەکان

71

سالّی/ 2011 – بەرگی حەفتاو یەك

چاپی یەکەم/ سالّی 2012

پێڕیست

پـــرۆتۆکۆڵی دانیشـــتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/8/8 ل

5

پـــرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/8/9 ل

71

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/8/17 ل

85

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (4) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/8/18 ل

173

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2011/8/25 ل

183

پـــرۆتۆکـــۆڵی دانیشـــتنی دەسپێك خولی سێیـــەمی هەڵـــبژاردن – دوو شەممە 2011/9/12 ل 265

پـــرۆتۆکـــۆڵی دانیشتـــنی ژمـــارە (1)ی خولی سێیەمی هەڵـــبژاردن – دوو شەممە 2011/9/19 ل

273

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (1)

دووشەممە ڕێکەوتی 2011/9/19

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/9/19 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/9/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگاییە سزاییەکان بۆ هێزەکانی ناوخۆ (قانون اصول المحاکمات الجزائیة لقوی الامن الداخلي) ژمارە (17)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدرالێ لە هەرێمی کوردستان.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای سزایی هێزەکانی ناوخۆ (قانون عقوبات قوی الامن الداخلي) ژمارە (14)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدرالێ لە هەرێمی کوردستان.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ئوسولی دادگایی سزاییەکانی سەربازی (قانون عقوبات العسکری العراقی) ژمارە (19)ی ساڵی 2007ی عێراقی فیدرالێ کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە بڕیاری (دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرو خەڵکی کەم دەرامەت لە هەرێمی کوردستان).

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

من جارێکی تر دەیڵێمەوە، هەشتا ملیار دینار ئێستا لە دەرەوەی بودجە حکومەت ئیلزام دەکەی، 49 ملیارەکەشمان لە کیس دەچێت، 49 ملیارەکەش خەڵك ناتوانێ سوودی لێ وەربگرێ، ئایا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین خەڵك وا هەڵخەڵەتێنین بڵێین خەیاڵێك هەیە و ناوی هەشتا ملیارە و بەڵام نیە، یا ئێمە بەدواداچوون بکەین بۆ 49 ملیارەکە کە ئێستا زۆر بە ڕاشکاوانە شلێر خان باسی کردووەو بەدواداچوونیان بۆ کردووە، بەڕێوبەری گشتی دارایی وتوویەتی ئێمە نازانین پارەکە لە کام لایە، مەعەل عیلم ئەو بەڕێزە زۆر باش دەزانێ پارەی سندووقی نیشتەجێ بوون لەسەر وەبەرهێنانە، خۆیان زۆر باش دەزانن دروست کردنی ئەشکالیەت بۆ ئەو 49 ملیارە ئەوەیە کێشەکە، نەك ئێمەبێین ئێستا پرۆژە بڕیار، دوای ئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تکایە بۆ ئەوەی، چونکە من گوێم لە هەندێ تەعلیقات بوو ئەمە هیچ حساباتێکی تیا نیە ئەم موناقەشاتانە هیچ حساباتێکی تیا نیە، ئەم موناقەشەیە تەنها بۆ ئەوەیە ئێمە خۆمان بخەینە ناو هەڵەی یاساییەوە بە بوونی یاسایەك پرۆژە بڕیارێك دەربکەین کە قوەتی یاساکەی نیە، حکومەت تاوەکو ئێستا یاساکەی جێ بەجێ نەکردووە، بڕیارەکە زەمانی چیە کە جێ بەجێ دەکرێت؟ ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەممان ئەوەیە بەڕاستی من و کۆمەڵێك هەستاین باسی خەیاری سێیەممان کرد، بەڕێز کاك شێروان ئیشارەتی پێیدا کە ناتوانرێ تۆ بە دەنگدان بڵێی هەمواری دەکەمەوە، بەڵام خۆ دەکرێت بە دەنگدان دوای بخەین بۆ ئەوەی ئەوەی کە لێرە هاتووە و کەموکورتی لە یاساکە هەیە، جارێکی تر دەیڵێمەوە، کەس تەفسیری ئەوە نەکات کە ئێمە دژی ئەوەین کە یەکەی نیشتەجێ بوون دەکرێت بۆ کەسی فەقیر و هەژار و کەم دەرامەت، دوای ئەوە بیرمان نەچێتەوە یاساکە هەر زۆر کەس هەبووە لێرە دا لە کاتی بودجەدا داوای جێ بەجێ کردنی کردووە، بۆ ئێستا ئەو یاسایە بە کەموکورتیەکانیەوە ئەوسا ڕازی بووین جێ بەجێ بکرێت، ئێستا دەمانەوێ پرۆژە بڕیارێکی بکەین بەسەردا، بەڕێزان مەسڵەحەتی عامە ئەوە دەخوازێ ئێمە ئەو پرۆژە یاسایە هەموار بکەینەوە و ئەگەر ئەو بڕیارەش گفتوگۆی لەسەر کرا دەبێ هەشتا ملیارەکە بکەوێتە سالّی ئایندەوە، چونکە پارە نیە، بەڵام 49کە هەر لێی خۆش نابین، ئێمە دەبێ ئەمڕۆ ئەوە یەکلابکەینەوە بۆچی ئەو 49 بەڕاستی سەرف ناکرێت؟ بۆ ئەو ئەشکالیەتە دروست بکرێت؟ دەبێ لایەك لە لاکانی دەری بخات کە کەموکورتیەکە لە کوێ دایە و زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕاستی زۆر موناقەشە کرا، دەنگدان کرا، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەڵام ڕەئیەك هەیە ئەو گفتوگۆیە ئێستا بێت یان دوابخرێت؟ لەبەرئەوە هەردووکی دەخەینە دەنگدانەوە، قانون وا ڕێگا دەدات هەردووکی بخەینە دەنگدانەوە، ئێمە قەرارمان داوە گفتوگۆ بکرێت، بەڵام گفتوگۆیەکە ژمارەیەك دەڵێن ئێستاو، ژمارەیەك دەڵێن نەخێر با دوابخرێت، لەبەرئەوە هەردووکی دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئەوەی کە دەڵێ ئێستا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، تکایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ باشە، کێ دەڵێ موناقەشەکە دوابخرێت؟ گفتوگۆکە لەم بارەیەوە دوابخرێت، تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ ئێستا گفتوگۆکە تەئجیل کرا، من وەعدتان

پێ دەدەم هەوڵ بدەین بە زووترین کات من خۆم تەرەف دەبم لەگەڵتان بۆ ئەوەی بەزووترین کات ئەو گفتوگۆیانە ئەنجام بدەین، فەرموون ئێستا بۆ فەقەرەی 5 لە بەرنامەی کار، کاکە شێخ فەرموو.

بەڕێزشێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەشکالێك هەیە ئێستا لەو مەوزوعەدا، ئێستا ئەوەی کە من تێی گەیشتووم فعلەن ئەمە خۆی ئەشکالە، پارەیەك تەخسیس کراوە کە 49 ملیار دینارە، ئەم پارەیە لە موازەنە 10٪ ی تەشغیلی هەڵگیراوە و دانراوە، بەڵام لە نەسی قانونەکەشدا نەهاتووە، نالێ بخرێتە سەر وەزارەتی تەختیت، چونکە ئەم پارەیە ئەگەر بۆ مەشاریع بێ دەبێ وەبەرهێنان سەرفی بکات، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا من تەئکید دەکەمەوە کە پارەکە دەبێ سەرف بکرێت، بەڵام دەبێ تەوزیحێك بدرێت بە ئێمە ئێستاکە ئایا هەر لەسەر تەشغیلیەکە سەرف بکرێت یان لەسەر وەبەرهێنان سەرف بکرێت؟ ئەوە نەهاتووە.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

تکایە بڕۆنە سەر بڕگەی 5، کاك نەریمان ئەگەر لەسەر فەقەرەی پێشووە نیە، ئەگەر شتێکی تازەیە قەیناکات، دەی ئەگەر تازەیە فەرموو.

بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە لەبەردەم پێشێلکاریەکی زۆر فەزیح و ئاشکرای پەیڕەوی ناوخۆین، لە یەکێك لەوانە.....

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك عەونی فەرموو.

بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بڕگەی 5 لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ (خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26 ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە).

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردووە، ئێستا بەهەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی دەیخوێنینەوە.

الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق

م/ تقرير حول مشروع قانون التعديل الاول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم (26) لسنة 2007

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم 24/گەلاوێژ/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/9/15 الميلادية لدراسة مشروع قانون (التعديل الاول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل

رقم 26 لسنة 2007)، هناك مشروعان بصدد تعديل قانون ضريبة الدخل، الاول مقدم من قبل مجلس الوزراء بالكتاب المرقم (765) في 2011/4/3 والثاني مقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (12) في 2010/5/3. وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى توحيد المشروعين وتقدم ملاحظاتها بالشكل الآتي:

اولا: تقترح اللجنة تغيير تسلسل الفقرات كتابة الى رقما و جعلها على شكل مواد به.

ثانيا: بالنسبة للفقرة (اولا) من المشروع تؤيد اصل الفقرة و تقترح اعادة صياغتها بالشكل الآتي نظرا لتكرار عبارة (بغض النظر) اكثر من مرة:

المادة الاولى:

تلغى الفقرة (ثانيا) من المادة الثانية من القانون رقم (26) لسنة 2007 و تعدل الفقرة الثانية من القرار رقم (520) لسنة 1987 بالشكل الآتي:

(تعفى من ضريبة الدخل معاملات الهبة بين الابوين و الابناء و بين الزوجين في العقار مهما تكررت و بغض النظر عن جنس العقار و استخدامه و كون الواهب و الموهوب له مقيما او غير مقيم).

ثالثا: تؤيد اصل الفقرة الواردة و تصبح بتسلسل المادة الثانية و بالشكل الآتي:

المادة الثانية:

تلغى الفقرة (ثالثا) من المادة (2)من قانون رقم (26) لسنة 2007، و اعادة العمل بالفقرة (20) من المادة (7) من قانون رقم (113) لسنة 1982 وتعدل الفقرة (20) بالشكل الآتي:

أ- الدار او الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع.

ب- قطعة ارض واحدة معدة للسكن على ان لا تزيد مساحة الارض المعدة للسكن المذكورة على (800) مترا مربعاً، فان زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة.

ج- لا يستفيد المكلف من الاعفاء الوارد في البندين (أ،ب) من هذه الفقرة الا مرة واحدة خلال خمس سنوات من تاريخ التمتع بالاعفاء.

د- تلغي(د،ه،و،ز،ح،ط،ى) من الفقرة (20) من المادة السابعة من القانون.

رابعا: الغاء الفقرة (ثالثا) نظرا لعدم الحاجة الى التأكيد على تطبيق فقرة من القانون النافذ وهو قانون رقم (26) لسنة 2007.

خامسا: (الفقرة رابعا) تصبح بتسلسل (المادة الثالثة) ونقترح اعادة صياغتها بالشكل الآتي:

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (ثامنا) من المادة (2) من قانون رقم (26) لسنة 2007 و يحل محلها ما يأتي:

(تفرض ضريبة مقطوعة بنسبة تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه رقم (85) لسنة 1987 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقل الملكية او حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل وازالة الشيوع وتصفية الوقف او المساطحة ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجار العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة ويحتسب وفقا لما يأتي:

1- تنزل نسبة (50٪) من قيمة العقار المقدر او البدل ايهما اكثر قبل احتساب الضريبة.

2- يخضع للضريبة المبلغ المتبقى تحتسب كما يلي:

- 1٪ لغاية 100,000,000 مائة مليون دينار عراقي.

- 2٪ لما زاد عن 100,000,000 مائة مليون دينار عراقي و لغاية 200,000,000 مائتي مليون دينار عراقي.

- 3٪ ما زاد عن 200,000,000 مائتي مليون دينار عراقي و لغاية 300,000,000 ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

- 5٪ مازاد عن300,000,000 ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

⋆ تقترح اللجنة اضافة مادة بتسلسل (المادة الرابعة) وبالشكل الآتي:

(تبقى القوانين و القرارات الضريبية المعمول بها في اقليم كوردستان نافذة المفعول وبما لا يتعارض مع احكام هذا القانون).

الاسباب الموجبة

تقترح اللجنة الاسباب الموجبة التالية للمشروع:

لتخفيف العبء الضريبي على كاهل المواطنين واعادة النظر في الاعفاءات الضريبية، فقد شرع هذا المشروع.

بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموون بە کوردیەکەی بیخوێننەوە، کاك عمر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ/ سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان- عێراق

ب/ راپۆرتێك دەربارەی پرۆژە یاسای یەکەمین هەمواری یاسای هەموار کردنی پیادە کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (26)ی ساڵی 2007

لیژنەی کاروباری یاسا رۆژی 24/ گەلاوێژ/ 2711ی کوردی بەرامبەر بە رۆژی 2011/9/15ی زایینی کۆبوونەوە، بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای (یەکەمین هەمواری یاسای هەموار کردنی پیادە کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە 26ی ساڵی 2007). سەبارەت بە هەموار کردنی یاسای باجی دەرامەت دوو پرۆژە هەن. یەکەمیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە نووسراوی ژمارە (765) لە 2011/4/3دا پێشکەش کراوە، دووەمیشیان لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە پاش یەکەمین خوێندنەوەی لە پەرلەماندا لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (12)ی رۆژی 2010/5/3 ڕەوانەی لای لیژنەکەمان کراوە. لە پاش گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، لیژنە گەیشتەی ئەوەی هەردوو پرۆژەکە بکاتە یەک و تێبینییەکانیشی بەم شێوەیەی دادێ پێشکەش دەکات:

یەکەم: پێشنیار دەکات ڕیزبەندی بڕگەکان لە (نووسین)ـەوە بکرێنە (ژمارە) و لە شێوەی ماددە لە نێوانیادا دابندرێت.

دووەم: سەبارەت بە بڕگەی (یەکەم) لە پرۆژەکەدا پشتگیری لە بنەچەی بڕگەکە دەکەین و پێشنیاریش دەکەین بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەستەواژەی (بەدەر: بە چاوپۆشین) پتر لە جارێك دووبارە بووەتەوە.

ماددەی یەکەم:

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007دا ڕەت دەکرێتەوە و بڕگەی دووەمیش لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987 بەم شێوەیەی دادێ هەموار دەکرێت:

(باجی دەرامەت لە سەر مامەڵەی دیاریی نێوان دایك و باب و رۆڵەکانیان و نێوان هاوسەران (ژن و مێرد)دا لە خانووبەرەدا نامێنێت، هەرچەندی دووبارەش ببێتەوە و بە چاوپۆشین لە ڕەگەزی خانووبەرە و بەکارهێنانی و بەخشەر و پێ بەخشراو، یان نیشتەجێ بێت یان نانیشتەجێ).

سێیەم: پشتگیری لە بنەچەی بڕگەکە دەکەین وەك کە هەیە و لە ریزبەنددا دەبێتە ماددەی دووەم و بەم شێوەیەی دادێ:

ماددەی دووەم:

بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (2) لە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007دا ڕەت دەکرێتەوە و دووبارە کار بە بڕگەی (20) لە ماددەی (7) لە یاسای ژمارە (113)ی ساڵی 1982 دەکرێت و بڕگەی (20)یش بەم شێوەیەی دادێ هەموار دەکرێت:

أ- خانوو یان شوقەی ئامادە کراو بۆ نیشتەجێ بوون لە کاتی گواستنەوەی مولکایەتییەکەی بە فرۆشتن یان بە هەر ڕێکارێك لە ڕێکارەکانی گواستنەوەی مولکایەتی، هەقی فرۆشتنەکەشی هەرچەند بێت.

ب- پارچە زەوی ئامادەکراو بۆ نیشتەجێ بوون بە مەرجێك ڕووبەری ئەو زەوییە ناوبراوەی بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە کراوە لە (800) مەتر دووجا زیاتر نەبێت، ئەگەر ڕووبەرەکەی لەوە زیاتر بوو، ئەوا زیادەکە باجی دەکەوێتە سەر.

ج-ڕاسپێردراو (موکەللەف) لەو بەخشینەی لە هەردوو بەندی (أ،ب)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە سوومەند نابێت تەنیا بۆ یەك جار نەبێت لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری سوود وەرگرتن لە بەخشینەکەوە.

د-(ع،ھ،و،ز،ح،ط،ی)ی

لە بڕگەی (20) لە ماددەی حەوتەمی ئەم یاسایە ڕەت دەکرێنەوە.

چوارەم: ڕەت کردنەوەی بڕگەی (سێیەم)، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات پیادە کردنی بڕگەیەك لە یاسایەکی کار پێ کراو کە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007ـە دووپات بکرێتەوە.

پێنجەم: (بڕگەی چوارەم) بە ڕیزبەند دەبێتە (ماددەی سێیەم) و، پێشنیاریش دەکەین بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

ماددەی سێیەم:

بڕگەی (هەشتەم) لە ماددەی (2) لە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 هەموار دەکرێت و ئەمە دادێ جێی دەگرێتەوە:

(باجێکی بڕاوەی خانووبەرە بە ڕێژەیەکی ڕوو لە سەر لە بەهای خانوو، یان مافی هەڵسوکەوت کردن پێی، کە بەپێی حوکمەکانی یاسای خەملاندنی بەهای خانوو و، سوودەکانی ژمارە (85)ی ساڵی 1987، یان کرێیەکە کە کامیان پتر بێت بە لای خاوەن خانووەکە، یان خاوەن مافی هەڵسوکەوت کردن پێیەوە لە کاتی گواستنەوەی مولکایەتی، یان مافی هەڵسوکەوت کردن بە هەر هۆکارێك لە هۆکارەکانی گواستنەوەی مولکایەتی، یان بەدەست هێنانی مافی هەڵسوکەوت کردن، یان گواستنەوەی وەك فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ و ئاشتەوایی و دەست لێ هەلگرتن و لادانی شیوع و پاکتاو کردنی وەقف، یان موساتەحەو کرێچییش مامەڵەی خاوەن مولکی لەگەڵدا دەکرێت لە کاتی بە کرێدانی ئەو خانووەی چووەتە بەر هەڵسوکەوتی ئەوەوە بە گرێبەستێکی موساتەحەو، بەم جۆرەی دادێش هەژمار دەکرێت:

1- ڕێژەی (50٪)ی بەهای خەملێندراوی خانوو، یان کرێیەکەی دادەشکێندرێت، کە کامیان زیاترە بەر لە هەژمار کردنی باجەکە.

2- ئەو بڕەی دەمێنێت باجی دێتە سەرو بەم شێوەیەی دادێ هەژمار دەکرێت:

1- 1٪ تا 100,000,000 سەد ملیۆن دیناری عێراقی.

2- 2٪ بۆ ئەوەی لە 100,000,000 سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕ دەکات تا 200,000,000 دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی.

3- 3٪ بۆ ئەوەی لە 200,000,000 دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕ دەکات تا 300,000,000 سێ سەد ملیۆن دیناری عێراقی.

4- 5٪ بۆ ئەوەی لە 300,000,000 سێ سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕ دەکات.

★ لێژنە پێشنیازدەکات ماددەیەك بە زنجیرەی (ماددەی چوارەم) بخرێتە سەرو بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ: (یاساکان و بڕیارەکانی لە بارەی باجەوە کە کاریان پێ دەکرێ لە هەرێمی کوردستان وەکو خۆیان دەمێننەوەو جێبەجێ دەکرێن، بە مەرجێك لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن).

هۆیە پێویستیەکان

لیژنە هۆیە پێویستیەکانی خوارەوە بۆ پڕۆژەکە پێشنیاز دەکات:

بۆ سووك کردنی بار گرانی باج لەسەر شانی هاوولاتیان و چاوخشاندنەوە بە لێبووردنەکانی باج، ئەم پڕۆژەیە دەرچوونرا. سوپاس.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی دارایی راپۆرتتان تکایە.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێش خوێندنەوەی راپۆرتەکەمان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین رەزامەندی بفەرموون بە هاتنی جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری کاك خورشید بۆ هاریکاریمان، لەگەڵ رێزدا.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەندامە بەڕێزەکان.

لە هۆیە پێویستیەکانی ئەم پرۆژە یاسایە هەڵەیەکی چاپەمەنی تیا بوو لە کۆتایی هۆیە پێویستیەکاندا، کە دەڵێت ئەم پرۆژەیە، بۆیە من ئەو دێرە لەسەرەوە دەخوێنمەوە بەشێوە راستیەکەی:

لیژنە هۆیە پێویستیەکانی خوارەوە بۆ پرۆژەکە پێشنیاز دەکات:

بۆ سووك کردنی بار گرانی باج لەسەر شانی هاوولاتیان و چاوخشاندنەوە بە لێبووردنەکانی باج ئەم یاسایە دەرچوونرا، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو لیژنەی دارایی.

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوو پـرۆژە یاسـا هـاتووە بـۆ لیژنـەی دارایـی و ئـابووری، یـەکێکیان/ لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانەوە هاتووە، بەنووسراوی سەرۆکایەتی ژمارە (ك498) لە (2011/5/5).

ئەوێتریان/ پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای دەرامەت، بە نووسـراوی ژمـارە (ك499) لـە (2011/5/5) کـە لەلایـەن حکومەتـەوە هـاتووە، لیژنـەی دارایـی راپـۆرتی خـۆی لەسـەر ئامـادە کـردووە، ئـەو راپۆرتـەی ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان کـردووە بـە نووسـراوی (193) لـە (2011/7/20)، کـە پوختـەی کۆنووسەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کۆنووسی ژمارە (102)، رێکەوتی 2011/7/19

ئاماژە بە هەردوو نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان:

1- نووسـراوی ژمـارە (ك/498) لـە (2011/5/5)، هـاوپێچ لەگـەڵ وێنەیـەك لـە دەقـی پـرۆژە یاسـای (هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە 26ی ساڵی 2007)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشنیارکراوە، لە دانیشتنی ژمارە (12)ی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2011/5/3) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

2- نووسراوی سەرۆکایەتی ژمارە (ك/499) لە (2011/5/5)، هاوپێچ لەگـەڵ وێنەیـەك لـە دەقـی پـرۆژە یاسـای (هـەموارکردنی یەکـەمی یاسـای ژمـارە 26ی سـاڵی 2007)، کـە لەلایـەن سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان پێشـنیار کـراوە بـە نووسـراوی ژمـارە (765) لـە (2011/4/3)، کـە لـە دانیشتنی ژمارە (12)ی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2011/5/3) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

هەردوو پرۆژە یاساکە دەربارەی هەموارکردنی یاسای باجی دەرامەتە لە هەرێمی کوردستان، لیژنەکەمان بە هەماهەنگی لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی میوانـداری نوێنـەرانی وەزارەتـی داراییـان کـرد لـە لیژنـەی یاسـایی لـە ڕێکەوتی (2011/6/27) بۆ گفتوگۆ کـردن لەسـەر ئـەم پـرۆژە یاسـایە، چـەندین بـیرو بۆچـوون لـەنێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕ کرا لەو بارەیەوە. میوانەکان بریتی بوون لە بەڕێزان:

⋆ بەڕێز بێستون محمد کریم/ بەڕێوەبەری گشتی باجەکان/ سلێمانی

⋆ بەڕێز نیهاد ابراهیم جۆزەلی/ بەڕێوەبەری باجەکان/ هەولێر

⋆ بەڕێز عبدالجبار رشید محمد/ بەڕێوەبەری جێبەجێ کار/ سلێمانی

بـۆ ئـەم مەبەسـتە لیژنەکـەمان (102)ـەمین کۆبوونـەوەی نائاسـایی خـۆی ئەنجامـدا لـە بـەروار ی (2011/7/19)، بۆ لێکۆڵینەوەو بڕیاردان لەسەر هەردوو پرۆژە یاساکەو، بەزۆرینەی دەنگی ئامادە بووان گەیشتە ئەم تێبینی و بڕیارانەی خوارەوە:

یەکەم/ تا ڕادەیەك هەردوو پرۆژەکە نـزیکن لەیەکـەوە، بـەلأم ئـەو پرۆژەیـەی کـە لـە حکومەتـەوە هاتووە ڕوونترو فراوانترە، بۆیە لیژنەکەمان هەوڵ دەدات لەم کۆنووسەدا کـەڵك وەرگرێـت لەهـەردوو پرۆژەکـە، بـۆ کەم کردنەوەی قورسایی دانی باج لەلایەن هاوواڵتیانەوەو، کەمکردنەوەی ڕۆتـین و ئـاڵۆزی و دواکـەوتن لـە جێبەجێ کردنی مامەڵەی هاوواڵتیان، بەم شێوەیەی لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکرێت.

دووەم/ دەربارەی (یەکەم) لە پرۆژەی پێشنیارکراوی حکومەت دەربارەی پووچەڵ کردنەوەی بڕگەی (ثانیاً) لە (المادة الثانیة)، کە لە پرۆژەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیشدا هاتووە، لـە یاسـای ژمـارە (26)ی سانی 2006و، هەموارکردنی بڕگەی (2) لە بڕیاری (520)ی سانی 1987، کە لە پرۆژەی حکومەتدا بـەم شێوەی خوارەوە هاتووە:

{تعفى من الضريبة معاملات الهبة بين الأبوين والأبناء وبين الزوجين مهما تكررت وبغض النظر عن جنس العقار واستخدامه وبغض النظر كون الواهب والموهوب له مقيماً او غير مقيماً}.

بڕیاری لیژنە:

لیژنەکەمان ڕەزامەندە لەسەر دەقی ئەم گۆڕانکاریەو، پێشنیار دەکات بە زیاد کردنی وشـەی (الاشقاء)، واتـا { بين الأبوين والأبناء والأشقاء}.

سێیەم/ دەربارەی (دووەم) لـە پـرۆژە یاسـای حکومـەت لـەبارەی پووچـەڵ کردنـەوەی (سـێیەم) لـە مـاددەی (2)ی یاسای ژمارە (26)ی سانی 2007، کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیش ئاماژەی بـەم پووچـەڵ کردنەوەیە داوەو، گەڕانەوە بۆ بڕگەی (20)ی ماددەی (7)ی یاسـای بـاجی دەرامـەت ژمـارە (113)ی سـانی 1982 هەموارکراو و، هەموارکردنی بڕگەی (20) بەم شێوەیەی خوارەوە:

یاخود (أ) وەکو لە پرۆژەکە هاتووە:

أ- الدار او الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع.

ب- قطعة ارض واحدة معدة للسكن على ان لا تزيد مساحة الأرض المعدة للسكن المذكورة على (800) متراً مربعاً، فأن زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة.

ج- لا يستفيد المكلف من الأعفاء الوارد في البندين (أ و ب) من هذه الفقرة الا مرة واحدة خلال خمس سنوات من تأريخ التمتع بالأعفاء.

د- تلغى (د، هـ، و، ز، ح، ط، ي) من الفقرة (20) من المادة السابعة من القانون.

بەڕێز خورشید احمد سلیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

چوارەم/ دەربارەی (سێیەم) لە پـرۆژە یاسـای حکومـەت کـە ئامـاژە بـە کـارکردن بـە (حەوتـەم) دەکـات لـە (ماددەی دووەم) لە یاسای ژمارە (26)ی سانی 2007، کە ژمارەی یاسایی ئەنـدامانی پەرلـەمانیش ئامـاژەی